


# دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق

## نید پارکەر: جیهان پێشوازی لەدەوڵەتێکی فاشیلی دیکە دەکات

## Welcome to the World's Next Failed State

نید پارکەر ڕۆژنامەنووســـی ناســـراوی ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلوس تایمز و لەســـاڵی ٢٠٠٣-٢٠٠٥ کاری ڕووماڵی هەواڵ و ڕووداوەکانی عێراقی بۆ ئاژانســـی فرانس پرێس کردووە و لە٢٠٠٩- ٢٠١١ش ســـەرۆکی بیرۆی پەیامنێرانی لۆس ئەنجلوس تایمز بووە لەبەغدا، ئێســـتا توێژەرە لەپرۆگرامی سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت لەئامۆژگای پێوەندییەکانی دەرەوە (CFR)، لەتازەترین نووســـینیدا کە لەژمارەی مارت و نیســـانی گۆڤاری بەناوبانگی فۆرن ئەفیرز بڵاوکراوەتەوە، نید پارکەر وەك ڕۆژنامەنووسێکی مەیدانی و توێژەرێکی ئەکادیمی بەو ناونیشانە وتارەکەی خۆی لەگۆڤاری فۆرن ئەفیرز بڵاو کردۆتەوەو تیایدا ڕاشـــکاوانە ئاماژە بەوە دەکات کە عێراق وەك دەوڵەت بەرەو دەوڵەتی فاشـــیل هەنگاو هەڵدەگرێت و نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانیش لاسایی سەدام دەکاتەوە و هەمان پرانسیپ دووبارە دەکاتەوە «پێش هەموو شتێك خۆم و هێزەکانی گاردی پاسەوانی و ئەمنیش دەبێت بێ بەزەیی بن» نید پارکەر کە ئەم دیراسەتەی لەبەرەنجامی گەڕانی بەعێراقدا نووسیووە، بەمجۆرە باس لەعێراق دەکات:

((نۆ ساڵ دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕژێمی سەدام حوسێنیان ڕووخانـــد و چەند مانگێکی کەم دوای ئەوەی دوایین ســـەربازی ئەمریکا لەعێراق کشایەوە، ئەو وڵاتە لەدەوڵەتی فاشیل نزیکدەبێتەوە، نوری مالیکی سەرۆك وەزیران، سەرۆکایەتی سیستمێك دەکات کە لێوان لێوە لەفەســـاد و دڕندەیی، بەجۆرێك هێزەکانی ئاســـایش و میلیشیا بەکاردەهێنن بۆ سەرکوتکردنی دوژمنەکانیان و ترساندنی هاووڵاتیان، یاسا تەنیا وەك چەکێك بوونی هەیە بۆ دەستگیرکردنی نەیارانیان و شاردنەوەی تاوانەکانیان لەهاوپەیمانەکانیان، ئەو خەونەی کە هەبوو عێراق لەلایەن ســـەرکردە هەڵبژێردراو و بەرپرسیارەکانەوە حکومڕانی بکرێت، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەپوکێتەوە، دەوڵەتی عێراق ناتوانێت خزمەتگوزارییە ســـەرەکییەکان دابین بکات، وەك کارەبای بەردەوام لەهاویندا، ئاوی خواردنەوەی پاك، چاودێری تەندروستی شایســـتە، وێڕای ئەمانەش بێکاری لەنێو لاواندا گەیشتۆتە ٣٠٪ و ئەمەش بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو لاوانە بەئاســـانی بگۆڕدرێن بـــۆ گرووپی مافیای چەکدار و میلیشـــایی چەکدار.. کورد لەم بارودۆخەدا زۆر بەهەســـتیاری لەگەڵ ئەو دۆخەی بەغدا مامەڵە دەکەن، ئەولەویەتیان ئەوەیە ئەو خـــۆ بەڕێوەبردنەی هەرێمەکەیان بپارێـــزن و ڕێگە نـــەدەن حکومەتێکی ســـەنترالی بەهێز لەبەغدا دروســـت بێتەوە، وەك ئەو حکومەتەی کە لەســـەدەی بیستەمدا و لەســـەردەمی سەدام حوسێندا گەماڕۆی خســـتە سەر کوردستان و گوندەکانی بۆمبارانکردن.. لـــەم بارودۆخەدا تاکێکی مالیکی وەك ئەوانەی پێش خۆی وایە، هەر لەڕژێمە پادشـــاییەکانی دوای ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەوە تا دەگاتە عەبدولکەریم قاسم و خودی سەدام حوســـێنیش، کە ئێســـتا مالیکیش هەمان پرانسیپ پیادە دەکات: (خۆت بخە پێش هەموو شتێك، هێزەکانی پاسەوانی ڕژێم و ئەمن با هیچ ڕەحم نەکەن).



# ئەو عێراقەی بەخوێنی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەدیکتاتۆریەت ڕزگار کرا خەریکە دووبارە مالیکی خۆی دەکاتەوە بەدیکتاتۆر



ئێستا خەریکە بەتەواوەتی ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەبێت کە کێشەی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران لەگەڵ تێکڕای پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق بەکورد و سوننە و شیعەوە، کێشەی تایبەتی هیچ کام لەو پێکهاتانە نییە لەگەڵ نوری مالیکی وەك شەخس وەك سەرۆکی حزبی دەعوا، بەڵکو کێشەیە لەگەڵ ئاراستەیەکی دیاریکراو کە پێچەوانەی بونیادنانەوەی ئەو عێراقەیە کە بەخوێنی لاوانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لەدەستی دیکتاتۆریەت ڕزگارکرا، جێگەی شانازیشە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان کە هێزی پیشمەرگەی کوردستان بۆ یەکەم جار لەمێژوودا بەشێك بووە لەو هاوپەیمانییە نێودەوڵەتیەی کە ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆری لەعێراقدا ڕووخاند، هەربۆیە ئەگەر هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کە پرۆسەی ئازادکردنی عێراقی خستە سەرشانی خۆیی و ئامادەبوو لەپێناوی

**پارێزگاریکردن لەعێراق دوای دیکتاتۆریەت و ڕێگە گرتن لەدووبارە سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرێکی دیکە، ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتیانەیە بۆ کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی**

ڕووخانی دیکتاتۆریەتدا قوربانی بەهەموو شتێك بدات و هەموو بەرژەوەندی نێوان دەوڵەتانی زلهێز وەلابنێت و لەچوارچێوەی هاوپەیمانییەکی ئارەزوومەندا ڕووبەڕووی دیکتاتۆریەت ببێتەوە و بیرووخێنێت، ئەوا پارێزگاریکردن لەعێراق دوای دیکتاتۆریەت و ڕێگە گرتن لەدووبارە سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆرێکی دیکە کە ئێستا زۆر بە ڕاشکاوانە لەڕەفتارەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیراندا ڕەنگی داوەتەوە، ئەوا دیسان یەکگرتنەوەی هەڵوێستی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بۆ دووبارە ڕێگرتن لەسەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەت، ئەرکێکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتیانەیە و دووبارە بۆ کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی جێگای شانازییە، کە بەڕێز مسعود بارزانی ئەمجارە وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەردەی لەڕووی دیکتاتۆریەت هەڵماڵی و زۆر بوێرانە ڕووبەڕووی وەستایەوە و سنوورێکی بۆداناوە، بۆیە لەم بازنەیەدا کە سەرۆك بارزانی هەموو جیهانی لەتاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی مالیکی ئاگادار کردەوە، ئێستا ئاکامەی گەیشتۆتە ئەوەی کە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئیقلیمی و ئەوروپی و نێودەوڵەتی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پشتگیری بۆ هەڵویستە دیموکراتیەکانی سەرۆك بارزانی زیاتر دەبێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش نوری مالیکی وەك سەرۆك وەزیرانێکی دیکتاتۆر زیاتر گۆشەگیر دەکرێت.

**دوای تێپەڕبوونی ٩ ساڵ بەسەر ڕژێمی پێشووی عێراقدا هێشتا عێراق لەژێر فەسڵی حەوتەم نەهاتۆتە دەرەوە**

### سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەت نەك تەنیا هەڕەشە لەعێراق، بەڵکو لەئاسایشی نێودەوڵەتیش دەکات

عێراق بۆ خرایە ژێر فەسڵی حەوتەمی نەتەوەیەکگرتووەکان؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە دیکتاتۆریەتی سەدام حوسێن گەیشتە ئەو ئاستەی دوای ئەوەی پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگواستنی لەدژی گەلەکەی خۆی پیادەکرد، بووە هەڕەشە لەسەر دراوسێکانی و دەوڵەتی کوەێتی داگیر کرد، بەڵام پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی دوای تێپەڕبوونی ٩ ساڵ بەسەر ڕژێمی پێشووی عێراقدا هێشتا عێراق لەژێر فەسڵی حەوتەم نەهاتۆتە دەرەوە؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارەش ئاسانە لەبەر ئەوەی هێشتا لەعێراقدا سیستمێکی سیاسیی سەقامگیری ئەوتۆ دروست نەبووە کە جێگەی متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت و جیهان لێی دڵنیا بێت کە چیدیکە ئەم سیستمە هەڕەشە لەسەر گەلەکەی و دەوڵەتانی دراوسێی و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دروست نەکات، کەواتە مانەوەی عێراق لەژێر فەسڵی

**هێشتا لەعێراقدا سیستمێکی سیاسیی سەقامگیری ئەوتۆ دروست نەبووە کە جێگەی متمانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێت**

حەوتەم واتە مانەوەی عێراق لەژێرچاودێری نێودەوڵەتی و هەنگاوەکانی عێراق بۆ بڕینی قۆناخی ئێنتیقالی لەدیکتاتۆریەتەوە بەرەو دیموکراتی، لەم قۆناخەدا کە ماوەی زیاتر لە٦ ساڵە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانە، عێراق نەك هەر نەیتوانیووە هەنگاو بەرەو دیموکراتی هەڵبگرێت، بەڵکو لەسایەی سیاسەتە هەڵەکانی مالیکیەوە عێراق ڕووبەڕووی شەڕێکی مەزهەبی ناوخۆیی ئەوتۆ بووەوە کە گەیشتە ئەوەی وەك ستیفن بیدل گەورە تۆژەری ئەنجوومەنی پێوەندییەکانی دەرەوە بڵێت (کە بەغدا دەبینین. سایگۆنمان بیر دەکەوێتەوە) ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی کە لیژنەی دیراسەتی عێراق دابمەزرێت و پاشان ئەمریکا بڕیاری زیادکردنی بەپەلەی هێزەکانیدا کە بەپرۆسەی (surge) ناسراوە، ئەم زیادکردنە توانی تاڕادەیەك شەڕی مەزهەبی نێوان شیعەو سوننە کۆتایی پێبێنێت، بەڵام نەیتوانی بنەماکانی

**گەورەترین هەڵەی ئەمریکا لەهاوینی ٢٠١٠ ئەوەبوو کە بێلایەنی خۆی واز لێهێنا و پشتی مالیکی گرت بۆ ئەوەی بەسەر عەللاویدا ببێتە سەرۆك وەزیران**

دیموکراتی لەعێراقدا بچەسپێنێت، نید پارکەر لەتوێژینەوەکەیدا بەناونیشانی (جیهان پێشوازی لەدەوڵەتێکی فاشیل دەکات) بەمجۆرە کەمتەرخەمی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا دەخاتەڕوو نووسیوویەتی: (عێراق ئەو عێراقە نییە کە ئەمریکا پلانی داڕشت بۆئەوەی ڕژێمی پێشوو بڕووخێنێت، ئامانجی سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوەبوو دەوڵەتێکی دیموکراتی دابمەزرێت و ئازادییە مەدەنییەکانی تێدا بچەسپێت، دەسەڵاتی دادوەری دووربێت لەسیاسەت و ئازادی ڕادەربرین هەبێت، بەڵام ئەم ئامانجانە هەر لەیەکەم ڕۆژی داگیرکردنی عێراقەوە ڕووبەڕووی مەترسی بوونەوە ئەویش بەهۆی چەند هەڵەیەکەوە، لەوانە: ئەمریکا نەیتوانی هێزی پیویست بۆ سەقامگیری ئەو وڵاتە بنێرێت، هەروەها سوپای عێراقی هەڵوەشاندەوە و بواری دا کە پاکسازی ئەندامانی حزبی بەعس

**دانەوەی دووبارە متمانە بەمالیکی لە ڕێککەوتنەکەی هەولێر بەو مەرجە بووە واز لەتاکڕەوی و پاوانکردنی دەسەڵات بهێنێت**

لەوەزارەتەکان بکرێت، لەکاتێکی زۆر درەنگدا ئیدارەی بوش بەهەزاران سەربازی نارده عێراق بۆئەوەی شەڕی ناوخۆ ڕابگرێت.. لەم چوارچێوەیەدا بەتەنیا مالیکی و گروپەکەی بەرپرسیار نین لەسەر بێ ئومێدبوون لەسەر دیموکراتی عێراق، بەڵکو لەچەند مانگی کۆتایی ئیدارەی بوش و دەسپێکی ئیدارەی ئۆباما، لەبری ئەوەی ئەمریکا جەخت لەسەر چەسپاندنی پرانسیپەکانی دیموکراتی بکاتەوە، واشنتۆن بیری لەوە دەکردەوە چۆن پێوەندیەکی دوورمەودا لەگەڵ عێراق دابمەزرێنێت، بەتایبەتیش لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئێستای عێراق، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی ئاسانکاری زیاتر دروست بێت بۆ کشانەوەی هێزەکان. لەم پرۆسەیەدا ئەمریکا شکستی هێنا بەوەی سوود لەو دەسکەوتانە وەربگرێت کە لەئاکامی زیادکردنی هێزەکانی بەدەستی هێنابوو، گەورەترین هەڵەی ئەمریکا لەهاوینی ٢٠١٠ ئەوەبوو کە بێلایەنی خۆی واز لێهینا و پشتی مالیکی گرت بۆ ئەوەی بەسەر عەللاویدا ببێتە سەرۆک وەزیران)).

هەستکردن بەم کەمتەرخەمیانە هەتا ئەگەر لەسەر ئاستی ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستیانەش بێت، ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەخات کە خەریکە لەناو ڕای گشتی ئەمریکا و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە هەست بەوەدەکرێت کە ناکرێت بەرامبەر تاکڕەوی و دیکتاتۆریەتی سەرۆک وەزیرانی عێراق بێدەنگ بن، لەمەش گرنگترە کە نید پارکەر جەختی لەسەر دەکاتەوە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی هەولێرە، کە لەئاکامی دەستپێشخەرییەکەی

**بەداخەوە ئەمڕۆ ئیرادە هەیە بۆ لێکهەڵوەشاندنەوەی عێراق تەنانەت گەر ئەو حەزەشیان نەدرکێنن**

بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان هەموو لایەنەکان گەیشتنە ڕێککەوتن، ئەو بەوجۆرە وەسفی ڕێککەوتنی هەولێر دەکات، بەوەی متمانە دانەوە بەمالیکی بۆ ئەوەی لەم خولەشدا پۆستی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی عێراق وەربگرێتەوە، بەو مەرجە بووە واز لەتاکڕەوی و پاوانکردنی دەسەڵات بهێنێت، ئەویش لەدەستبەدار بوونی لەفەرماندەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ئاسایش و دەست هەڵگرتنی لەدەستێوەردانی ڕاستەخۆی لەکاروباری وەزارەتەکان، لەمەش گرنگتر بەپێی ڕێککەوتنی هەولێر پۆستی ئەنجوومەنی سیاسەتە باڵاکان دانرابوو بۆ ئەیاد عەللاوی، هەروەها پۆستی وەزارەتی بەرگریش دەدرایە لیستی ئەلعراقیە، پارکەر وێڕای ئەوەی ئاماژە بەوەدەکات ئەمریکا شانازی بەسەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە دەکرد، بەڵام لەجێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنەکە وەك پێویست هەڵوێستی

**ململانێ و ڕکابەرییەکان تەنیا بۆ وەدەستهێنانی پشك و بەرژەوەندییە و زۆربەی ئەو دروشمانە درۆن کە لەمیانی قەیرانەکاندا بەرزدەکرێنەوە**

نەبووە لەمبارەوە، سەبارەت بەم لایەنە لەدیراسەتەکەی ئاماژەی بەوەکردووە: (ئەمریکا شانازی بەم ڕێککەوتنە دەکرد بەوەی توانیویەتی حکومەتێکی غەیرە تائیفی لەعێراق دابمەزرێت. بەڵام واشنتۆن زوو خۆی کێشایەوە لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە، جۆزیف بایدن کە کەسی ڕاسپێردراوە لەئیدارەی ئۆباما بۆ سیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا لەو کاتەوەی پابەندبوون بەڕێکخستن و دابەشکردنی دەسەڵات لەعێراقدا پشتگوێ خراوە، بایدن بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر بزرە... لەناو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەبەغدا، بەرپرسانی ئەمریکی لەناو خۆیاندا گلەیی ئەوەیان هەیە کە مالیکی ئەو دابەشکردنەی دەسەڵاتی ڕەتکردۆتەوە کە پێشتر بەڵێنی دابوو، بەڵام بەئاشکرا بێدەنگیان هەڵبژاردووە، تەنانەت لەو کاتەشی کە مالیکی هێزی بەکارهێنا بۆ گرتن و تەنگ پێهەڵچنینی

**پێویستە مەرجەعییەتی ئایینی هەڵوێستی توند و یەکلاکەرەوەی هەبێت و دەرگاکان بکاتەوە و قسەی خۆی بکات**

نەیارەکانی، لەحوزەیرانی ڕابردوو کاتێك لەبەغدابووم بۆچی باڵیۆزخانەی ئەمریکا هیچ سەبارەت بەو شاڵاوانە ناڵێت کە دژی دیموکراتی دەکرێن، ئەوان وتیان ئیدارەی ئەمریکا بەشێوەیەکی ئاسایی دیالۆگ لەگەڵ مالیکی سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ دەکات، زیاتر جەخت لەسەر بونیادی پێوەندیەکی ئەمنی لەگەڵ حکومەتی عێراق دەکاتەوە، بەڵام بەچاو پۆشینی لەئیستیبدادی مالیکی ئەوا بەرپرسانی ئەمریکی لەعێراق زەمینەی ئەوەیان خۆشکردووە، ئێستا هیچ سیاسیەك و بەرپرسێکی پایەداری دەوڵەت نییە هەست بەوە نەکات کە مالیکی یاسا پێشێل دەکات و دەوڵەتی خستۆتە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە، مالیکی هێشتا ئەو هێزەی نییە هەموو نەیارەکانی خۆی تەسفیە بکات، بەڵام ئەو لە هەوڵی ئەوەدایە دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بچەسپێنێ بەڕێگەی بەکارهێنانی ترس و ترساندن و مەحسوبییەت)، کەواتە لێرەوە و لەبەر ئەوەی بەپێی بۆچوونی نید پارکەر بارودۆخەکە بەم ئاستە گەیشتووە، ئەوا پێویستە بۆ ئەوەی ئایندەی عێراق لەشەڕ و فەساد و حکومڕانی تاکڕەوی دووربخرێتەوە، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆئەوەی کە لەعێراقدا دەسەڵات دابەش بکرێت و بنەماکانی دیموکراتی بچەسپێنرێت و هەروەها ئەو گرێبەستەی کراوە بۆ ئەوەی فرۆکەی ئێف ١٦ بدرێتە عێراق هەڵبوەشێنرێتەوە و مالیکی لەتاکڕەوی دابماڵرێت و ئەو بەندیخانە تایبەتانەی هەیەتی کە هەموویان

**گۆڕینی شێوەی سیستەمی حوکمڕانی بۆ سەرۆکایەتی نەك پەرلەمانی بۆئەوەی جەمسەرەکان ڕکابەریی یەکتری بکەن لەسەر یەك پۆست**

بەندیخانەکانی سەردەمی ڕژێمی سەدام حوسێنن و بەندیخانەی نهێنن و بۆ ئازار و ئەشکەنجەدانی نەیارانی سیاسیی خۆی بەکاری دەهێنێت، ئاشکرا بکرێن و دابخرێن.

### هەڵبژاردنی پێشوەختە
### یان گۆڕینی سەرۆك وەزیران

هەرچۆنێك سەیری بارودۆخی سیاسی عێراق دەکەین، بارودۆخەکە لەوە دەرچووە ئومێدیك هەبێت بۆئەوەی چاوەڕێی چارەسەرکردنی بکرێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا یان ئەوەتا دەبێت پەرلەمان متمانە لەسەرۆك وەزیران بسەنێتەوە و حکومەتێکی تازە پێکبهێنرێتەوە، یانیش ئەوەیە دەبێت پەرلەمان هەڵبووەشێتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجامبدرێت، لەم ساتەوەختدا پەنا بۆ هەر کام لەدوو ڕێگە ببرێت، ئەوا ئاماژەی ئەوەمان دەداتێ کە بارودۆخەکە پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر عامر حەسەن فەیاز ڕاگری کۆلێژی زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی بەغدا لەلێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسەر پرۆسەی سیاسیی ئێستا هەڵوەستەی کردو وتی: (دیمەنی سیاسیی ئێستای عێراق ئاراستەیەکی ترسناکی بەخۆیەوە گرتووە، پێشتر لایەنە سیاسییەکانی عێراق بیروبۆچوونیان دیاربوو لەسەر دیموکراتی و دژایەتیکردنی پاشماوەکانی دیکتاتۆری لەعێراقدا، بەڵام ئەمڕۆ خودی پرسە سیاسییەکە کەوتۆتە مەترسییەوە، پێدەچێت چیدیکە لایەنە سیاسییەکان بایەخ بەو دەسکەوتانە نەدەن کە لەدوای ٢٠٠٣ـەوە لەعێراق بەدیهاتوون، ڕاستە ئێستا لەنێوان پێکهاتە سیاسیەکاندا بێ متمانەیی هەیە، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت بێ متمانەیی لەنێوان خەڵکی عێراق و تەواو لایەنە سیاسیەکانیش دروست ببێت، هەربۆیە بەڕای من ئەگەر سروشتی پێوەندیی نێوان پێکهاتە سیاسییەکان لەسەر بنەمای ڕکابەری بێت، ئەوە هیچ زەرەر و زیانێکی لێ ناکەوێتەوە، بەڵام وادیارە سروشتی پێوەندییەکان ئاراستەیەکی دوژمنایەتی گرتۆتەبەر، بەواتای بۆتە پێوەندییەکی کاولکاری و هەڵبەتە پێوەندیی کاولکاری زیان بەهەموو هاوبەشەکاندا دەگەیەنێت، لەلایەنێکی دیکەوە ئەگەر مەسەلەکە پەیوەست بێت بەسەندنەوەی متمانە لەسەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دەبینین ئەمڕۆ هەموو لایەنێك پاساوێکی هەیە — کە لەوانەیە لەڕووکەشیدا پەسەند بێت — بۆ ڕووخاندنی لایەنی بەرامبەر، بۆنموونە کاتێك کە مەسەلەی سەندنەوەی متمانە لەسەرۆك وەزیران خرایەڕوو بەهۆی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنەکەی هەولێر، بەڵام ڕێککەوتنی هەولێر خۆی سەفقەیەکە ئەگەر متمانە لەسەرۆك وەزیران وەربگیرێتەوە، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە بەشێك لەڕێککەوتنەکە بردرا، لەبەر ئەوەی بەپێی ڕێککەوتنی هەولێر مالیکیی بووە بەسەرۆك وەزیران، بۆیە یان دەبێت باسی گۆڕانکاری بەپێی ئەو ماوەیە بکەین کە دانراوە و ماوەکەی چوار ساڵە، دەکرێت لەڕێگەی سەندووقەکانی دەنگدانەوە سزای کەسانی کەمتەرخەم بدرێت، ڕاستە ئەزموون هەن کە تیایدا حکومەت بۆ ساڵێك یان دوو ساڵ لەژێر تاقیکردنەوە بووە و هەڵبەتە هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین ئەو حکومەتەی کە پێکهێنرا حکومەتی



شێخ جلالەدین سەغیر بۆ گوڵان:

## کێشە سەرەکیەکەی عێراق تەجاوزکردنە لەسەر سنوورە دەستوورییەکان

زۆرینە نەبوو، بەڵکو حکومەتی شەراکەت بوو، هەرچەندە حکومەتی شەراکەت ناسراوە بەعەدالەت بەرامبەر لایەنە سیاسییەکان و لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی نێوان لایەنەکاندا پێکهێنراوە، بەڵام حکومەتەکانی شەراکەت و یەکێتی نیشتمانی هەمیشە حکومەتگەلێکی ناسەقامگیرن، لەکاتێکدا حکومەتی زۆرینە کە هەرچەندە لەڕووکەشیدا حکومەتی ناعەدالەتن، بەڵام مایەی وەدیهێنانی سەقامگیریی حکومییە، بەڵام ئایا گەلی عێراقی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە تیایدا حکومەتی زۆرینە هەرسبکات؟ لێرەدا چەندین بیروبۆچوونی جیاواز هەیە کە هەندێك کەس بانگەشە دەکەن بۆ دەسپێکردن بەکاری دروست لەڕێگەی جێبەجێکردنی دەستوور لەکاتێکدا هەندێك کەسی دیکە بانگەشە دەکەن بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە، لەکاتێکدا لەنێوان ٢٠٠٥ — تاکو ٢٠١٠دا بوار و توانا هەبوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینە، بەڵام زۆرینە هەوڵ و کۆششیان هەبوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی شەراکەت بەهۆی لەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکانی قۆناخی گواستنەوە لەعێراقدا).

بەڵام شێخ جلالەدین سەغیر کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیە و یەکێکە لەکەسایەتیە دیارەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی عێراق، سەبارەت بەبارودۆخی ئەمڕۆی عێراق پرۆسەکە بەو جۆرە دەبینێت کە مەزندە نەدەکرا بگاتە ئەم ئاستە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا و لەلێدوانێکی تایبەت بۆ گوڵان سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی عێراق وتی: (مایەی داخە کە گەیشتووینەتە ئەم ئاستە کە تیایدا مەسەلەکان تێکهەڵکێش بوونە، کە دەکرێ ناوی لێ بنرێت بەئاڵۆزترین کێشە کە ڕووبەڕووی پرۆسە سیاسییەکە بۆتەوە، هەرچەندە چارەسەرەکان ئاسانن، بەڵام ئیرادەکان ڕەتیانکردەوە ئاوڕ لەو چارەسەرە ئاسانانە بدەنەوە و زیاتر هەوڵیانداوە بۆ هەڵکشانی قەیرانەکە، کاتێك کە دەڵێم «چارەسەری ئاسان» ئەوە مەبەستم لەوەدایە کە میکانیزمی بەکارهێنراو یاخود ئەو میکانیزمانەی کە پێویستە پیادەبکرێن لەپرۆسەی دەستووری، بریتییە لەگەڕانەوە بۆ دەستوور و بۆ دادگای ئیتیحادی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، بەڵام زۆر بەداخەوە هەموو مەسەلەکان شێوێندراون بەوشێوەیەی کە هەموو مەسەلەکانی زۆر ئاڵۆزکردووە و لەئاکامیشدا گەیشتووینەتە ئەم قەیرانەی ئەمڕۆمان کە من زیاتر ناوی لێ نانێم قەیران، بەڵکو زیاتر پێموایە بۆتە گرێ کوێرەیەك بەوئاستەی کە چارەسەرکردنی زەحمەت بووە. هەربۆیە من پێموایە گۆڕانکاری پێویستە لەبەرئەوەی ئەگەر ئەدای سیاسەتمەدارەکانمان باش بوایە، ئەوە هەرگیز نەدەگەیشتینە ئەمڕۆمان، بۆیە لەئاکامدا هەر دەبێ گۆڕانکاری ڕووبدات بەڵام ئەو کێشەیەی کە لەسەرەتادا ئاماژەمپێکرد بەئاسان ئێستا ئاماژەی پێدەکەم وەکو کێشەیەکی ئاڵۆز، کێشەکەیش لەوەدایە کە دەستوور چەند بژاردنێکی ئاسانی فەراهەم کردووە، بەڵام ئێمە مەسەلەکانمان بەتەواوەتی لەسەر

خۆمان ئالۆز کردووە، هەربۆ نموونە دادگای ئیتیحادی بەسیاسەتکراوە و ئەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرایە کە دادگای ئیتیحادی یەکێك بوو لەتوخمە سەرەکییەکانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، بەڵام پاش ئەوەی بەسیاسەتکرا و دەستێوەردانی تیا ئەنجامدرا، ئەوە بەکەڵکی ئەوە نەما چیتر ببێت بەمیکانیزمێك بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، ئەگەریش هات و وڵات هیچ میکانیزمێکی نەبوو بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان ئەوە ئەوکات مەسەلەکان لەو وڵاتەدا زۆر تێکهەڵکێش و ئالۆز دەبن، سەبارەت بەلایەنەکانی دیکە تەنانەت گەر لەڕووی بەسیاسەتکردنی دادگا بێت یان لەڕووی تاکرەوی لەدەسەڵات یان لەڕووی خراپی بەکارهێنانی پارەکانی دەوڵەت یان نەوتی دەوڵەت ...و تاد. ئەوە ئەم هەموو مەسەلانە دەرهاوێشتەن و پاش



عامر حەسەن فەیاز بۆ گوڵان:

# سروشتی پێوەندیی نێوان پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق ئاڕاستەیەکی دوژمنایەتی گرتۆتەبەر

کێشە سەرەکییەکە دەردەکەون و کێشە سەرەکییەکە بریتییە لەوەی کە تەجاوز هەیە لەسەر سنوورە دەستوورییەکان، بەواتای دەستوور دادگای ئیتیحادیی دامەزراندووە بۆئەوەی یەکلاکەرەوە بێت، بەڵام دەبینین بەشێوەیەك بارەکە هەڵکشاوە کە هیچ لایەنێك خۆی ناکات بە بەشێك لەیەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان، هەربۆیە ئێمە دوو بژاردنمان لەپێشە: یان ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا و بۆ ئەو شتانەی کە لەسەریان ڕێککەوتین و بگەڕێینەوە بۆ دەسپێك و بەسەفرکردنی قەیرانەکان، یانیش ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ میکانیزمەکانی دەستوور و هەڵبەتە ئەمەیش

وەدیدەهێندرێت لەڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی دادگای ئیتیحادی و دووبارە هەڵبژاردنەوەی بەوشێوەیەی کە هەمووان پەسەندی بکەن، بۆیە پاش ئەوەی هەموو لایەنەکان متمانەی پێ بکەن ئەوکات بەڕای من دەکرێ دادگای ئیتیحادی یەکلاکەرەوە بێت، بژاردنی سێیەم پەرتەوازەپێکردنی عێراقە، بەداخەوە ئەمڕۆ ئیرادە هەیە بۆ لێکهەڵوەشاندنەوەی عێراق تەنانەت گەر ئەو حزبەشیان نەدرکێنن، ئەگەر نا چ واتایەك هەیە لەپشت ئەو قەیرانانەی کە هیچ ڕۆژێك نییە کە تیایدا سەقامگیر بێت و هەر کاتێك کە کەمێك هێوریی بەخۆیەوە بینێ ئەوە بۆ ڕۆژی دواتر ئالۆزیی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت.. من هەر لەسەرەتای قەیرانەکانەوە هاووڵاتیانم ئاگادار کردووەتەوە کە هیچ شوێنێکیان نییە لەقەیرانەکان لەبەرئەوەی ململانێ و ڕکابەرییەکان تەنیا بۆ وەدەستهێنانی پشك و بەرژەوەندییە و زۆربەی ئەو درووشمانە دۆرن کە لەمیانی قەیرانەکاندا بەرزدەکرێنەوە، بەڵکو با لێرەدا کەس بەدوورنەخەمەوە لەمەڕووەوە، هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە گۆڕانکاری و چاکسازی خواستی هاووڵاتیانە، بەڵام ئەوە ٣ ساڵە سیاسەتوانەکان ململانێ دەکەن، ململانێ لەسەر چی دەکەن؟ سیاسەتوانەکان بەهیچ شێوەیەك ململانێیان نەبووە لەسەر هاووڵاتیان یان لەسەر بەرژەوەندییەکانی وڵات یان دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و بونیادنانەوەی عێراق و تەنانەت لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی عێراق-یش ململانێیان نەبووە، بەڵکو هەموو ململانێکانیان لەسەر بنەمای پشکی من و پشکی تۆ بووە و کێ سەرەتا وەریگرێت و کێ دوایین کەس دەستکەوتی هەبێت، بێگومان ئەم مەسەلانە دوورن لەتێگەیشتنی هاووڵاتی و هاووڵاتیان بژاردنیان لەبەردەمدا هەیە و بژاردنەکەیان بریتییە لەپرۆسەکانی هەڵبژاردن کە لەڕێگەیدا دەتوانن دیمەنە سیاسییەکە بگۆڕن)).

لەم بارودۆخەدا کەوەک شێخ جەلالەدین ئاماژەی پێکرد شتیکی ئەوتۆ نەماوە پەنای بۆ بردرێت، پرسیار ئەوەیە ئایا مەرجەعە ئایینیەکانی شیعە لەم بارودۆخە چ ڕۆڵێك دەگێڕن؟ بۆ ئەم ڕاپۆرتە ئەم پرسیارەمان ئاراستەی ئەسعەد ترکی سەرۆکی دامەزراوەی سەدرەین کردوو و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکەی گوڵانی دایەوە:(من لەیەکێك لەنووسینەکانمدا ئاماژەم بەوەکردووە

کە ئەمڕۆ مەرجەعییەتی ئایینی لەبەردەم ژمارەیەك بژاردندایە لەڕووی مامەڵەکردنی لەگەڵ گەل و تواناکانی و پێکهاتەکانی و هەروەها لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانیش:

یەکەم: یان ئەوەیە مەرجەعییەتی ئایینی بەهیچ شێوەیەك دەستێوەردان لەپرۆسەی سیاسی و کاروباری گشتی نەکات، ئەمەش لەڕووی فیکری ئیسلامییەوە دانپێنانە بەوەی پیاوانی ئایینی ناتوانن ڕابەرایەتی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگە بکەن و خۆشکردنی بوارە لەبەردەم لایەنەکانی دیکە، بژاردنی دووەم بریتییە لەدەستنیشانکردنی ناونیشانێکی سیاسیی یەکگرتوو و هەڵبەتە ئەمەیش پێگە مێژووییەکەی دەشێوێنێت، بژاردنی سێیەم بریتییە لە لەخۆگرتنی هەمووان لەژێر ناونیشانی چاودێریی باوکانە بۆ هەمووان و یەکڕیزی لەنێوان



ئەسعەد ترکی بۆ گوڵان:

# تاڕادەیەک دەسەڵات و نفووزی مەرجەعییەتی ئایینی لە عێراق لاوازبووە

هەموو لایەنەکان بێگومان ئەمەیش پێگە نموونەییەکەی دەشێوێنێت بەو ئیعتوبارەی کە پێویستە بنەما و میکانیزمەکان دابنێت بۆ هەندێك لەو ناونیشانەی کە لەگەڵیدا دەگونجێت بەهۆی جیاوازیی ئایدیۆلۆژییەتەکان، بژاردنی چوارەم ئەوەیە کە ماوە بۆ ماوە دەستێوەردانی هەبێت کاتێك کە مەرجەعییەتی ئایینی بەپێویستی بزانێت دەستێوەردان بکات یانیش ئەوکاتەی کە تیایدا سەرکردایەتییە سیاسییەکان داوای دەستێوەردانی لێ بکەن، بەڵام کاتێك کە مەرجەعە ئایینییەکان بانگەشەیان کرد بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ گەلی



عێراقی و بۆ تەرشیقکردنی حکومەت و کاتێك کە داوایانکرد بۆ داگرتنی ژمارەی نوێنەرەکانی سەرۆکایەتی کۆمار ئەوە بوو ژمارەیەك لەسەرکردە ئیسلامییەکان هەڵستان بەپشتگوێخستنی داواکاری و ڕێنماییەکانی مەرجەعییەتی ئایینی و کورسییەکانی خۆیان پاراست، هەربۆیە و لەئاکامدا مەرجەعییەتی ئایینی دەرگایان داخست لەڕووی هەموو سەرکردە سیاسییەکان، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە لەیادنەکەین کە ئەمڕۆ تاڕادەیەك دەسەڵات و نفوزی مەرجەعییەتی ئایینی لاوازبووە لەبەرئەوەی ڕێژەی بەشداربوون لەدوایین پرۆسەی هەڵبژاردندا لە.٪٥٠ بوو بەواتای نیوەی لایەنگران و دڵسۆزەکانی مەرجەعییەتی ئایینی دەنگیان نەدا کە پێچەوانە بوو لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی یەکەم و دەنگدان لەسەر دەستوور، هەربۆیە من پێموایە کە پێویستە مەرجەعییەتی ئایینی هەڵوێستی توند و یەکلاکەرەوەی هەبێت و دەرگاکان بکاتەوە و قسەی خۆی بکات لەم کەشوهەوا گرژەدا لەبەرئەوەی زۆربەی هاووڵاتیان بێئاگان لەو ناونیشانە سیاسییانەی کە ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی سیاسیدا هەن، بەڵکو هەر بەو ناونیشانە ڕۆیشتوونە کە لەڕێگەیدا گەلی عێراقی گوزارشتی کردووە لەناسنامە قەولەکەی لەفکر و عەقیدەکەی و لەزۆربەی بۆنەکانیشدا تەنانەت گەر لەسەر قۆناغەکانی محمد باقر سەدر یان ڕاپەڕینە شەعبانییە پیرۆزەکە یانیش لەقۆناغی شەهید سەدر-ی دووەم. بۆیە لەم قۆناخەدا پێموایە بەشێکی بەرپرسیارەتییەکان دەکەوێتە ئەستۆی هاووڵاتیان، بەڵام بەڕاشکاوەیی دەیڵێم کە بەرپرسیارەتییە سەرەکییەکە لەئەستۆی مەرجەعییەتی ئایینییە لەعێراق لەبەرئەوەی مەرجەعییەتی ئایینی یەکەم و دوایین پێشەنگ بووە، هەروەها لەسەر وتار و فرمانەکانی مەرجەعییەتی ئایینی بنەماکان و بڕبڕەی پشتی پرۆسە سیاسییەکە بونیادنرا و ئەو کەسانە دەستنیشانکران تەنانەت کە پێشتر هیچ بوونێکیان نەبووە لەشەقامی عێراقی، هەربۆیە پێموایە کە چارەسەرکردنی ئەم هەموو کێشە و ئیشکالییەتانە لە٣ شتدایە: یەکەم دامەزراندنی سیستەمێکی هەڵبژاردن کە مۆدێرن بێت و گوزارشتکار بێت لەواقیعی جەماوەر لەسەر شەقامی عێراقی، دووەم: هەڵکشان هەیە لەپۆست و دەسەڵاتەکانی کاربەدەستەکانی حکومەت، بۆیە دەبینین نزیکەی ١٠ کەسایەتی هەن بەڵام تەنیا ٣ پۆستی سیادی هەیە، بۆیە چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە بریتییە لەگۆڕینی شێوەی سیستەمی حوکمڕانی بۆ سەرۆکایەتی نەك پەرلەمانی بۆئەوەی جەمسەرەکان ڕکابەریی یەکتری بکەن لەسەر یەك پۆست و ئەوکات بڕیارەکە دەکەوێتە دەست گەلی عێراقی و ئارەزووی خۆی دەبێت متمانە بەکێ ببەخشێت، چارەسەری سێیەم بریتییە لە هەنگاونان بەرەو پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی سیاسی و بوونی لایەنەکانی دیکە بەئۆپۆزسیۆن، بەڵام بەو مەرجەی دوو شت ڕەخسابن بۆ وەدیهێنانی ئەم ئاڕاستەیە، یەکەمیان: یەکسانی لەڕووی ئیمتیازاتە ماددی و مەعنەوییەکان لەنێوان لایەنی دەسەڵاتدار لەدەسەڵاتی جێبەجێکاری لەگەڵ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لەدەسەڵاتی یاسادانان، لایەنی دووەم لەپێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی سیاسی بریتییە لەوەی کە پێویستە قەوارەی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمان هەڵستێت بەدەستنیشانکردنی لیژنەکانی چاودێری و سەرپەرشتی بۆ هەموو وەزارەتێکدا لەپێناو سەرپەرشتیکردنی شێوازی ئەدای قەوارە پەرلەمانییە حوکمڕانەکە)).



**دیڤید پۆڵاک بۆ گوڵان:**

# وتارەکەی سەرۆک بارزانی لەئامۆژگای واشنتۆن زۆر بابەتی گرنگی وروژاند، ئێمە بەدواداچوونمان لەسەر هەموو بڕگەکانی وتارەکەی هەیە

## دەزانین مالیکی مەیلی تاکڕەویی و خۆسەپێنی تێدا دروست بووە، بەڵام هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی دیکەی عێراق و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە نادەن سەدامێکی دیکە دروست بێتەوە

**دیڤید پۆڵاک کە ئێستا یەکێکە لەگەورە توێژەرانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، تایبەتمەندە لەسەر دینامیکیەتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێشتریش گەورە ڕاوێژکاری بۆردی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و ماوەی چوارساڵیش ڕاوێژکاری وەزیری سیاسەتی پلاندانانی ئەمریکا بووە، پرۆفیسۆر پۆڵاک یەکێکە لەو توێژەرانەی لەنزیکەوە ئاگاداری دۆسێی عێراق و کوردستانە و پێشتریش بۆ دیراسەتی بارودۆخەکە سەردانی عێراق و هەرێمی کوردستانی کردووە، هەروەها لەمیانەی سەردانەکەی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ ئەمریکا لەمانگی نیسانی ڕابردوو، پرۆفیسۆر پۆڵاک بەڕێوەبەری ئەو کۆڕە بوو کە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرێیدابوو، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و ئاڵۆزییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر دیڤید پۆڵاک ئەنجامداوە کە ئەمە دەقی ئەو وتووێژە تایبەتەی گوڵانە.**

*** خوێندنەوەتان چییە بۆ ئەو گرژی و ئاڵۆزیەی لەنێوان بەغدا و هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە سەرۆك بارزانی ڕایگەیاند مالیکی هەنگاو بەرەو بوون بەدیکتاتۆر هەڵدەگرێت؟**

- بەداخەوە گرژیەکی زۆر هەیە لەئاستە باڵاکاندا لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، لەڕاستیدا ئاماژەگەلێکی زۆر هەن کە ئەم دۆخە بەتەنیا لەنێوان هەولێر و بەغدا نییە، چونکە حکومەتی عێراق، حکومەتی مەرکەزی لەناوخۆیدا دابەش بووە، بەدڵنیاییەوە کێشەی جێگری سەرۆك کۆمار، تاریق هاشمی هەیە، هەروەها بەم دواییە موقتەدا سەدر، کە هەوڵیدا نزیك بێتەوە، یاخود پشتیوانی خۆی بۆ سەرۆك بارزانی و هەرێمی کوردستان بەکارهێنا دژی ڕکابەرەکانی لەبەشەکانی دیکەی عێراقدا. کەواتە دۆخێك لەئارادایە کە هەموو لایەك مانۆڕ دەکەن بۆئەوەی پێگەیەکی باشتریان هەبێت لەبەرامبەر ئەوانی دیکەدا، واتە بەلای کەمەوە، هەلومەرجەکە ئاڵۆزە و چاودێرانی دەرەکی -وەك من- نازانن چۆن خوێندنەوەی بۆ بکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، من گەشبینم بەوەی ئەمە سەرنەکێشێت بۆ قەیرانێکی سیاسی گەورە، یاخود تەنانەت خراپتر لەوە سەربکێشێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژ. پێموایە دەرفەتی ئەوە هەیە سازش لەسەر هەموو ئەو کێشانە بکرێت و هیوادارم لایەنە عێراقیەکان سوود لەو دەرفەتە وەرگرن، بەڵام ئەمە بەئاسانی یاخود بەخێرایی ڕوونادات.

*** هەموو لایەنە نیشتیمانییە عێراقیەکان ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە نایانەوێت مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت بڕوات و خوازیاری ئەوەن لەچوارچێوەی دەستووردا کاربکرێت، بەڵام ئەمە پێویستی بەپشتیوانی ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا هەیە، ئایا تا چ ڕاددەیەك پشتیوانی هێزە نیشتمانیەکانی عێراق دەکرێت لەم ڕووەوە؟**

- من دەڵێم ئەوەی پێوەندی بەهێزە دەرەکیەکانەوە هەبێت، لەنێویاندا ئەمریکا و بەدڵنیاییەوە ئەوروپاش، ئەوا دەستڕۆیشتوویەکی کەمتر و کەمتریان هەیە لەعێراقدا و لەڕاستیدا من چاوەڕوانییەکی زۆرم نییە لەئەمریکا لەم ڕووەوە، یاخود لەبرۆکسل یاخود هەر پایتەختێکی دیکەی ڕۆژئاوا، باوەڕم وایە وڵاتانی نزیك بەعێراق لەناوچەکەدا، کاریگەری زیاتریان هەیە لەسەر

**عێراق زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی دراوسێکانییەوە**

عێراق، بەدڵنیایەوە لەم ڕوەوە تورکیا، سعودیە و ئێران ڕۆڵیان دەبێت، کە ئەم دەوڵەتە دراوسێیانە هەوڵدەدەن کاریگەریان هەبێت لەسەر ڕەوتی ڕووداوە ناوخۆییەکانی عێراق و هێنانەدی بەرژەوەندیەکانیان. لەڕووی مەبدەئیەوە ئەمریکا و هێزە دەرەکیەکانی دیکە پشتیوانی دەستووری عێراق دەکەن، بەڵام زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە چۆن ئەم پشتیوانییەیان دەگۆڕن بۆ پشتیوانییەکی کۆنکرێتی و مومارەسەی نفوز و دەستڕۆیشتوویییەکی زۆر بکەن، لەو ڕووەوە عێراق زیاتر دەکەوێتە ژێر کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی دراوسێکانییەوە.

*** خوێندنەوەتان چیە بۆ هەڵوێستی سەرۆك بارزانی، کە ئێوە لەئامۆژگای واشنتۆن چاوتان بە بەڕێز بارزانی کەوت لەئەنستیتیوتی واشنتۆن؟**

- بەڵێ من شەرفمەند بووم بەپێشوازیکردن و میوانداری کردنی سەرۆك بارزانی لەئامۆژگای واشنتۆن، لەڕاستیدا ئەو وتارێکی گرنگی دا لەبارەی زۆرێك لەپرسەکانەوە، لەو کاتەوە ئێمە بەدواداچوون دەکەین بۆ گشت و لێدوانەکانی. لەڕاستیدا پێدەچێت بارودۆخەکە شێوەیەك

**هەڵوێست و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ ئاییندەی عێراق**

لەچەقبەستویی گرتبێت، لەکاتێکدا سەرۆك بارزانی هەوڵی بەدەستهێنانی سەرکەوتن دەدات لەڕێی بەدەستهێنانی پشتیوانی لەحکومەتی تورکیاوە، ئەمە لەکاتێکدا بەڕێز مالیکی سەرۆك وەزیران عێراقی هەوڵی بەدەستهێنانی پاڵپشتی حکومەتی ئێران دەدات، واتە هەڵوێست و تێڕوانینی جیاواز هەیە بۆ ئاییندەی عێراق. لەڕاستیدا لایەنێکی سەرکەوتوو نییە لەم دۆخەدا و پێشبینی من ئەوەیە کە ئەو سیناریۆیەی زیاتر ئەگەری ڕوودانی لێدەکرێت لەمەودای کورتدا، ئەوەیە هەل و مەرجەکە وەك خۆی بمێنێتەوە، واتە هیچ لایەکیان ناتوانن بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە هاوسەنگیەکە بەئاڕاستەیەکی نوێ بگۆڕن. بۆچوونی شەخسی من ئەوەیە، ئەمە باشترین دەرئەنجام نییە، بەڵام هێندەش خراپ نییە و باوەڕم وایە عێراق و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و شەخسی سەرۆك بارزانی دەتوانن بەرەوپێشچوون بەدەست بهێنن- سەرەڕای ناڕازایبوونیان لەو شێواز و ڕێگایەی هەریەکەیان گرتویانەتەبەر- پێموایە ئەوەش جێی ڕەزامەندییە و بەلای کەمەوە مایەی قبووڵکردنە.

**پێویستە هەموو عێراقیەکان لەو ڕاستیە تێبگەن کە گووتار شتێکە و بردنی ئاڕاستەی بارودۆخەکە بەرەو ئاستێك کە نزیك بێت لەشەڕی ناوخۆوە دەرئەنجامێکە کەس خوازیاری نییە**

*** زۆرێك لەچاودێران باس لەوە دەکەن مالیکی هەمان هەنگاوەکانی سەددام دووبارە دەکاتەوە، کە سوپایەکی ملیۆنی هەیە و کۆنترۆڵی وەزارەتەکان و بانقی مەرکەزی کردووە، ئایا ئەمە تا چەند هەڕەشەیە بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی؟**

- من تا ئەو ئەندازەیە هاوڕام کە مالیکی مەیلی تاکڕەویی خۆسەپێنی لێدەرکەوتووە، ئەوەی مایەی خۆشبەختیە- لەتێڕوانینی مندا- ئەوەیە هیچ دەرفەتێك نییە بتوانێت هێندەی سەددام حوسێن خراپ بێت و پێم وایە تەنانەت لەحاڵەتێکدا کە ئەمە ببێتە ئەگەرێکی گریمانەکراو، ئەوا هەرگیز هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی دیکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە بەڕوودانی نادەن. باوەڕم وایە باشترین دەرئەنجام، یاخود باشترین هەنگاوی داهاتوو بۆ عێراقیەکان ئەوەیە، بەهێمنی هەوڵبدەن لەڕێی گفتوگۆ و وتووێژ و- دانوستاندنی نارەسمی- سازشکردنەوە ئەم کێشانە چارەسەربکەن، نەك لەڕێی شەڕێکی کراوە و یەکلاکەرەوەوە، لەڕێی ڕووبەڕووبوونەوەی یەکجاری و کۆتاییەوە، بەڕاستی پێموایە پێویستە هەموو عێراقیەکان-جا لەهەولێر بن یان بەغدا یان شوێنەکانی دیکەی عێراق- لەو ڕاستیە تێبگەن کە گووتار شتێکە و بردنی ئاڕاستەی بارودۆخەکە بەرەو ئاستێك کە نزیك بێت لەشەڕی ناوخۆوە دەرئەنجامێکە کەس خوازیاری نییە و پێموایە ئەگەری ئەوە هەیە عێراق خۆی لەو دەرئەنجامە لابدات.

*** لەکاتێکدا بارودۆخەکە خراپتر دەبێت لەئێستادا، ئایا پێشبینی ئێوە چیە بۆ ئاییندەی عێراق؟**

- لەڕاستیدا من تا ڕاددەیەکی باش گەشبینم، پێموایە دەبێت وڵاتەکە مامەڵە لەگەڵ تەحەددیگەلێکی زۆردا بکات، هەروەها لەگەڵ ناسەقامگیریەکی گەورە لەسنوورەکانیدا، بەتایبەتی سنووری سوریا، کە ئەمە ئاڵۆزی و دەرهاویشتەیەکی نوێیە، بەتایبەتی لەپێوەندیدا بەکوردەکانەوە. هەرچۆنێك بێت، پێموایە بونیادی فیدراڵیزم لەعێراقدا لەزۆر ڕووەوە دیموکراتیە،

**هەرگیز هەرێمی کوردستان و لایەنەکانی دیکە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕێگە بەڕوودانی ئەوە نادەن دیکتاتۆرێکی دیکە لە عێراق دروست بێت**

بەدڵنیاییـــەوە بە بـــەراورد بەڕژێمـــە کۆنەکە، هەروەها-عێـــراق- توانیویەتـــی پـــەرە بەتوانا ئابووریەکانی بدات، ئەمەش شـــتێکی مەزن و گرنگە بۆ عێراقیەکان و بـــۆ جیهان، لەبواری وزە و چەندین بواری دیکەدا. باوەڕم وایە عێراق توانای بەرەوپێشـــچونی هەیـــە، لەبری ئەوەی هەنـــگاو بۆ دواوە بنێت و دووچاری قەیرانێکی ســـەخت بێت، لەڕووی سیاسی، ئابووری یاخود سەربازیەوە. من لێرەدا ئاماژە بەقەیرانی سوریا دەکـــەن و باوەڕم وایە عێراق دەرفەتی لەپێشـــە بـــۆ ئەوەی بـــۆ ئەمریکا، ســـعودیە، تورکیا و ئەردەن و وڵاتە دۆســـتەکانی دیکە بسەلمێنێت کـــە لەتوانایاندایـــە ڕۆڵێکی ئیجابـــی ببینین لەســـوریادا بۆ ئەوەی ئاڵوگۆڕێك لەو وڵاتەدا -دوور لەدیکتاتۆریەتی بەعســـیەکان-بێتەئاراوە کە عێراقیەکان زۆر باش شـــارەزای ئەم پارتەن، کە ئێستا ســـوریا لەناکۆکیەکی ناوخۆیی زۆر گەورەدایە، عێـــراق دەتوانێت لەم ڕووەوە هاوکار و یارمەتیدەر بێت، لەڕێی فشـــار دروســـتکردن لەسەر ڕژێمی ئەسەد و خولْقاندنی ئاییندەیەکی باشتر بۆ دراوسێکەی، هەرچەندە ئەمە کارێکی مەترســـیدار و زەحمەتە کە عێراق دژی تەهران بوەســـتێتەوە، بەڵام پێموایە هەنگاوێکی گەورە دەبێت بۆ پێشـــەوە لەناوچەکەدا و هەنگاوێکی گرنـــگ دەبێت بۆ ناســـنامەی عێـــراق وەك وڵاتێکی دیموکراتی.

*** ئایا ئەگەری ئەوە هەیە عێراق بەچەشـــنی یوگسلافیای پێشوو دابەش بێت؟**

- نەخێر، من باوەڕم وانییە، من ســـاڵێکە ئەمە دووپات دەکەمەوە، هەندێ کەس پێم دەڵێن زیاد لەپێویست گەشبینم و تەنانەت پێم دەڵێن ساویلکە، بەڵام من باوەڕم وایە بونیادی فیدراڵی لەعێراقدا زۆر باش سەرکەوتوو بووە، لەپێوەندیدا بەهەموو گرژی و کێشـــە و گرفتە چارەسەرنەکراوەکان، وەك مـــاددەی ١٤٠ و کێشـــەکانی دیکە، ئەوا باوەڕم وایـــە عێراقیەکان ئامادەن پێکەوەکاربکەن بۆ پاراســـتنی ئەوە و ڕێگەنەدان بەئاییندەیەکی نادیـــار کە دەوڵەتەکە بۆ یەکەی بچووك دابەش بێت، یاخود بۆ دۆخێکی هاوشـــێوەی ئەوە. من دووبارە دەگەڕێمە بۆ کێشەی سوریا و باوەڕم وایە دۆخی کوردەکانی عێراق نموونەیەك پێشـــکەش دەکات بۆ -چارەســـەرکردنی- کێشـــەی کورد لەنێویاندا کێشەی کورد لەسوریا، هەل و مەرجێك ئۆتۆنۆمی-خۆبەڕێوبردن- لەناوچە جیاوازەکانی وڵاتەکەدا بچەسپێنرێت لەچوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵی یەکگرتوودا، پێموایە ئەمە باشـــترین ئومێدە بـــۆ عێراقیەکان، هـــەروەك خۆیان لێی دەڕوانن.

*** سەرۆك بارزانی دوای گەڕانەوەی لەئەمریکا ڕایگەیاند ئەگەر هەتا مانگی ئەیلوولی داهاتوو کێشەکان چارەسەر نەکرێن دەگەڕێتەوە بۆ گەلی کوردســـتان بڕیاری خۆیان بـــدەن، ئایا بەڕێزت لەمبارەوە چی دەڵێیت؟**

- من ئـــاگاداری ئەوەنیم کە وادەیەکی دیاری کردبێت، ئایا بەڕاستی بارزانی وادەیەکی دیاری کردووە بۆ سازکردنی ئەو ڕاپرسیە؟

*** بەڵـــێ ئەو لەیەکێك لەلێدوانەکانیدا ئاماژەی بەوەکردووە ئەگەر کێشـــەکان چارەسەر نەکرێن، ناچـــار دەبێـــت بگەڕێتەوە بـــۆ ڕای خەڵکی کوردستان.**

- مـــن دەزانم ســـەرۆك بارزانی ئەو شـــتێکی هاوشـــێوەی ئەمەی وتووە، بەڵام من ئاگاداری ئەوەنیم کـــە بەدیاریکراوی نـــاوی مانگێکی هێنابێت، یاخود وادەیەکـــی دیاریکردبێت. بۆیە من پێموایە —دیاریکردنی ئەم وادەیە-مەترسیدارە و هیوادارم ئـــەوە ڕوونەدات و هیـــوادارم ئەوە

**دۆخی کوردەکانی عێراق نموونەیەك پێشکەش دەکات بۆ -چارەسەرکردنی- کێشەی کورد لەنێویاندا کێشەی کورد لەسوریا**




**«شەرەفمەند بووم بەپێشوازیکردن و میوانداری کردنی سەرۆك بارزانی لەئامۆژگای واشنتۆن، لەڕاستیدا ئەو وتارێکی گرنگی دا لەبارەی زۆرێك لەپرسەکانەوە، لەو کاتەوە ئێمە بەدواداچوون دەکەین بۆ گشت لێدوانەکانی» پۆلاك**

تەنیا کارتێکی ئاسایی گفتوگۆ بێت، مانگی ئەیلوولیش زۆر دوور نییە لێمانەوە، چونکە ئێستا ئێمـــە لەکۆتایی مانگی ئایارداین و ئومێدەوارم هەرێمی کوردستان پتر ئارام بگرێت و دۆخەکە بەرەو دوا سنوور نەبات لەو چەند مانگە کەمەی داهاتوودا.

*** ڕاستە ئەمە مەترسیدارە، و دەوڵەتە دراوسێکان بەم هەنگاوە خۆشـــحاڵ نابـــن، بەڵام ئەمە دوا ڕێگاچارەیـــە؟ چونکە ئەو هەمـــوو هەوڵێکی خۆی خســـتەگەڕ بۆ ئـــەوەی لایەنەکان لەیەك نزیك بکاتەوە؟**

- ڕاســـتە من دەزانم کە ئەو کێشـــانە گەورە و ئاڵۆزبوونە و دواخراون و لەهەندێ ڕووەوە خراپتر بوونە و من لەنائارامی و خواستی کۆتایی هێنان بەم کێشـــانە تێدەگەم، بەڵام من شەخسی خۆم ئومێدەوارم ئەم هەڕەشەیە بەئەنجامدانی ڕاپرسی ببێتەهۆی ئەوەی ســـازش بکرێت و ئومێدەوارم ئەم هەڕەشەیە جێبەجێ نەکرێت، چونکە هەروەك ئێوە ئاماژەتان پێکرد، ئەمە مایەی مەترســـی دەبێت، ئەگەر ئێوە دەتانەوێت هەڵوێستی ئەمریکا بزانن، ئەوا پێموانییە ئەمریکا ئامادەیی هەبێت یاخود بتوانێت پشـــتیوانی لەڕاپرســـی یاخود ســـەربەخۆیی کوردستان بکات و هیوادارم ئەمە ببێتەهۆی ئـــەوەی خەڵکی واقیعی بن و بزانن کە لەمـــەودای دووردا بەرژەوەندیەکانیان چییە. ئێمە بەبایەخێکی زۆرەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکەیـــن و من هیوادارم کـــە دەرفەتێکی دیکە هەبێت، کە ڕەنگە لەچەنـــد مانگی داهاتوودا دووبارە ســـەردانی هەرێمی کوردســـتان بکەم و بەشەخســـی زانیاری زیاتر لەبارەی ئەم بابەتە کۆبکەمـــەوە، مـــن ئەزموونگەلێکـــی زۆری بایەخدارم هەیە لەهەرێمی کوردستان و خوازیاری دووبارەکردنەوەیانم.

# نەوتی عێراق
# هەم نیعمەتە و هەم نەفرەت

**(( ئەگــەر مــن لەجێی حکومڕانــی بەغــدا بوومایە، ئەوا هەستم بە گرنگــی پەلەکردن دەکــرد لــە دەرکردنی یاســای نــەوت و گاز و ڕێککەوتنێــک سازشــکارانەم دەکرد لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و ماددەی ١٤٠. ئەگەرنــا ڕەنگــە پەرەسەندنە نوێیەکان خێراترین لــە توانای حکومەتــی عێراقی بۆ گفتوگۆکردن)).**



**دەیڤید ڕۆمانۆ***

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

سـەرچاوە زۆر و زەوەنــدە نەوتیەکانی عێــراق هەم نیعمەت و هــەم نەفرەتن بۆ وڵاتەکە. وەك تاکە کاڵای هەناردەکراوی گرنگی عێراقی، نەوت مایەی ســەروەت و ســامانە و ئامرازێکە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی بۆتــە خەون و خولیــای هەموو کەس: پەرەسەندن، کە مانایی مۆدێرنێتی و ڕزگاربوون لە پێداویستی دێت. وەزیری ســەرچاوە سروشــتیەکانی حکومەتــی هەرێمی کوردســتان ئاشــتی هەورامی بەم دواییە ڕایگەیانــد کە «ئەگەر ئێمە سیاســەتی دابەشــکردنی داهاتی نەوت جێبەجێ بکەیــن -- کاتێك هەموو کەس هەست دەکات عێراقییە و بەشی شایستەی خۆی لە نەوتەکە بەدەست دەهێنێت-- ئەمە دەبێتە هۆی یەکخســتنی عێراق، ئەمەش ئاسایشــێکی نوێ بۆ عێراق دەخوڵقێنێت و دەبێتەهــۆی ڕامالّینــی ئەو گرژیەی هەموو کــەس تــرس و نیگەرانی هەیە لەبارەیەوە.»

هەروەك ئەوەی سەروەتی هاوبەش بۆی هەیە وڵاتەکە یەکبخات، ئەوا چاوچنۆکی دەبێتەهۆی ئەوەی وڵاتەکە بە ئاڕاستەیەکی دیکەدا ببات. کوردەکان باش دەزانن چۆن نــەوت بۆی هەیــە مایــەی نەفرەت و نەهامەتی بێت، بە دڵنیاییەوە ســەددام و ئەوانی دیکە یەك لەســەر یەك کۆشکیان بنیات دەنا و هەر چەکێکیان بوویســتیایە بە هۆی ســەروەتی نەوتــەوە دەیانکڕی. چاوچنۆکی بووە هۆی ئەوە خۆســەپێنی دروســت بێت و هەوڵــی کۆنترۆڵکردنی بەغدا بدرێت، لە کاتێکدا ئەو چەکانەی بە پارەی نەوت دەکڕدران بۆ ســەرکوتکردنی کوردەکان بەکاردەهێنران. لەبەر پەرۆشیان بۆ وەبەرهێنان یاخود کڕینی نەوتی عێراقی، هێزە دەرەکیــەکان خۆیان لە دیکتاتۆرەکان نزیك دەکردەوە، ئەوانەی مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن و ئەو حکومەتانەشیان دەڕوخاند کە مامەڵکردنیان ڕەتدەکردەوە.

دوای ئاماژەکــردن بــەوەی چــۆن دابەشــکردنی داهــات دەبێتــە هــۆی یەکخســتنی عێراق، ئاشــتی هەورامی ئەوەشی زیاد کرد کە بە بێ ڕێککەوتنی بەغدا و هەولێر لەســەر یاســای نەوت و گاز «مــن نازانم عێــراق چ مانایەکی دەبێت. عێراق مانــای دادپەروەری دێت، دادپەروەریــش بە مانای دابەشــکردنی داهاتی نەوت دێت، لەبــەر ئەوەی ئەمە ئێمە_وەك عێراقی- پێکەوە گرێدەدات» بە دڵنیاییەوە، عێراق لە دۆخێکدایە کە جێی داخە، ئەگەر تەنها دابەشــکردنی داهاتی نــەوت خەڵکەکە پێکەوە ببەســتێتەوە. لە کاتێکــدا پێدەچێــت عەرەبەکانی عێراق پەرەیان بە ناسنامەیەکی بەهێزی عێراقی دابێت( بــۆ نموونە، هەرگیــز ئاپۆرای شــیعەکانمان نەبینی بۆ پشتیوانیکردنی ئێران لە سەردەمی شەڕی عێراق و ئێراندا )، لێدوانی ئاشــتی هەورامی، کــە وەزیرە، باشتر-ئاســتی- پابەندبوونی کوردەکان بە دەوڵەتی عێراقــەوە ڕوون دەکاتەوە. نابێت تێگەیشتن لەم دیدگایە زۆر زەحمەت بێت، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی مێژووی پڕ لە ئــازاری کۆمەڵکوژی، دوورخســتنەوە و پەراوێزکردن و سەرکوتکردنی کوردەکان لە ماوەی پێش ٢٠٠٣دا.

ناکۆکی بەردەوام لەبــارەی نەوتەوە لە نێوان بەغدا و هەولێر هەڕەشــەیە بۆ سەر یەکپارچەیی وڵاتەکــە، هەرچۆنێك بێت ئەمە بە هەمان شــێوە پەیوەستە بە ناوچە ناکۆکی لەســەرەکانەوە- کــە زۆرێك لە یەدەگی وڵاتەکە کەوتۆتە ئەم ناوچانەوە. هەرێمی کوردستان بنەمای دابەشکردنی داهاتی نەوتــی لە نێــوان عێراقیەکاندا قبوڵــدەکات، لە نێویاندا ئــەو کێڵگانەی تــازە لــە کوردســتاندا دۆزراونەتــەوە. لەگەڵ ئەوەشــدا، هەرێمی کوردستان ئەو

بیرۆکەیە قبوڵ ناکات دەسەڵاتەکانی بەغدا مافی حەسریان هەبێت لە پێدان و ئیمزاکردنی تێکڕای گرێبەستەکانی نەوت، بە گرێبەستەکانی پەیوەست بە کوردستانیشەوە، لەگەڵ بەڕێوەبردنی کارەکانی پەیوەست بە گەڕان و دەرهێنانی نەوت. دەستوری عێراق ئەم مافە بە حکومەتی فیدراڵی نادات، چەند ساڵێك پێش ئێستا هەرێمی کوردستان بۆچوونێکی یاسایی لەم شێوەیەی لە شارەزاییەکی بەریتانی نێوداری یاسای نێودەوڵەتیەوە بەدەستهێنا. ئەو شارەزایە پشتیوانی ئەو تەفسیرەی دەکرد کە کوردەکان دەیانکرد بۆ دەستور.

پێدانی دەسەڵاتی تەواو لەبارەی هەموو لایەنەکانی پیشەسازی نەوتەوە دەبێتەهۆی دروستبوونی گەندەڵی و کۆبوونەوەیەکی مەترسیداری دەسەڵاتەکان- چونکە ئەوانەی کۆنترۆڵی داهاتی عێراق دەکەن ئەتوانن کۆنترۆڵی وڵاتەکەش بکەن. لەم ڕووەوە پێشینەیەکی خراپ هەیە- لە ڕاستیدا، پێشینەیەکی تەمەن هەشتا ساڵە هەیە. لە ڕوانگەی کوردەکانەوە، ئەگەر ئەوان کۆنترۆڵی پرۆسەکانی پەیوەست بە نەوتەوە بکەن لە هەرێمەکەیاندا، ئەوا ئەتوانن تای تەرازووەکە بشکێننەوە ئەگەر دەسەڵاتەکانی بەغدا ڕێزیان لە ڕێککەوتنی دابەشکردنی داهاتەکان نەگرت. لەبەر ئەوەی پێویستە کوردەکان لە ڕێی بۆریە نیشتیمانیەکانی عێراقەوە نەوت ڕەوانەی دەرەوە بکەن( یاخود بەلای کەمەوە زۆربەی ئەو نەوتە)، ئەوا بەغدا وا لە کوردستان دەکات کە پشتی پێببەستێت بۆ بودجە و داهات.

هەر ئەمەش هۆکاری سەردانی ئەم دواییەی وەزیری وزەی تورکیا، تانەر یەڵدیز، بۆ هەولێر ڕوون دەکاتەوە کە گرنگیەکی گەورەی هەبوو. لە کاتێکدا پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ مالیکیدا بەرەو خراپ بوون دەچێت ئەوا پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا پەرە دەسێنێت. هەفتەی ڕابردوو هاوشان بە ئاشتی هەورامی-وەزیری سامانە سروشتیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا- وەزیری وزەی تورکیا ڕایگەیاند تورکیا بەشداری لە پرۆژەیەکی هاوبەش دەکات لەگەڵ




**سەردانی ئەم دواییەی وەزیری وزەی تورکیا، تانەر یەڵدیز، بۆ هەولێر گرنگیەکی گەورەی هەبوو، وەزیری وزەی تورکیا ڕایگەیاند تورکیا بەشداری لە پرۆژەیەکی هاوبەش دەکات لەگەڵ کوردەکانی عێراقدا بۆ پاڵاوتنی نەوتی بەرهەمهاتوو لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها پلانگەلێکیان ڕاگەیاند بۆ دروستکردنی هێڵی بۆری ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو تورکیا، کە بۆریە نەوتیە نیشتیمانیەکەی عێراق تێدەپەڕێنێت.**

کوردەکانی عێراقدا بۆ پاڵاوتنی نەوتی بەرهەمهاتوو لە هەرێمی کوردستاندا. هەروەها پلانگەلێکیان ڕاگەیاند بۆ دروستکردنی هێڵی بۆری ڕاستەوخۆ لە هەرێمی کوردستانەوە بەرەو تورکیا، کە بۆریە نەوتیە نیشتیمانیەکی عێراق تێدەپەڕێنێت.

ئەم پرۆژەیە، هاوشان بە ڕێککەوتنی ئەم دواییەی ئیکسۆن مۆبیل لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا بۆ گەڕان بە دوای نەوتدا لە هەرێمی کوردستان و لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، بۆمبێك بوو بە ڕووی بەغدادا. ئەمە بناغەیەك بوو بۆ کوردستانی سەربەخۆ و جیابوونەوەی لە عێراق، ئەو کاتەش دەبێت مالیکی، حوسێن شەهرستانی و عەبدولکەریم لوئەیبی تەنها گلەیی لە خۆیان بکەن. چونکە ئەگەر بەڵێنەکانی خۆیان لەبارەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠وە نەشکاندایە، ئەگەر هەوڵیان نەدایە قۆرخکاری هەموو لایەنەکانی پیشەسازی نەوتیان بکەن، ئەوا کوردەکانیش بەو شێوەیەی ئێستا ڕوویان نەدەکردە تورکیا. لە ماوەیەکی کەمدا، کوردەکانی عێراق چیتر پشت بە بەغدا نابەستن بۆ هەناردەکردنی نەوت یاخود بودجە. ئەگەر لە ساڵی ٢٠١٩دا توانای هەناردەکاری بگاتە ٢ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا، ئەوا هەرێمی کوردستان ئەتوانێت نزیکەی هەمان ئەو بڕە نەوتە هەناردەی دەرەوە بکات، کە عێراق هەناردەی دەکات. لە کاتێکدا تورکیا بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد پێویستی بەوە هەیە سەرچاوەکانی هاوردەکردنی نەوت و گاز زیاتر بکات کە لە ئێستادا پشت بە ڕوسیا و ئێران دەبەستێت، ئەوا کوردەکانی عێراق دەرفەتێك دەدەن بە تورکیا بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی بازرگانی دۆستانە و ئاسانی لەگەڵیاندا هەبێت.

ئەگەر من لەجێی حکومڕانی بەغدا بوومایە، ئەوا هەستم بە گرنگی پەلەکردن دەکرد لە دەرکردنی یاسای نەوت و گاز و ڕێککەوتنێکی سازشکارانەم دەکرد لەسەر ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان و ماددەی ١٤٠. ئەگەرنا ڕەنگە پەرەسەندنە نوێیەکان خێراتربن لە توانای حکومەتی عێراقی بۆ گفتوگۆکردن.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**

# لاوازیی سەرمایەی ڕەمزی لە کایەی سیاسی هەرێمی کوردستاندا

ڕێبوار سیوەیلی *

تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

**چیرۆكی هەژارترین سەرۆك كۆمار:**

وا بزانم لە ماوەی ڕابردوودا سەرۆك كۆماری ئەرجەنتین بوو، كە خولی فەرمانڕەواییەكەی خۆی تەواو كرد و كورسی دەسەڵاتی بەجێهێشت. ئەمەش لەكاتێكدا، كە چ پەرلەمانی ئەو وڵاتە و چ هاووڵاتیان و چ پێكهێنەرانی كابینەی حكومەتەكەی، داوایان لێكرد دەستووری وڵات بگۆڕدرێت و لەوێوە ڕێگەی پێبدرێت كە بەردەوامبێت لە حكومكردن. بەڵام ئەو ڕازیی نەبوو، شوێنی خۆی بۆ كەسانێك چۆڵكرد كە بۆ بەڕێوەبردنی وڵات متمانەی پێیان هەبوو. ئەم سەرۆك كۆمارە، لە هەمان كاتدا بە هەژارترین سەرۆك كۆماری جیهان ناسراوەو جگە لە خانوویەكی كۆن و ئۆتۆمبیلێك و مووچەی خانەنشینییەكەی خۆی، خاوەنی هیچ شتێكی تر نییە و تەنانەت بۆ نۆژەنكردنەوەی خانووە كۆنەكەی، كە دەیەوێت لەگەڵ هاوسەرەكەیدا تیایدا بژی، لە ڕێگەی ڕۆژنامەوە، داوای قەرزێكی درێژخایەنی لە حكومەتەكەی كرد تا یارمەتیی بدەن. لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم داواكارییە، بە سەدان كەس پێشنیاری هەزاران و سەدان هەزار



دۆلاریان پێكرد تا وەك دیاری وەریبگرێت، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئەم كارە بكات.

چیرۆكی ئەم سەرەك كۆمارە بۆ كۆمەڵناسێكی وەك پییەر بۆردیۆ تەواو سەرنجڕاكێشە. ئەو هیچ سەرمایەی ئابووری نییە، بەڵام سەرمایەیەكی گەورەی ڕەمزیی هەیە كە دەتوانێت لە هەركاتێكدا بیكاتە سەرمایەی ئابووری. من دەمەوێت لەم وتارەدا، بە بیركردنەوە لە تیۆرییەكانی پییەر بۆردیۆ و كایەی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا، ئاماژە بە دۆخێكی پێچەوانەی ئەوە بدەم كە لەم چیرۆكەدا گێڕامەوە: بكەرانی كایەی سیاسیی ئێمە هەتا بڵێی دەوڵەمەند و هەبوون، بەڵام خاوەن سەرمایەیەكی كز و لاوازیی ڕەمزیی و كۆمەڵایەتین و ئەمەش دۆخێكە چەندین پرسیار بەرجەستە دەكات.

بۆچی كایەی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا بتێكی گەورەی لە سەرمایەی ئابووری بۆخۆی دروستكردووەو لە بۆنەو ئاهەنگ و ڕێكەوتننامەو گرێبەستەكاندا خەریكی پەرستنییەتی؟ ئایا سەرمایەی ئابووری بۆ بكەرانی سیاسی چ مانایەكی هەیەو ئایا ئەمە ئەو تاكە فۆرمەی سەرمایەیە كە پرۆسەی سیاسی بەهێز بكات و مانەوەی دابین بكات؟ ئایا هاوشان بە پەرستنی سەرمایەی ئابووری و بە پیرۆزكردنی بازاڕی ئازاد، كایەی سیاسیی ئێمە بكەرە دیارەكانی ناوی، چ جۆرە سەرمایەیەكی تر لەدەست دەدەن، كە هەرگیز سەرمایەی ئابووری و دەستكەوت و هوتێل و بازاڕ و مۆڵ و سوپەرماركێتەكانی بۆی قەرەبوو ناكەنەوە؟ ئەمانە پرسیارگەلێكن پێویستە سەرنجی بكەرانی سیاسی بۆلایان ڕابكێشن و لەڕێگەی شرۆڤەكردنێكی وردی زانستیانەوە، لە مەترسیی هەنووكەیی و پاشەڕۆژیانەی ئەو سرووتی پەرستنی سەرمایە ئابووریەو ئەو بەهایانەی لە كۆمەڵگادا جێگیریان دەكات و بەهۆیەوە فۆرمی تری چەوسانەوەو نادادوەری بەرهەمدەهێنرێت، ئاگادار بكرێنەوە.

## بۆردیۆ و جۆرەکانی سەرمایە:

پییەر بۆردیۆساڵی (١٩٣٠-٢٠٠٢) کاتێك کۆچیی دواییکرد، هیچ پلەو پێگەیەکی زانستیی کۆلێژ دوفرانسی پاریس نەمابوو، پێی نەگەیشتبێ. بەڵام ئەوە ئەنجامی هەوڵدانێکی زۆری مرۆڤێك بوو، کە دەیویست بە جۆرێکی تر بیر لە کۆمەڵگا و زانستی سۆسیۆلۆژیا بکاتەوەو خەباتێکی زۆریکرد بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفەتناسییەکی سۆسیۆ/ فەلسەفی لەسەر کۆمەڵگاو مرۆڤ و پانتایی پڕنەکراوەی نێوانان.

بۆردیۆ لەو بڕوایەدابوو، کاتێ قسە لەسەر سەرمایە دەکەین، پێویستە لەودیو ئەو تێگەیشتنەوە ئەمکارە بکەین کە مارکس لەمیانەی تیۆرەی ئابووریناسیدا بەرهەمی هێنابوو. بەلای بۆردیۆوە سەرمایە تەنیا یەك فۆرم و شێوەی نییەو تێڕوانینی ئابووریناسانە بۆ سەرمایە، تێڕوانینێکی بەرتەسکە، چونکە تیۆرەی ئابووریناسی، بەهۆی کورتکردنەوەی جیهانی ئاڵوێر و سەودا، لە ئاڵوێری بازرگانیدا، جۆرەکانی تری ئاڵوێر، بە نائابووریانە و لەوێشەوە بە بێ بایەخی ناساندوون. بۆردیۆ هاوڕا لەگەڵ مارکس سەرمایە بەئەنجامی کەڵەکەبوونی کاری مرۆیی پێناسە دەکات، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی فۆرمەکانی قازانج، بەڵام ئەو لەم پێناسەیە دەچێتە دەرەوە و فراوانتری دەکات. چونکە بۆردیۆ لە چەمکی سەرمایەدا، شتگەلێکی تر دەبینێتەوە جیاواز لە پێوەندیی و ئاڵوێر و سەودای ئابووری، کە، زۆر سوودمەندترن بۆ تێگەیشتن لە جیهانی کۆمەڵایەتی. لێرەشەوە، بۆردیۆ جیاوازیی لەنێوان چوار جۆر سەرمایەدا، دەکات:


جۆری یەکەم: بریتیە سەرمایەی ئابووری، کە بەبێ وەستان و چاوەڕوانی و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێتە پارەو بۆی هەیە لە شێوەی مافی خاوەنداریێتیدا دەربکەوێت و خۆی لە هوتێل، سۆپەرمارکێت، زەوی، کارگە، فڕۆکە، ئۆتۆمبیلی گرانبەها و شتی تری لەو جۆرەدا بەرجەستە بکات..

جۆری دووەم: بریتیە لە سەرمایەی کەلتووری، کە بۆی هەیە لە سێبەری چەند هەلومەرجێکدا ببێتە سەرمایەی ئابووری. سەرمایەی کەلتووری پێش هەموو شتێك کۆمەڵە سەرمایەیەکی ڕەمزین، کە هەندێکیان پەیوەستن بە دەروونی تاکەکەسەوە، هەندێکیان پەیوەستن بەوەی کە تاك بۆتە خاوەنیان و هەندێکیشیان تاکەکەس بە دەستیهێناون. بۆردیۆ سێ دۆخی ئەم جۆرە سەرمایە کەلتووریە دەستنیشان دەکات:

(أ) دۆخی بەرجەستەبوو: یان سەرمایەی بەرجەستەبوو لە کەسایەتی تاکدا بەپێی تێپەڕینی کات. بۆردیۆ دەڵێت: ئەمجۆرەی سەرمایە، ئەو شتەیە کە «تاکەکەس لە گیرفانی خۆی بەهاکەی دەدات». ئەمجۆرەی سەرمایە بریتیە لە سەرمایەیەکی بەدەروونیی بوو، یان (بەناوەکی بوو، کە پەیوەستە بە «زیرەکی و شارەزایی تاکەکەس لە فلان و فیسارە بوار، زمانپاراوی، خاوەن سەلیقەیی و لێهاتوویی، زوو هاتنە دەست، هەڵوێستوەرگرتن لە جێگەی خۆیدا، بوێری، ناسینی جیهانی کۆمەڵایەتی و ڕەمزە کۆمەڵایەتیەکان هونەری ژیانکردن، خۆشیرینکردن و جێی خۆکردنەوە» لە کۆمەڵگادا. ئەمانە ئەو شتە تایبەتیانەن کە تاکەکەس بۆخۆی خاوەنیانەو لە دوای مردنی خۆی نادرێن بەکەسی تر و خەسڵەتگەلێکن، تایبەتمەندی دەدەنە خاوەنەکەیان و متمانەی بۆ بەدەستدەهێنن و نابینە میرات و پاشماوە بۆ نەوەکانی.


(ب) دۆخی بابەتیانە: ئەمە ئەو دۆخەیە کە لە ئەنجامی سەرکەوتنی مادییانەی تاکەکەسەوە، سەرمایەی ئابووری دەبێتە میراتێکی کەلتووری و لە شێوەی خاوەنداریێتی (تابلۆی هونەری، کتێب، قامووس و ئینسکلۆپیدیاکان، کەرەستە، ئامێرەکان و شتی عەنتیکە و گرانبەها و دەگمەن و ..)، دەردەکەوێت و کەسەکەی پێوە دەناسرێتەوەو یادوەریی بکەرە کۆمەڵایەتیەکان لەسەری زیندوو دەبێتەوە.

(ج) دۆخی دامەزراوەیی: ئەمە ئەو دۆخەی سەرمایەی کەلتووریە، کە لە شێوەی (پۆست و ناونیشان، بڕوانامەی خوێندن، سەرکەوتن لە پێشبڕکێی خۆپاڵاوتن بۆ کارێك، بەدەستهێنانی مەدالیای ڕێزلێنان، بوونە ئەندامی شانازی و خەڵاتوەرگرتن..) وە دروست دەبێت و بەرجەستەکەری توانایی و لێهاتوویەکانی تاکەکەس و سەلیقە و شیاوەیی ئەو بەدەستهاتوانەی بۆ شایان دەکات و پەسەندیی خەڵك و هاووڵاتیانیشی بەدوادا دێت، بەبێ پەنابردن بۆ جۆرەکانی چاوبەست و ڕیکلام و ئایدیۆلۆژیاو ڕاگەیاندنە ئاراستەکراوەکان. هەموو ئەمانە لەلایەن کۆمەڵگا، یان دەوڵەتەوە نرخی خۆیان بۆ دادەنرێت و دەبێتە هۆی بەخشین و پێشنیارکردنی پۆست و پێگە بە تاکەکەس (لەم ڕێگەیەشەوە ئەم جۆرە سەرمایەیە بە دامەزراوەیی دەکرێت) و ئەمەش پەساپۆرتی بۆ نموونە: (کەسایەتی، مامۆستای زانکۆ، دادوەر، کارمەندی حکومەت و ڕاوێژکار و بڕواپێکراوی پێدەدات..




سەرمایەی کەلتووری بەبێ هەوڵدانی تایبەتی تاکەکەس بەدەست نایەت و بە میراتیش بۆ کەس نامێنێتەوە. بەڵکو هەوڵدانی تایبەتی بکەری کۆمەڵایەتی دەوێت، کە بەهۆیەوە بتوانێ ئاستی فێربوونی خۆی بەرز بکاتەوە و ئەو سەرمایە کەلتووریە پێویستە بکاتە هی خۆی، یان لەخۆیدا جێی بکاتەوە تاکو بەهۆیەوە بوونی کۆمەڵایەتیانەی خۆی بگۆڕێ و دانپیانانی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت.

جۆری سێیەمی سەرمایە، بریتیە لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی. مەبەست لە سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە (نفووز) و پێوەندیی کۆمەڵایەتی تاك و ئەو دەسەڵاتەی بەهۆی ناسیاوی و خزمایەتیەوە بەدەستی دەهێنێ. ئەم پێوەندیە بەرامبەریانەی تاك بە ئەوانیترەوە، بریتیە لە تۆڕێکی کۆمەڵایەتی، کە بەهۆی سەرمایەی گشتییەوە، پشتیوانی لە تاکەکەس دەکات و ئیعتیبار دەداتە هەر ئەندامیکی خۆی. بەمجۆرەش، سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتیە لە کۆمەڵێك پێوەندی، خزمایەتی، ناسیاوەتی، دۆستایەتی و داواکاری کە دەبنە هۆی بەخشینی



**سەرمایەی بەرجەستەبوو پەیوەستە بە»زیرەکی و شارەزایی تاکەکەس لە فلان و فیسارە بوار، زمانپاراوی، خاوەن سەلیقەیی و لێهاتوویی، زوو هاتنە دەست، هەڵوێستوەرگرتن لە جێگەی خۆیدا، بوێری، ناسینی جیهانی کۆمەڵایەتی و ڕەمزە کۆمەڵایەتییەکان هونەری ژیانکردن، خۆشیرینکردن و جێی خۆکردنەوە»لە کۆمەڵگەدا**

سەنگی کۆمەڵایەتی کەم و زۆر بە بکەری کۆمەڵایەتی، بەخشینی دەسەڵاتی کردەیی و پەرچەکرداری کەم و زۆر بەپێی چەندایەتی و چۆنایەتی تۆڕی پەیوەندییەکان، واتە ئەو پەیوەندیانەی کە ئەو دەبەستنەوە بە کەسانیترەوە.

سەرمایەی ڕەمزیش، چوارەمین جۆری سەرمایەیە لای بۆردیۆ. سەرمایەی ڕەمزی هیچ نییە لە سەرمایەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری زیاتر، کاتێ ئەمجۆرانەی سەرمایە پێکەوە، بە ڕەسمی دەناسرێن و دانیان پیادەنرێت. لەبەر ئەوەی هەر جۆرێکی سەرمایە (ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی) بە پلەی جیاواز، وەکو سەرمایەی ڕەمزیش بەرجەستە دەبن، ئەوە دەکرێ قسە لەسەر کاریگەرییە ڕەمزییەکانی گشت جۆرەکانی سەرمایە بکرێت.

هەموو ئەم جۆرانەی سەرمایە شێوازی جیاجیای دەسەڵات و باڵادەستین و پێوەندییەکی تەواویشیان بەیەکترەوە هەیە. واتە بۆی هەیە سەرمایەی ڕەمزی ببێتە هۆی زیادەبوونی سەرمایەی ئابووری و سەرمایەی ئابووریش، سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەمزی و کەلتووریی زۆر بۆ خاوەنەکەی دروست بکات و بهێنێتە دەست.

**بۆی هەیە سەرمایەی ڕەمزی ببێتە هۆی زیادەبوونی سەرمایەی ئابووری و سەرمایەی ئابووریش، سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەمزی و کەلتووریی زۆر بۆ خاوەنەکەی دروست بکات و بهێنێتە دەست**

### لاوازیی سەرمایەی ڕەمزیی لە هەرێمی کوردستان:

بە بیرکردنەوە لە کایەی سیاسی هەرێمی کوردستان و گرنگیی ئەم جۆرانەی سەرمایە، بۆمان ئاشکرا دەبێت کە هیچکامێك لە بکەرانی ناو ئەم کایەیە، وەك سەرۆك کۆمارەکەی ئەرجەنتین بیر ناکەنەوە و تەنیا تێگەیشتنێکی ئابووریناسانەیان لە سەرمایە هەیەو لە هەوڵی کەڵەکە کردنی زیاتری سەرمایەی ئابووری و دەستکەوتەکانیدان. ئەمەش لەلایەکەوە، ئەوانی لە ڕووی تێگەیشتن لە جۆرەکانی تری سەرمایە، وەك پێویستییەك بۆ سیاسەتکردنێکی باش،دەستکورت کردووە و لەلایەکی تریشەوە، سەرمایەی ئابوورییان وەك بەدیلێك بۆ وەڵامدانەوەی قەیرانی سیاسی لە پێشچاو گرتووە. ئەمەش لە کاتێکدا کە کایەی سیاسی لەم هەرێمەدا پڕە لە ململانێ و گەمەی سیاسی، کە پێویستیی بە زیاد لە سەرمایەیەك هەیە بۆ نزیکبوونەوە لە شانسی بردنەوە. لە ڕوانگەی بۆردیۆوە، بۆئەوەی بەشێوەیەکی شارەزایانە بەشداری لە شەڕی (لێرەدا وشەی شەڕ مانایەکی مەجازیانەی هەیە، دەکرێ بشگوترێ: (ململانێ)ی نێو کایە کۆمەڵایەتیەکاندا بکەین، بۆردیۆ دوو مەرج دەستنیشان دەکات:

یەکەم) پێویستە ئەندامی هەر کایەیەك کەسێکی زیرەك، چووست و زانابێت بە یاساکانی ناو ئەو کایەی خۆی تیادەبینێتەوە و بزانێت چۆن ئەو یاسایانە بەکاردەهێنێت تا لە بردنەوەو سەرکەوتن نزیکی بخاتەوە..

دووەم) پێویستە ئەو کەسە خاوەنی هەندێ سەرمایەش بێت کە بتوانێ لە خەزێنە و بانکی هاوبەشی کایەیەکی تایبەتدا، دایبنێ.

ئەو ململانێیەی لەناو کایەکاندا لەسەر دەسەڵات بەرپا دەبێ، ململانێیەکی یەکسان نییە، بەو مانایەی ئەندامەکان هەموویان شەڕکەرن، وەلێ بەئاستی جیاواز و ڕاددەی بەشداربوونی جیاواز. هۆی ئەم نایەکسانییە بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، هەندێ لە شەڕکەران لێزانترن و توانایەکی باشتریان هەیە بۆ بردنەوە. واتە لە بەکارهێنانی یاسای ناو کایەکاندا شارەزاترن و ئەمەش فرسەتیان بۆ دەڕەخسێنێ ڕێژەیەکی زیاتر لەو شتە، یان بەهایە بکەنە هی خۆیان کە لەناو کایەکەدا شەڕی لەسەر دەکرێ. بەڵام ئەو توانا و لێزانییە لە هەمان کاتیشدا ئازادییەکی پتریان دەداتێ لەچاو ئەو ئازادیەی یاسا و سیستەمی ناو کایەکەیان ڕێگەیان پێدەدات. بەڵام گریمان تۆ شارەزا و لێزانیش بوویت، کە سەرمایەت نەبوو لە خەزێنەدا کەڵەکەی بکەیت بەچی دەچێ؟!

کەواتە هەبوونی سەرمایەش هێندەی لێزانی و زیرەکی بۆ بەشداربوون لەو (شەڕ/ یاری)یەدا گرنگە.

ئەو (سەرمایە پێویستە)، دەشێت کەلوپەلی ماتریاڵی بێت، پارەبێت، سەیارەبێت، هەروەکو چۆن دەکرێ سەرمایەی کەلتوورییش بێت. واتە ئەو شارەزایی و هەڵسوکەوتە دانپییانراوانە بێت کە پلەو ئاستێکی تایبەتی خوێندەواری و هونەروەری و خێرخوازی و بەسەلیقەیی کەسێکمان پێدەناسێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەموو کایەیەکی کۆمەڵایەتیدا جۆرێکی تایبەت لە جۆرەکانی سەرمایە، لە مەترسیدایە. ئەمەش بەمانای ئەوەیە، مەرج نییە ئەو سەرمایەیەی لە کایەیەکی کۆمەڵایەتیدا دەیبەینەوە ببێتە هۆی ئەندامبوونمان لە کایەیەکی تری کۆمەڵایەتیدا. هەمیشە پۆستی باڵا و وئیمتیازاتەکانی و سەرمایە ئابووریە پاشکۆیەکەی، نفوزی کۆمەڵایەتی و متمانەی خەڵك و خۆشەویستیی بکەرە کۆمەڵایەتیەکانمان بۆ دەستەبەر ناکات. وێڕای ئەمەش هەموو پلە و پایەیەکی ناو کایەیەك لە کایەکان، پێویستی بە جۆرێ لەسەرمایەی تایبەت هەیە کە نرخی ئەم سەرمایەیە بەپێی بەرزبوونەوەی پلەوپایەو پێگەی تاکەکەسیش زیاد دەکات. هەتا پلەو پایەی بەرزتر بەدەست بهێنین، زیاتر دان بەسەرمایەکانماندا دەنرێ و زیاتر ڕەوایەتی وەردەگرین. بەڵام هەروەکو چۆن سەرمایەی ناو کایەیەك بە پێویست نابێتە سەرمایەی دانپیانراوی ناو کایەکانی تر، ئاواش سەرمایەیەك ناگۆڕدرێتەوە بەجۆرێکی تری سەرمایە: کەس ناتوانێ بەپارە (ڕۆشنبیریی و کەلتوور) بکڕێ و هیچ ڕۆشنبیرێکیش بەپێویست لەبەر ڕۆشنبیرییەکەی پارەدار نییە. مەرج نییە پارە خەرجکردن بۆ کەسێ، ئەو کەسە بکاتە هاوڕێ و برادەرمان و لەمێژە گوتراویشە «سەربەرزی» و پرستیژ بەپارە نایەتە دەست؟ ئەمانە هەموویان پێویستیان بەجۆرێکی تایبەت لە سەرمایەدانان هەیە، کە بۆردیۆ ناوی دەنێ سەرمایەی ڕەمزی.

سەرمایەی ڕەمزی بریتیە لەو نرخ و بەهاو دانپیانانەی (اعتراف) کە سەرمایەیەکی تایبەت لەناو کایەیەکی تایبەتدا بەدەستیهێناوە. واتە ئەوەی شوێن گرنگی و شایانی دانپیانانە بریتیە لە (نرخ)ی ڕەمزیانەی سەرمایەکەو هەر ئەم نرخە ڕەمزییەشە کە لەشەڕی ناو کایەکاندا دەبرێتەوە، یان دەدۆڕێنرێت.

لێرەوە پێویستە بزانین ئەو شەڕەی لە کایەکاندا لەسەر دەسەڵات دەکرێ، هەر تەنیا بۆ ئەوە نییە سەرمایەی ڕەمزی پتر بێتە دەست، بەڵکو

بۆ ئەوەیشە هەندێ (سامان و توانا)ی تریش وەك سەرمایەیەكی ڕەمزی دانیان پیابنرێ.

هەروەكو لە پێشاندا باسی لێوەكرا، لە ناو كایەكاندا پلەوپایەی جیاواز لەئارادان و پێویستە ئەو (جیاوازی)یە دەستنیشان بكرێ. واتە دەبێ هەندێ نیشانە هەبن تا لەڕێگەیانەوە جیاوازییەكان ئاشكرا ببن و پلەوپایەكان لێكدی جودا بكرێنەوە. دەشێت ئەو نیشانانە زۆر شت بن، وەك خانوو، ڤێلاو كێلگەو باخچەی ئاژەڵان و ماڵات، ئوتومبێل، كارگە و تاد. هەروەها ڕێی تێدەچێ جۆرێ لە چالاكی تایبەتیش بن (ئەسپسواری، ڕاوە تاژی، شاخەوانی و تاد..). گرنگ خودی نیشانەكان نین، گرنگ توانای نیشانەكانە بۆ جیاكردنەوەی خەڵكانێك لە كەسانێكی تر. ئەو كەسەی ئەسپ سواری بەچالاكیەكی باشتر بۆ (نمونە شەڕە كەڵەشێر) دەزانێ، خۆیشی لە هەموو ئەوانە جیادەكاتەوە كە پێیان وایە شەڕەكەڵەشێر خۆشترین سەرگەرمیە. لێرەدا وشەی (باشتر)، (خۆشتر)و وشەگەلی لەم بابەتە دەربڕی وێناكردنێكی تایبەتیشن بۆ جیهان. دەلالەت لە دوو وێناكردنی جیاواز، لە دوو تێگەیشتن و چێژبینینی جیاواز لە جیهانیش دەكەن. كەواتە شەڕی ناو كایەكان هەر بەتەنیا شەڕ نییە لەسەر ماتریاڵ و سامان و پلەوپایەكان، بەڵكو شەڕیشە لەسەر تێگەیشتن و جیهانبینی و وێناكردنەكانیش، شەڕێكە بۆ خۆجیاكردنەوە.

هەركات هەڵبژاردەی سیاسی ئێمە توانی تەركیزی خۆی لەسەر ململانێ لەسەر، یان لە پێناوی سەرمایەی ئابووریدا بگوازێتەوە بۆ جۆرەكانی تری سەرمایە و دروستكردنی سەرمایەی ڕەمزی، زەمینەی كۆمەڵایەتیانەی خۆی پتەوتر دەكات و متمانەیەكی زۆر بەدەست دەهێنێتەوە. ئەو تەركیزە زۆرەی لەلایەن ئەم نوخبەیەوە دەكرێتە سەر سەرمایەی ماتەریاڵی و ئابووری، بە ئاراستەیەكی ئەوتۆ دەچێت كە بڕێكی زۆری سەرمایەی كۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆی لەدەست بدات و نەتوانێت چیتر بینای داهاتووی لەسەر بكات. پێویستە هەڵبژاردەی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا، توانا تایبەتییەكانی خۆی بەهێز و دەوڵەمەند بكات و بڕێكی باش لە سەرمایە ئابوورییەكەی بخاتە گڕوی سەرمایەی ڕەمزییەوە، بۆ ئەوەی بتوانێ بەبێ گرتنەبەری هیچ ڕێگایەكی ئایدیۆلۆژیانە، سەربازیانە، سەپێنەرانە و چاوبەستانە، متمانە و نفوزی كۆمەڵایەتیی نوێ بۆخۆی بەرهەم بهێنێتەوە. ئەزموونی سەركردە عەرەبەكانی وەك پاشای تونس، سەرۆكی میسر، قەزافی و ئەوانیتر، ئەوە دەردەخات كە ئەمانە لەكاتی تەنگەتاوبوونیاندا هیچ سەرمایەیەكی ڕەمزییان نەبووە تا بەهۆیەوە بەرگریی لەخۆیان بكەن. كەسانی دەوروبەریان و ڕاوێژكارەكانیان و ڕۆشنبیرانی دەوروبەریان و ناوبانگیی كۆمەڵایەتیان نەیتوانیوە بۆیان ببێتە پشتیوانەیەك بۆ ئەوەی مامەڵەیەكی جیاوازتریان لەگەڵ بكرێت لەچاو ئەوەی لەگەڵیاندا كرا. ئەمە چیرۆكی سەدان گەورە بازرگان و گۆرانیبێژ و ئەكتەری سینەمایی و سەرمایەدار و خاوەن موڵ و كارگە و كێڵگەشمان بیر دەخاتەوە، كە لە ساتەوەختی ناوبانگ زڕان و ئیفلاسكردنیاندا لە ڕووی كۆمەڵایەتیی و بەبێ سەرمایەی ڕەمزی، ناتوانن بۆ یەك چركە بەرگریی لەخۆیان بكەن. ساركۆزی لە فەرەنسا نمونەیەكی ترە، كە بەهۆی ژیان و پێوەندییەكانییەوە بە دەوڵەمەندان و دابڕانی لە خەڵكی ئاساییەوە، بە كەمترین سەرمایەی ڕەمزی و كۆمەڵایەتیەوە، حكومەتی بەجێهێشت، نەك تەنیا لە بەر ئەوەی بڕوای بە دیموكراسیەت و دەستاودەستكردنی دەسەڵات هەبوو. ئەمەش لەكاتێكدا كە بنەماڵەی فرانسوا میتران بەهۆی سەرمایە ڕەمزییەكەیان و ئەو پشتگیریە زۆرانەی لە نەتەوە ژێردەستەكانی وەك كوردیان كردووە، هێشتاش خاوەن ڕێز و نفوزێكی كۆمەڵایەتی و سیاسیی بەهێزن.

بەمجۆرەش، دەتوانرێ بگوترێ: هەموو كاتێك سەرمایەی ئابووری لە مەترسیدایە، چونكە هیچ سەرمایەیەك ناتوانێ بەدیلی سەرمایەی ڕەمزی بێت. یەكێك لە ڕێگاكانی دروستكردنی سەرمایەی ڕەمزی لە كۆمەڵگای ئێمەدا، بریتیە لە تێكەڵبوون و بەشداریی ڕۆژانە لە ژیان و ئەزموونەكانی كۆمەڵگادا. سەرمایەی ڕەمزی بەشێكی زۆری لەدایكبووی ئەو متمانە و نزیكیەیە كە پێویستە لە نێوان بكەرانی كایەی سیاسی و خەڵكدا هەبێت. بەشێكی بەرچاوی پێوەندیی هەیە بە نزیكایەتی لە كۆمەڵی سەركردە، نووسەر، فەیلەسووف و مرۆڤدۆست و بانگەشەكەرانی ئایینی و تێكۆشەرانی مرۆڤایەتیەوە. نزیكیی لەم جۆرە كەسانەوە، بانگهێشتكردنیان، پشتگیریان و ڕێزگرتن لە خۆیان كێشە و نەتەوەكەیان، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی سەرمایەی ڕەمزی هەرێمی كوردستان. لێرەدا ناوی كەسانی وەك ماندێلا، دالایی لاما، چۆمسكی، بێشكچی، ژیژەك، بادیۆ، ئەدۆنیس و دەیان ناوی تر بەسە بۆ ئەوەی نوخبەی سیاسی ئێمە بزانێت سەرمایەی ڕەمزی خۆی لە كوێدایە. ئەم سەرمایە ڕەمزییە لە ئێستادا و لەناو بكەرانی كایەی سیاسی ئێمەدا تەواو لاوازە. لەكاتێكدا سەرمایەی مادیی و ئابووریيان تەواو لە هەڵكشاندایە. ئەگەر ئەوان بتوانن هاوسەنگیی لە نێوان ئەم دوو جۆرەی سەرمایەدا بكەن، نفوزی كۆمەڵایەتی و سەرمایەی كۆمەڵایەتیان دەتوانێ جێگرەوەی قەیرانی ئەو بێتمانەییە بێت كە مەودایەكی فراوانی لە نێوان بكەرانی سیاسی و بكەرانی سادەی كۆمەڵایەتیدا دروستكردووە. یەكێك لە ئەنجامەكانی بەرزكردنەوەی سەرمایەی ئابووری و لاوازیی سەرمایەی كەلتووری و ڕەمزی، بەرزبوونەوەی توندوتیژی و بڵاوبوونەوەی بەدگومانی و نادڵنیایە. لەكاتێكدا بەرزبوونەوەی سەرمایەی ڕەمزیی و لەوێشەوە هەڵكشانی متمانە لە كۆمەڵگادا، پێوەرێكی باشە بۆ كەمكردنەوەی جۆرەكانی توندوتیژی و توندڕەویی كۆمەڵایەتی. پێویستە دەستەبژێری سیاسیی ئێمە بیر لەوە بكەنەوە، لەڕووی سەرمایەی مادییەوە وەك هەژارترین سەركردەی سیاسی بمێننەوە، بۆ ئەوەی لە دواڕۆژدا ببنە گەورەترین خاوەن سەرمایەی ڕەمزیی و كۆمەڵایەتی. پارە و سامان بۆكەس نامێنێ، چونكە وەك شاعیر گوتویەتی: ئەوی باقی بمێنێ هەر ناوە. هیواداریشم كەسیان بەم قسانەی من توورە نەبن، چونكە من ویستومە ئەقڵیان بجووڵێنم نەك دەروونیان..

**ئەگەر بكەرانی سیاسی بتوانن هاوسەنگیی لە نێوان سەرمایەی مادی و سەرمایەی ڕەمزی بكەن، نفوزی سەرمایەی كۆمەڵایەتیان دەتوانێ جێگرەوەی قەیرانی ئەو بێتمانەییە بێت كە مەودایەكی فراوانی لە نێوان بكەرانی سیاسی و بكەرانی سادەی كۆمەڵایەتیدا دروستكردووە**

**بنەماڵەی فرانسوا میتران بەهۆی سەرمایە ڕەمزییەكەیان و ئەو پشتگیریە زۆرانەی لە نەتەوە ژێردەستەكانی وەك كوردیان كردووە، هێشتاش خاوەن ڕێز و نفوزێكی كۆمەڵایەتی و سیاسیی بەهێزن.**







# لەئاستی کۆمەڵکوژیی خەڵکی سوریا
# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگی هەڵبژاردووە




**د.غەسان عەبدولقادر:**



## هیچ وڵاتێکی ناوچەیی بڕیاری گرتنەبەری کردەوەیەکی سەربازی نادات ئەگەر لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانی نەکرابێت

**د.ئوسامە قازی بۆ گوڵان:**



## کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی ئەو هەموو کوشتارەی دەکەوێتە ئەستۆ کە ڕژێمی سوریا ئەنجامی دەدات

ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی سیڤیلی سوریا دەکوژرێن، ئۆپۆزسیۆنی سوریا وەك ڕەفتاری ڕژێمەکەی ئەسەد پیشانی جیهانی دەدات و، تەلەفزیۆنەکەی ئەسەدیش وەك هەمان کارەسات وەك کاردانەوەی توندوتیژی و کوشتار بەدەستی خۆپیشاندەران پیشاندەدا، لەبەرامبەریشدا هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بێدەنگە و وەك چاودێرانیش ئاماژەی پێدەکەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامادەنییە هەڵوێستێکی یەکگرتووی هەبێت، کوشتارەکەی ڕۆژی شەمەی ڕابردوو کە زیاتر لە٩٠ کوژراوی لێکەوتەوە، لۆران فابیۆ وەزیری دەرەوەی فەرەنسا بەقەسابخانە ناوی بردوو داوای کرد کۆبوونەوەی دۆستانی سوریا کە ئێستا بەئامادەبوونی نوێنەری ٦٠ دەوڵەت لەئیمارات بەڕێوەدەچێت، لەفەرەنساش جارێکی دیکە کۆببنەوە، بەڵام هەموو ئەم هەوڵانە نە پێشتر توانیوویانە ڕەفتاری دڕندانەی ڕژێمی ئەسەد بوەستێنن نە پێدەچی لەئاییندەشدا بتوانن بەئاسانی بیوەستێنن، لەوانەیە پرسیارێك لێرەدا بوروژێت ئەویش ئەوەیە ئایا ڕژێمی ئەسەد نارووخێت؟ بێگومان ئێستا کەس مشتومڕ لەسەر ئەوە ناکات کە ڕژێمی ئەسەد نارووخێت، بەڵکو قسەو باس لەسەر ئەوەیە چۆن هەڵوێستێکی نێودەوڵەتی وەردەگیرێت بۆئەوەی کۆتایی بەم کۆمەڵکوژی و خوێنڕشتنە بێت و ڕۆژێك زووتر ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت، سەبارەت بەم بارودۆخەی ئێستای سوریا، پرسیارمان لە د.ئوسامە قازی سەرۆکی سەنتەری سوریا بۆ دیراساتی سوریا لەواشنتۆن و ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا و بەڕێوەبەری تەنفیزی کاروباری دارایی و ئابووری کرد، بەوەی ڕژێمی سوریا بەردەوامە لەسەرکوتکردن و کوشتنی خەڵکەکەی، پرسیارەکە ئەوەیە تاکەی ڕژێمی سوریا بەردەوام دەبێت لەسەر سەرکوتکردنی خەڵکەکەی بەم شێوەیە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا د.ئوسامە قازی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو و وتی:(لەڕاستیدا ئەمە پەیوەستە بەچەند فاکتەرێکەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەرپرسیارێتی ئەو هەموو کوشتارەی دەکەوێتە ئەستۆ کە ڕژێمی سوریا ئەنجامی دەدات، چونکە ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردانی بکردایە بۆ ڕاگرتنی کردەوەکانی ڕژێمی سوریا و هاوکاری کردنی خەڵکی سوریا- ئەوا ئەم دۆخە بەردەوام نەدەبوو-، بەڵام کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تەنیا چاودێری ڕوودانی تاوانەکان دەکات. هەروەها ئەگەر کوفی ئەنان ئیعتیراف بەشکستهێنانی ئەرکەکەی بکات، ئەوا دەبێت دەستی لێهەڵگرێت، کە من پێموایە دووچاری شکستێکی گەورە بووە، بەتایبەتی بەهۆی ڕووداوەکانی حەولە لە حمس کە نزیکەی ٧٠ بۆ ٨٠ کەس کوژراون کە لەنێویاندا منداڵ و ئافرەت هەیە و تا ئەم ساتەوەختەی ئێمە قسەی تێدا دەکەین، ئەوا بۆردومانی ڕۆکێت و تانکەکان بەردەوامە بۆ حەماس، باوەڕ ناکرێت کە هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەگەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە دەبێت ڕژێمی سوری بڕووخێت و هێشتا بڕیاری ئەوەی نەداوە کە دەستێوەردان بکات بۆ هاوکاری کردنی خەڵکی سوریا. من پێموایە لەوانەیە ئەمریکا لەم ساتەوەختەدا کە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی دەست پێدەکات نەتوانێ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدا، ئەمەش یەکێکی ترە لەهۆکارەکان، کە بەهۆی پێگەی جیوپۆلەتیکی سوریاوە دەستێوەردان لەلایەن ئەمریکا ڕێگاچارەیەکی سەرنجراکێش نییە، بەڵام پێویستە ئەو خوێنەی لەشار و گوند و شەقامەکاندا ڕژاون پاڵنەرێکی باش بێت بۆ ئەمریکا بۆ ئەوەی قەناعەت بەجیهان بکات کە پێویستە دەستێوەردان بکرێت و هاوکاری خەڵکی سوریا بکرێت و ناوچەیەکی ئارام بۆ سوریەکان دروست بکات)).

سەبارەت بە پەرتەوازەیی ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا و دڵنیا نەبوون لەبەدیلی دوای ڕژێمی ئەسەد، پرسیاری ئەوەمان لە د.ئوسامە قازی کرد، ئایا جیهان تاچەند لەبارودۆخی دوای ڕژێم ئەسەد دەترسێت؟ ئەو لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەم ترسەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەساویلکانە ناوبردو وتی:(لەڕاستیدا ئەوە پاساوێکی ساویلکانەیە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەیهێنێتەوە، کەس نەیدەزانی کێ جێی حوسنی موبارەك، یان قەزافی یاخود بن عەلی دەگرێتەوە، ئەمە پاساوێکی نابەرپەرسیارانەیە کە بۆ ماوەیەکی زۆر بەکاردەهێنرێت، چونکە ئێمە خەڵکی شارەزا و پیشەوەر و نیشتمانپەروەرمان هەیە کە دەتوانن بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ و ئەو کاتە بەهۆی دیموکراسی و هەڵبژاردنەوە خەڵکی سەرکردە و بەرپرسەکان هەڵدەبژێرن و ئێمە دیکتاتۆرێك ناگۆڕین بەدیکتاتۆرێکی دیکە، بەڵکو دیکتاتۆریەت بەسیستمێکی دیموکراتی دەگۆڕین و خەڵکی ناو سوریا دەتوانن کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن و هیچ کەسێکی دیکە لەم دیکتاتۆرە خراپتر نابێت)).

بەڵام ئەوەی د.ئوسامە قازی باسی لێوە دەکات بەوەی ئەوان وەك ئۆپۆزسیۆنی سوریا دەتوانن سیستمێکی دیموکراتی دابمەزرێنن، ئایا ئۆپۆزسیۆن بەم ئاستە یەکگرتوون و هیچ لێکترازانێك لەنێوانیاندا نییە؟ ئەم پرسیارەمان ڕووبەڕووی ڕۆژنامەنووس و شرۆڤەوانی سیاسی د.غەسان عەبدولقادر کردەوە ئەو لەلێدوانیکی تایبەتی بۆ گولان وتی: (بەپێی ئەو پێوەندی و چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ موعارەزەی سوریدا کردوومە، دەتوانم بڵێم کە هیچ یەگکرتوییەك نییە لەنێو موعارەزەی سوریدا، ئەو کەسانەی لەناو شۆڕشە و لەناو سوریادا کاردەکەن هیچ پێوەندی و هەماهەنگیەکیان نییە لەگەڵ موعارەزەی دەرەوەدا، لەبەر ئەوە دەبێت ئەو کەسانەی دژی ڕژێمەکەی ئەسەد دەجەنگن، لەدەرەوە و ناوەوە

یەکبگرن، بەڵام ئـــەوەش هەقیقەتێکە کە بەهۆی چل ساڵ دیکتاتۆریەت و نەبوونی دیموکراسی و تاوانەکانی ڕژێمەکەی ئەســـەد- دۆخی موعارەزە بەم شـــێوەیەیە-، لەبەر ئەوە پێویســـتیان بەکاتی زیاتـــرە، لەکاتێکدا داوایـــان لێدەکرێت بەرەوتێکی خێراتـــر کاربکرێـــت بۆ ئەوەی زاڵبن بەســـەر ئەم کێشـــەیەدا- کێشـــەی نەبوونی هاوکاری لەگەڵ یەکـــدا-. لەپێوەندیدا بەچەکدارکردنی موعارەزەوە، ئەوا ئەمە بۆتە ڕاستی، نەك مەسەلەیەك بڕیاری لەبارەوە بدرێت، ئێســـتا چەك لەناو سوریادا هەیە و چەکی دیکەش بەڕێوەیـــە. لەبەر ئەوەی خەڵك پێشتر ڕێگای مەدەنی تاقیکردەوە بۆ خۆپیشاندان دژی ڕژێمەکەی ئەســـەد و ئێستاش ئەو ڕێگەیە



دەگرنەبەر، بـــەڵام خەڵکانێك بڕیاریـــان داوە کە بەرگری لەخۆیان بکەن و بەرگری لەخێزانەکانیان بکەن، پێموایە ئەو کەســـانەی ئێستا دژی سوپای سوریا شەڕدەکەن پێشـــتر لەناو ئەو سوپایەدابوون و بەجێیان هێشـــتووە و ئێســـتا بوونەتە گروپێکی ڕێکخـــراو و شارســـتانین و دژی ڕژێمێکـــی دیکتاتۆری شـــەڕدەکەن. لەم بارودۆخەدا ئەوەی مـــن تێبینیـــم کـــردووە ئەوەیە لەماوەی شـــەش مانگی ڕابردودا سوریا لەدەستی ئێرانەوە کەوتۆتە دەســـتی ڕوســـیا و چیـــن، کە ئەوانیش ســـوود لەبارودۆخەکـــە وەردەگرن لەکاتێکـــدا هەڵبژاردنە ســـەرۆکایەتیەکە نزیك دەبێتەوە، هیچ سەرۆکێك، یاخود هیچ ئیدارەیەك سەرکێشـــی ئەوە ناکات لەم

کاتە هەســـتیارەدا کارێك، بەتایبەتی کردەوەیەکی ســـەربازی، دژی ڕژێمی ســـوریا ئەنجام بدات. ئێمە دەزانین کە ئەزموونی ڕۆژئاوا لەئەفغانستان و عێراقدا ســـەرکەوتوو نەبووە، لەبەر ئەوە ئێســـتا سەرقاڵی پلاندانان و چاوەڕێکردنی کاتی گونجاون بـــۆ ئەوەی بڕیاری گونجاو بـــدەن، لەوەش زیاتر، تا ئێستا ڕۆژئاوا هەوڵدەدات سەرکردەیەکی بەهێز لەنێو موعارەزەی ســـوریدا بەدی بکات، بەڵام تا ئەم ساتەوەختەش بەدی نەکردووە، ئەمەش هەڵەی موعارەزەی ســـوریە کە تا ئێســـتا سەرکردەیەکی متمانەپێکراوی بەرهەم نەهێناوە)).
بەڵام ئەو بارودۆخەی ئێســـتا لەسوریا ڕوودەدات، بەتایبەتـــی دوای ئـــەوەی پێشـــنیارەکەی ئەنان ســـەرکەتوو نەبوو، لەوە دەرچـــووە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەئاســـتیدا بێدەنگ بێت، ســـەبارەت بەم لایەنـــە و لەدرێـــژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان ڕۆژنامەنووس غەسان عەبدولقادر وتی: (هەروەك دەبینیـــن ناکۆکیەکی زۆر هەیـــە لەنێوان خەڵکی ســـوریا، کە داوای ئازادی و مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ دەکـــەن لەدژی ئـــەو کارە تاوانکاریانەی ڕژێمـــی حکومڕان ئەنجامی دەدات لەئێســـتادا. ڕژێمی حکومڕان کەڵکی خـــراپ لەبارودۆخەکە وەردەگرێـــت و هەوڵـــدەدات گروپـــە تائیفـــی و ئیتنییەکان لەدژی یەکتر بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوە هەبێت لەنێوانیاندا. واتە هەوڵدەدات شۆڕشەکە بگۆڕێت بۆ شەڕی ناوخۆ،

ڕژێمەکەی پێشـــتر هەوڵی لەم شـــێوەیەی داوە و ئێســـتاش بەردەوامە، ئەمە لەسەر ئاستی سوریا. لەســـەر ئاستی لوبنان ڕژێمی ســـوریا هەوڵدەدات کێشەکە بگوازێتەوە بۆ لوبنان و پشێوی لەو وڵاتەدا دروست بکات و ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان گروپە تائیفـــی و ئاینییـــە جیاوازەکانی لوبناندا دروســـت بکات، ئەوجا ئەگەر لێرەوە بێمەوە ســـەر پێشـــنیارەکەی ئەنان، ئەوا پێموایە کارێکی ژیرانە بوو کە بەشێك لەم موعارەزە ئەم پلانەی قبووڵکرد و باوەڕم وایە ئەمە دەبێتەهۆی ئیحراجکردنی ڕژێمی ســـوریا و پێموایە کاراتر دەبێت ئەگەر بەبڕیارێکی ئەنجومەنی ئاســـایش پاڵپشـــتی لێبکرێت، باوەڕم وایە ئەمە ســـەرەتایەکی باشە، ئەگەرچی هێشتا خوێنڕێـــژی و کوشـــتار و تاوانەکانـــی ڕژێمەکە بەردەوامە و بەبۆچوونی من هەموو ئەو گردبوونەوە و چاوپێکەوتن و کۆنفرانسانە بەدەرئەنجامێکی باش دەگەن، بەڵام هەروەك لەسەرەتای چاوپێکەوتنەکەوە ئاماژەمان پێکـــرد، دەبێت چاوەڕێـــی تەوابوونی هەڵبژاردنە ســـەرۆکایەتیەکەی ئەمریکا بکەین بۆ ئەوەی بڕیارێکی تونـــد دەربچێت و ئەو بڕیارەش لەبەرزترین ئاســـتی نێودەوڵەتیەوە بێت، کە نەتەوە یەکگرتووەکانـــە، چونکە هیچ وڵاتێکی ناوچەیی بڕیاری گرتنەبەری کردەوەیەکی ســـەربازی نادات ئەگەر پاڵپشتی نەکرابێت بەبڕیارێکی نێودەوڵەتی و لەلایـــەن نەتـــەوە یەکگرتوەکانەوە پشـــتیوانی نەکرابێت)).



گریگۆری گەوس بۆ گوڵان:

# ئەنقەرە و واشنتۆن دوودڵن لەهەڵگرتنی هەنگاوێکی سەربازی دژی ڕژێمی ئەسەد، لەبەر ئەوەی ترسیان لەوەیە نازانن دواتر چی ڕوودەدات

**پرۆفیسۆر گریگۆری. ئێف. گەوس ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی ڤیرمۆنت و بەڕێوەبەری دیراساتی پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت بووە لەهەمان زانکۆ و هەروەها ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکانیشـــە لەکیندی سکوڵ لەزانکۆی هارڤارد، پرۆفیسۆر گەوس یەکێکە لەتۆژەرە گەورەکانی ئەنجوومەنی سیاســـەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دیراساتەکانی لەگۆڤارەکانی فۆرن ئەفیرز و فۆرین پۆلیســـی و میدل ئیســـت جۆرناك و گۆڤاری کاروبای نێودەوڵەتی بڵاو دەبێتەوە و لەهەردوو دامەزراوەی ڕەند و ئامۆژگاری برۆکینگیزیش تۆژەرە، بۆقســـەکردن لەســـەر ڕەوشی ئێســـتای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و ئەو گۆڕانکاریانەی لەهاوکێشەی هێز و ململانێی نێودەوڵەتی لەو ناوچە هەســـتیارە ڕوویانداوە، گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ پرۆفیســـۆر گریگۆری گەوس ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** کاتێـــك ســـەرنج لەگۆڕانکاریەکانـــی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت دەدەیـــن، ئەوا دوو هـــۆکار لەبەرچاو دەگریـــن کە کاریگەری ڕاســـتەقینەیان هەیە کە شەڕ دەکەن لەپێناو بەرژەوەندی و هاوسەنگی هێزدا، ئەوا دەبینین لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتی بۆتە شەڕی نێوان بەرژەوەندی چین و ڕوســـیا لەلایەك و ئەمریکا و ئەوروپا لەلایەکی دیکەوە. بەپێی بۆچوونی ئێوە تا چ ئەندازەیەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێتە زەمینەیەك بۆ شەڕی سارد لەنێوان ڕوســـیا و چین لەلایەك و ڕۆژئاوا لەلایەکی دیکەوە؟**

- هەڵەیە ئەگەر تێکڕای ناوچەکە بەزەمینەی شەڕێکی سارد دابنێین، بەچەشنی ئەوەی لەنێوان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا هەبوو، ڕوسیا و چین بەرژەوەندی تایبەتیان هەیە لەڕێگرتن لەدروســـتبوونی سابقەیەك بۆ دەســـتێوەردانی نێودەوڵەتی ســـەربازی لەسیاســـەتی ناوخۆیی ئـــەو وڵاتانەدا کە مافی هاووڵاتیەکانیان پێشێل دەکەن. لەبەر ئـــەوە چوونەتە بەرەیەکەوە لەدژی ئەوروپا و ئەمریکا لەپێوەندیدا بەکێشەی سوریاوە. بەڵام ئەوەی پێوەندی بەکێشە و پرسەکانی دیکەوە هەبێت، ئەوا دابەشبوونەکە ئەوەندە زەق نییە، وەك کێشـــەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران. لەکاتێکدا نە ڕوســـیا و نە چین پشتیوانی کردارێکی ســـەربازی ناکـــەن لەو وڵاتەدا، بەڵام هەردوولایان ئامادەی هاوکاری کردنن بۆ خســـتنەگەڕی هەوڵ و کۆششـــێکی دیپلۆماســـی بۆ ســـنووردارکردنی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران.

**ڕووداوەکانی بەهاری عەرەب پێگەی ئەمریکایان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لاوازکردووە**

*** حاڵی حازر هەست دەکەین گۆڕانکاریەکانی**

**ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەریانکێشاوە بۆ جۆرێك لەناسەقامگیری لەسەر ئاستی ناوچەکە، چونکە گۆڕانکاریەکان لەبەرژەوەندی ئێران بوون، کە هەمیشە سعودیە نیگەران بووە لەبارەیانەوە و هەمیشە ترسی لەدروستبوونی هیلالی شیعە هەبووە کە لەگەروی هورمزەوە بۆ کەنداوی عەقبە درێژبێتەوە، هەروەها مایەی مەترسی بووە بۆسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا و وڵاتانی هەناردەکەری نەوت، پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم گۆڕانکاریانە پێگەی سعودیە دەخەنە مەترسیەوە؟**

- سعودیە خۆی بەپێشەنگی بەرەی عەرەب دەزانێت بۆ وەستانەوە لەدژی دەستێوەردان و پەلکێشانی سیاسی ئێرانی بۆ ناو جیهانی عەرەب. باوەڕم وایە سعودیە موبالەغەی کردووە لەلێکدانەوەیدا بۆ هێز و ڕۆڵی ئێران لەهەندێ ڕووداوی ناوچەکەدا، وەك بەحرەین و یەمەن. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوان لەوەدا پێکاویانە کە ئێران دەستڕۆیشتوویی هەیە لەعێراق، لوبنان و تەنانەت خاکی فەلەستیندا و ئێرانیش هاوپەیمانی ئیقلیمی گەورەی سوریایە. لەم ڕوانگەیەوە سعودیە پشتیوانی موعارەزەی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد دەکات.

*** پێشتر میسر هاوپەیمانی ئەمریکا بوو، بەڵام حاڵی حازر کەس نازانێت میسر دەبێتە وڵاتێکی نزیك لەئەمریکا بەچەشنی ڕابردوو یان نە، هەروەها تورکیا و ئیسرائیل پێوەندیەکی ناسەقامگیریان هەیە. بەپێی بۆچوونی ئێوە، تا چەند ئەم گۆڕانکاریانە پێگەی ئەمریکایان لەناوچەکەدا لاوازکردووە؟**

- ڕووداوەکانی بەهاری عەرەب پێگەی ئەمریکایان لەناوچەکەدا لاوازکردووە، تا ڕاددەیەکی زۆر بەهۆی کەوتنی موبارەك و نادڵنیایی لەئاست سیاسەتی ئاییندەی میسردا. بەڵام ڕکابەرەکانی ئەمریکاش لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست سوودمەند نەبوونە لەم ڕاپەڕینانە. ئێران کەوتۆتەبەر فشار بەهۆی ڕاپەڕینەکەی سوریاوە. ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بایەخی کەمتر و کەمتر دەبێتەوە لەجیهانی عەرەبدا. کەواتە حاڵی حازر جیوپۆلەتیکی ناوچەکە لەدۆخی شلۆقیدایە. ئەمریکا هەمان پێگەی باڵادەستی نابێت کە لەساڵانی نەوەتەکان و سەرەتای دوو هەزارەکاندا هەیبوو، نە لەمیسر و نە لەعێراق. بەڵام هێشتا ڕوون نییە ئایا دۆخی نوێی ناوچەکە چۆن دەبێت.

*** سوریا وڵاتێکە ڕووخانی یان بەردەوامبوونی هاوکێشەکە دەگۆڕێت، ئەگەر ڕژێمەکەی ئەسەد نەڕووخێت، ئەوا تا ئەندازەیەکی زۆر دۆخەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە، هەروەها ڕووخانەکەی هەلومەرجەکە دەگۆڕێت. بەپێی بۆچوونی ئێوە تا چ ئەندازەیەك ڕووخانی ڕژێمی سوریا لەبەرژەوەندی ئەو هێزانەیە کە خۆیان بەهاوپەیمانی ڕۆژئاوا دادەنێن؟**

- بەدڵنیاییەوە سعودیە خۆی پابەندکردووە بەڕووخاندنی ئەسەدەوە، ئێرانیش ئەرکی هێشتنەوەی ئەسەدی لەدەسەڵاتدا خستۆتە ئەستۆی خۆی. هەروەها تورکیا ئاماژەی بەوە داوە کە خوازیاری ڕۆیشتنی ئەسەدە. بەهەمان شێوە ئەمریکاش ئاماژەیەکی لەم چەشنەی داوە. کێشەکە ئەوەیە ئەنقەرە و واشنتۆن دوودڵن لەهەڵگرتنی هەنگاوێکی سەربازی لەم وڵاتەدا، ئەویش لەبەر ئەوەی ترسیان هەیە لەکارێکی سەربازی درێژخایەنەوە تێوەبگلێن و بەهۆی ئەوەی ترسیان هەیە لەوەی دواتر چی ڕوودەدات.

*** تا چ ڕاددەیەك پێشبینی دەکەن دوای ڕووخانی ڕژێمی سوریا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو سەقامگیری و ئاساییبوونەوە دەچێت؟**

- من دڵنیانیم لەڕووخانی ڕژێمی سوریا، لەبەر ئەوە ترسم هەیە لەوەی ئەم جەمسەرگیری و ناسەقامگیریە بۆ ماوەیەك درێژە بکێشن. تەنانەت ئەگەر بڕووخێت، ئەوا دۆخی ناوخۆیی نادیار لەلیبیا بۆ میسر و لوبنان، سوریا و عێراق سەقامگیربوون و ئاساییبوونەوەی دۆخی ناوچەکە دەکەنە کارێکی زەحمەت.

*** تا ئێستا دۆخەکە بەو شێوەیە وەسف دەکرێت کە بریتییە لەهەڵکشانی هێزە ئیسلامیەکان، حاڵی حازر هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکان دەستیان پێکردووە و پێشبینیەکان ئەوە**

**بەگومانم لەوەی ئەمریکا لەئاییندەی نزیکدا، ستراتجیەتێکی درێژخایەنی هەبێت بۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ وڵاتێکی عەرەبیدا کە ئیسلامیەکان حکومڕانی بکەن**

**ڕوسیا و چین بەرژەوەندی تایبەتیان هەیە لەڕێگرتن لەدروستبوونی سابقەیەك بۆ دەستێوەردانی نێودەوڵەتی سەربازی لەسیاسەتی ناوخۆیی ئەو وڵاتانەدا کە مافی هاووڵاتیەکانیان پێشێل دەکەن**

**دەخەنەڕوو کە ئەنجامەکە لەبەرژەوەندی پاڵێوراوی ئیسلامیەکان بێت. بەبۆچوونی ئێوە تا چەند ئەم هێزە ئیسلامیانە دەبنە هاوپەیمانی ئەمریکا؟**

- من گریمانەی ئەوە ناکەم ئیسلامیەکان سەرکەوتوودەبن لەهەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکی میسردا. لەماوەیەکی کورتدا دەیبینین. بەڵام پرسیارە گەورەکە گرنگترە. زۆر زەحمەتە بۆ ئەمریکا پێوەندیەکی نزیکی هەبێت لەگەڵ ئیسلامیە مۆدێرنەکان(سعودیە ناچێتە ئەم خانەیەوە) وەك لەگەڵ عەلمانیە تاکڕەوەکاندا. ئیسلامیەکان بەگومانن لەئەمریکا لەبەر لیبراڵیزمبوونی، لەبەر پێوەندیەکانی بەئیسرائیلەوە، بەهۆی ئەوەی مێژوویەکی هەیە لەپشتیوانیکردن لەدوژمنە ئیسلامیەکان، وەك موبارەك. هەروەها ئەمریکاش بێ متمانەیە لەئیسلامیەکان، چونکە ئیسلامیەکان پێوەری ڕۆژئاوایی بۆ مافەکانی مرۆڤ و مافی ئافرەتان قبوڵ ناکەن، هەروەها لەبەر ئەوەی بەرهەڵستی ئیسرائیل دەکەن و بەشێوەیەکی گشتی بەرهەڵستی سیاسەتی ئەمریکا دەکەن لەناوچەکەدا. کەواتە لەمپەر و ئاستەنگی جددی هەیە. بەڵام کاتێك دەگەنە دەسەڵات، ڕەنگە ئیسلامیەکان بەباشی بزانن پێوەندی باشیان هەبێت بەواشنتۆنەوە، هەروەها ڕەنگە ئەمریکاش ئەمە لەبەرچاو بگرێت. ئەو پێوەندیەش پتر لەسەر بنەمای پێوەندیە ئابووریەکان و یەکگرتنی کورتخایەنی بەرژەوەندیەکانە لەئاست هەندێ مەسەلەی سیاسی دیاری کراودا. من بەگومانم لەوەی ئەمریکا، لەئایندەی نزیکدا، ستراتجیەتێکی درێژخایەنی هەبێت بۆ هاوپەیمانێتیکردن لەگەڵ وڵاتێکی عەرەبیدا کە ئیسلامیەکان حکومڕانی بکەن.




# بەهاری عەرەب
# بەگوڕ و تینتر دەبێت



چەیم کۆفمان*
تایبەت بۆ گوڵان نووسیوویەتی

(( ئەگەر سوریا بڕوخێت، ڕوسیا بە لاوازی دەمێنێتەوە و هاوپەیمانێکی نامێنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد ئەمەریکا و چین وەک ڕکابەر لە یەکتر ئەڕوانن، ئەمەریکاش بیر لە «ئیحتیواکردن»ی چین دەکاتەوە هەرووەک ئەوەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا کردی، بەڵام چین خەونی جیهانی بەرزەفڕی نییە بە چەشنی ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت هەیبوو))

هەڵکشانی ئیسلامی سوننە لە تونس، لیبیا، میسر، ڕەنگە یەمەنیش و ئەگەری ئەوە هەیە وڵاتانی دیکەش بگرێتەوە نابێتە هۆی ئەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا مایەی ناکۆکییەکی زیاتر بن. هۆکارە سەرەکییەکە ئەوەیە پاڵنەری ئەم یاخیبوونانە توڕەبوون بوون لە گەندەڵی و ئەدای خراپ و سەرکوتکاری ڕژێمە کۆنەکان، واتە پاڵنەرەکە ئاین نەبوو. ئەم ڕژێمە نوێیانە تێیدا ئیسلامیەکان باڵادەستن، ئەویش نەك لەبەرئەوەی گۆڕانکاری گەورە لە تێڕوانین و دیدی خەڵکدا ڕوویداوە لە بارەی ئاینەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ڕژێمە کۆنەکان ڕێگربوون لە سازدان و خۆڕێکخستنێکی سیاسی ئاسایی، واتە مزگەوتەکان بوونە تاکە شوێنێك کە ڕێکخستن و سازدانی سیاسی تێیاندا مومکین بێت. کڵێسای کاسۆلیکی هەمان ڕۆڵی بینی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا. ساڵی پێش شۆڕشەکانی ١٩٨٩ کڵێساکان پڕبوون و جمەیان دەهات، بەڵام دواتر دەرکەوت کە پۆڵەندی، هەنگاری و ئەوروپیە ڕۆژهەڵاتیەکانی دیکە نەبوونی کەسانێکی پتر ئاینی بە بەراورد بە ڕابردوو نفوزی کڵێساکەش ئاوابوو.

هەروەها ڕژێمە نوێیەکان پتر دوژمنی ئەمەریکا یاخود ئەوروپای ڕۆژئاوا نابن، لەبەر ئەوەی هێزە دەرەکییەکان هەوڵی شکستپێهێنان و بەرپێگرتنی ئەم شۆڕشانەیان نەدەدا و نابێت کەس ئەوەی لە یادبچێت کە ئەوان لە لیبیادا هاوکاربوون. میسر هەڵوێستێکی توندتری دەبێت لە ئاست ئیسرائیلدا، نەك لەبەر پێکهاتەی ڕژێمی نوێی میسر، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەرگیز ڕای گشتی میسر پشتیوانی سیاسەتی ڕژێمی پێشوویان نەدەکرد بەبوونی پەیوەندی ئاسایی لەگەڵ دەوڵەتی جولەکەدا. هەروەها ڕژێمە نوێیەکان مامەڵەیەکی خراپتر لەگەڵ کەمینەکاندا ناکەن، بە تایبەتی لەگەڵ قیبتیەکانی میسردا. لە کاتی شۆڕشەکە و لە دوای شۆڕشەکەش ئاسان بوو بەو شێوەیە باس لە کەمینەکان بکرێت کە بە ڕاستی بەشێك نین لە نەتەوەکە، یاخود خراپتر باس لەوە بکرێت کە هاوکاری ڕژێمە کۆنەکە بوون. ئەو ڕاستیەی ڕژێمە کۆنەکە مامەڵەیەکی باشی لەگەڵ کەمینەکاندا نەکردووە گرنگیەکی ئەوتۆی نییە.

سوریا جیاوازە، ئایا ئۆپۆزسیۆنە شۆڕشگێڕییەکە تا چ ئەندازەیەك ڕژێمێکی ڕادیکاڵ دەبێت، ئەوا ئەمە بە ڕاستی دەوەستێتە سەر ئەوەی پێویستە چ ئاستێك لە توندوتیژی بەکار بهێنن بۆ ئەوەی دەسەڵات بە دەست بهێنن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە ئێستادا شەڕە ناوخۆییەکە چەند خوێناوییە، ئەوا ئەگەر شۆڕشگێڕەکان سەرکەوتووبن ئەگەری ئەوە هەیە ڕژێمە نوێیەکە پتر ڕادیکاڵ بێت لە هەر ڕژێمێکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئێرانیشەوە. هەروەها بە پێچەوانەی شۆڕشەکانی دیکەی بەهاری عەرەبییەوە، ئەمە شۆڕشێکی نێوکۆمەڵگەیە. ئەوەی گرنگە دابەشبوونی نێوان شۆڕشگێڕانی سوننە و عەلەوییەکان- کە کۆنترۆڵی ڕژێمەکەیان کردووە-ئەوە نییە دابەشبوونەکە تائیفی بێت، بەڵکو ئەو دابەشبوونە بوونی هەیە، بەڵام ئێستا وەك دوژمنێکی جەماعی لە یەکتری دەڕوانن. لایەنەکان لەگەڵ یەکدا هەڵناکەن و نایانەوێت کۆمەڵگەکە چاکسازی تێدا بکرێت بۆ ئەوەی خزمەت بە هەموویان بکات، بەڵکو دوای ئەو هەموو کوشتارە، ئەوان دەیانەوێت زاڵبن بەسەر یەکتریدا یاخود یەکتری لە ناو ببەن.

ئەگەر شۆڕشگێڕەکان دەسەڵات بگرنەدەست ئەوا ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کەسانێکی سەلەفی بن یاخود هاوسۆزبن لەگەڵ جیهادییە نێودەوڵەتییەکاندا- هیچ یەکێك لەمانە پشتیوانی ناکرێن لە سوریادا. ئەوەی ڕوودەدات جیاکردنەوەیەکی ڕوونی نێوان دۆست و دوژمنەکانە. مافی کەمینەی عەلەوی، هەروەها مەسیحیەکانیش (کە شۆڕشگێڕان پێیان وایە، کە هەندێ ڕاستیش هەیە لە بۆچوونەکەیاندا، ئەوان هاوپەیمانی ئەسەدن) پێشێل دەکات، ڕەنگە مامەڵەی خراپ لەگەڵ کەمینەکانی دیکەشدا بکات، لە نێویاندا کوردەکان. هۆکاری دووەم بۆ ئەوەی ڕژێمی نوێی سوریا مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵ کەمینەی کوردەکاندا بکات ئەوەیە کە لە سەرکەوتنەکەیدا خۆی بە قەرزاری تورکیا بزانێت. ئەمە بەو مانایە نایەت کوردەکان بە پشتیوانیکردنی ئەسەد دەستکەوت بەدەست دەهێنن، کە ئەویش مامەڵەیەکی باشی لەگەڵدا نەکردوون. تەنانەت لەوەش گرنگتر، زۆرینەی سوننە درەنگ یان زوو دەگەنە دەسەڵات. هەر کەس و لایەنێك هاوکاری ڕژێمی کۆنی کردبێت ئەوا سەرکوت دەکرێت.

ڕژێمی شۆڕشگێڕی لە سوریا دەبێتە دوژمنی عێراق و ئێران لە کاتێکدا ئەوان- عێراق و ئێران- بەو شێوەیە لە مەسەلەکە دەڕوانن، هەروەها ڕژێمێکی شۆڕشگێڕی دەبێتە دوژمنی عێراق و ئێران لە کاتێکدا، ئەم دوو وڵاتە- عێراق و ئێران بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سورییەکان چ کردەوەیەك بەرامبەر کەمینەی عەلەوی ئەنجام دەدەن، پەیوەندییەکی خراپیان لەگەڵ هەر لایەکدا دەبێت کە پێیان وایە هاوکاری شۆڕشگێڕەکانیان کردووە- بە تایبەتی تورکیا، سعودییە و قەتەر. ئەمە مەترسی هەڵگیرسانی شەڕی نێودەوڵەتی زیاد ناکات، ئێران نیازی هێرشکردنە سەر دەوڵەتە دراوسێکانی نییە، عێراقیش زۆر سەرقاڵە بە دۆخی ناوخۆوە. هەروەها مەترسی دروستبوونی میحوەرێکی هەمیشەیی نییە لە نێوان تەهران و بەغدا؟ شیعەکانی عێراق ئەوەندە متمانەیان بە خۆیانە لەسەر ئاستی کەلتوری و نەتەوەیی کە نەبنە ملکەچی سیاسەتی ئێران زیاتر لە هەر هەڕەشەیەکی ناوخۆیی یان دەرەکی کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەمە لە ساتەوەختێکی دیاری کراودا پێویست بێت، بەڵام ئەو ڕاستیەی کە هەڕەشەکە





ئەوەندە گەورە نییە بە زەرووڕەت نابێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتە سوننەکان کاردانەوەی زیاد لە پێویستیان نەبێت، پەنابردنی سعودییە و تورکیا بۆ دەستکردن بە بەرنامەی دروستکردنی چەکی ئەتۆمی ئەگەرێکە. هەر شتێك عێراق و ئێران لێکنزیك بکاتەوە پانتایی و بواری مانۆڕکردن بۆ کوردەکانی هەردوولات کەم دەکاتەوە، پەیوەندی خراپی نێوان ئەم دوو وڵاتە و تورکیا پانتاییەکی کراوە دەخوڵقێنێت. ئەوە ڕوون نییە کە چ کاریگەرییەکیان بەهێزتر دەبێت.

من تا ئێستا ئاماژەم بە هێزە باڵاکان نەکردووە لەبەر ئەوەی لە هەموو ئەم پرسانەدا ئەکتەرێکی کەمتر گرنگن، ڕوسیا بە لاوازی دەمێنێتەوە ئەگەر سوریا بڕوخێت ئەوا هاوپەیمانێکی نامێنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد ئەمەریکا و چین وەك ڕکابەر لە یەکتر ئەڕوانن، ئەمەریکاش بیر لە «ئیحتیواکردن»ی چین دەکاتەوە هەروەك ئەوەی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا کردی. بەڵام چین خەونی جیهانی بەرزە فڕی نییە بە چەشنی ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت هەیبوو، هەروەها ئەمە ناکۆکیەکی ئایدۆلۆژی نییە تاوەکو ڕکابەرییەکە توندتر بێتەوە. جگە لە ئاسیای ڕۆژهەڵات، ئەوا ئەگەری ئەوە نییە ئەمەریکا و چین بکەونە ململانێیەکی توندەوە بۆ بەدەستهێنانی دۆست و هاوپەیمان، هەروەك ئەوەی لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و ئەمەریکادا هەبوو. گرنگترین بەرژەوەندی چین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا- هەناردەکردنی ئازادی پێترۆڵە- کە ئەمە هەمان بەرژەوەندی ئەمەریکایە. لەبەر ئەوە کاتێك دەبینین هێزە گەورەکان ڕەخنە لە یەکتر دەگرن، یاخود لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕێگری لە بڕیارەکانی یەکتر ئەکەن، ئەوا لەوە زیاتر ڕکابەرییەکەیان کاریگەری نابێت لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەو پێیە ئەمەریکا بوارێکی بەرچاوی ئازادی کارکردنی هەیە، جگە لە ئیحتیواکردنی ئێران، ئەمەریکا نازانێت چیتری لەگەڵدا بکات. ئەگەرچی ئەمەریکا خوازیاری مانەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد نییە، بەڵام دوو دڵە لەوەی هاوکاری زیاتری شۆڕشەکە بکات، لە بەشێکیدا لەبەر ئەوەی پێشبینی دەکرێت ئەم کارە وەك کارێکی قێزەوەن سەیر بکرێت، بەڵام زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ئەمریکا خوازیاری ئەوە نییە لایەنگیری بکات لە ڕکابەری نێوان شیعە و سوننەدا، بەمشێوەیە عێراق زیاتر نزیك بکاتەوە لە ئێران. ئەگەر کاریگەری ناوچەی شەڕی ناوخۆیی سوریا تەواو ئاڵۆز بێت ئەوا دەکرێت ئەمەریکا ناچاربێت هەڵوێستێك بگرێتەبەر کە لە بەرژەوەندی سوننەکان بێت، بەڵام ئەو کارە ئارەزوومەندانە ناکات.

*** ئوستادی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانە لەزانکۆی لیهای ( Lehigh)، پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

# سعودیەو بەحرێن:
# پڕۆژەی یەکگرتنێکی سەربەگۆبەند



فەرید ئەسەسەرد

ئەگەرچی هیچ پێوەندییەك لەنێوان کوردو بەحرێندا نییە، بەڵام پڕۆژەی ئەم دواییەی یەکگرتنی عەرەبستانی سعودی و بەحرێن کەبووە مایەی نارەزایی شیعەکانی بەحرێن، پرۆژەیەکی ٤٩ ساڵ لەمەوبەری تایبەت بەیەکخستنەوەی هەر سێ دەوڵەتی عیراق و سوریاو میسر لەچوارچێوەی یەك دەوڵەتدا بەبیر دێنێتەوە.

پرۆژەکەی سعودیە- بەحرێن هیچ قورساییەکی سیاسی بۆ شیعەکانی بەحرێن ناهێڵێتەوە چونکە تەنیا مانەوەی بەحرێن وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ گەرەنتیی ئەوە بەشیعەکانی ئەو وڵاتە دەدا کەوەك زۆرینەی دانیشتووان بمێننەوە، لەکاتێکدا یەکگرتنەکە دەیانکاتە کەمینەیەکی پەراوێزخراو بێ بایەخ. سوننەکان لەبەحرێن کەمینەن، بەڵام لەساڵی ١٧٨٣وە بنەماڵە سوننییەکەی خەلیفە بەحرێن بەڕێوە دەباو لەبەرەنجامی کۆتاییدا سوننەکان، بەتایبەتی پاش سەربەخۆبوونی بەحرێن لەساڵی ١٩٧١، بوون بە کەمینەی سەردەستی ئەم وڵاتە.

شیعەکانی بەحرێن کە زۆرینەیەکی ژێردەستەن، دژی یەکگرتنەوەن لەگەڵ سعودیە چونکە پێیان وایە بەم یەکگرتنە گلۆڵەیان دەکەوێتە لێژی. ساڵی ١٩٦٣ کوردی عیراق ئەزموونێکی نزیك لەم ئەزموونەی شیعەکانی بەحرێنی بەخۆوە بینی، کاتێك بەعسییەکان و ناسیونالیستەکان کەوتنە بانگەشەکردن بۆ یەکخستنی هەر سێ دەوڵەتی عیراق و سوریا و میسر لەژێر سەرکردایەتیی جەمال عەبدولناسر.

کوردی عیراق بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ ڕێژەی ١٧٪ی دانیشتووانی عیراقی پێك دەهێنا. بەڵام ئەگەر عیراق و سوریاو میسر یەکیان بگرتایە، ژمارەی دانیشتوانی دەوڵەتە یەکگرتووەکە خۆی لە٤٠ ملیۆن کەس دەداو لەم سۆنگەیەوە ڕێژەی کورد لە ١٧٪وە دادەبەزییە ئاستی ٣,٥٪، کەئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر پێگەی سیاسیی کورد بەجێ دەهێشت. لەو هەلومەرجەدا تاڵەبانی وەك سەرۆکی شاندی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ وتووێژ لەگەڵ بەغدا، پێشنیاری کرد ئەگەر عیراق و سوریاو میسر ڕێکخستنێکی فیدراڵییان هێنایە دی، دەبێ ئۆتۆنۆمی بۆ کورد بسەلمێنرێ و ئەگەر وەك سێ هەرێم یەکگرتنی تەواویان بەدی هێنا، دەبێ کوردستان ببێتە هەرێمی چوارەمی یەکگرتنەکە.

ئەو نیگەرانییەی کەساڵی ١٩٦٣ کورد لەیەکگرتنی عیراق و سوریاو میسر هەیبوو، شیعەکانی عیراقیش هەیانبوو چونکە ڕێژەی شیعەکان کە لەعیراق خۆی لەقەرەی ٥٠٪ دەدا، لەدەوڵەتە یەکگرتووەکەدا دادەبەزییە ئاستی ١٠٪. لەبەحرێن شیعەکان لانی کەم ڕێژەی ٦٠٪ی دانیشتووان پێکدێنن، لەکاتێکدا لەهەر یەکگرتنێکدا لەگەڵ سعودیە ڕێژەیان دەدابەزێتە ئاستی ١,٥٪.

پرۆژە پێشنیارکراوەکەی یەکگرتنی سعودیەو بەحرێن زادەی نیگەرانیی بنەماڵەی خەلیفەیە لە ڕەوشی ڕووداوەکانی بەحرێن و دڵنیا نەبوون لەتوانای کۆنترۆڵ کردنی باردۆخەکە. شیعەکانی بەحرێن پەی بەهۆکایەنی پرۆژەکە دەبەن و وەك ڕەنگدانەوەی گەلەکۆمەکێی هەردوو بنەماڵەی سعودو خەلیفە تەماشای دەکەن.

ئەگەرچی هێشتا ئایندەی پرۆژەکە بەهەڵپەسێردراوی ماوەتەوە، بەڵام لانی کەم بەدی هێنانی، دوو کێشەی گەورە دروست دەکا. یەکێکیان نارەزایی ئێرانە لەم پرۆژەیە. نیشانەی نارەزاییەکەش، زیندووبونەوەی بانگەشەی بەئێرانی ناساندنی بەحرێنە کەمەسەلەیەکە لەساڵی ١٩٧١ـەوە یەکلابۆتەوە. بەڵام ئەم بانگەشەیە ناوبەناو لەکاتی شەڕی عیراق- ئێراندا سەری هەڵدایەوەو پاشان دامرکایەوە. کەچی لەم هەلومەرجەی ئێستادا دیسان سەری هەڵدایەوەو ڕەنگە کاریگەریی خراپ لەسەر ڕەوشی سەقامگیریی ناوچەی کەنداو بەجێ بهێڵێ. دووەمیشیان پەرەسەندنی گیروگرفتی شیعەکانی عەرەبستانی سعودییە کە کەمینەیەکی گەورەی ئەو وڵاتە پێکدێنن و ڕەنگە ڕوداوەکانی بەحرێن ئەوانیش بخاتە جۆش و خرۆش، بەتایبەتی کەیەکگرتنی سعودیەو بەحرێن کێشەی شیعەکانی بەحرێن دەکاتە کێشەیەکی سعودی و ڕەنگە ئەمە سعودیە بەرەو ململانێیەکی مەزهەبی هەم لەناوخۆ هەم لەگەڵ ئێراندا پەلکێش بکا.

خەفەبوونی گەرم و گوڕیی پرۆژەکە بەڵگەی ئەوەیە کەسعودیە هێشتا لێی دودڵەو هێشتا پێویستی بەکاتێکی زۆرترە بۆ تاوتوێ کردنی، کاتێکی وا کە کەس نازانێ چەند دەخایەنێ و بە چ سەرەنجامێك دەگات.

**ئەو نیگەرانییەی کەساڵی ١٩٦٣ کورد لەیەکگرتنی عیراق و سوریاو میسر هەیبوو، شیعەکانی عیراقیش هەیانبوو چونکە ڕێژەی شیعەکان کە لەعیراق خۆی لەقەرەی ٥٠٪ دەدا، لەدەوڵەتە یەکگرتووەکەدا دادەبەزییە ئاستی ١٠٪**

# لەوکاتەی تورکیا بە دوای داهاتووی خۆی دەگەڕا

(( پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا بەهێز دەبێت، چونکە تورکیا دەست دەکات بە کارکردن لەسەر یەدەگی نەوت و گازی وڵاتانی دەوروبەری، ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرێک بۆ هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری خۆی. سەرەڕای ئەوەش کە پەیوەندییەکان زۆر بەهێزتر و سروشتی تر دەکات ئەوا دەشبێتە ڕێگەیەکی ئاسایش و متمانەپێکراوی دابینکردنی وزە بۆ ئەورووپا)).



دۆغو ئەرگیل*

مانگانە تایبەت بە گوڵان دەینوسێت

تورکیا لەم چەند ساڵەی دواییدا وەك باشترین نموونەیە بۆ گونجانی دیموکراسی و ئاین: دیموکراسی و کۆنسێرڤەتیڤی پێکەوە نیشان درا. ئەوانەی ئەم کارەیان کرد هەڵیان نەکرد، ئەو ئاك پارتی کەوا پارتێکی ئایینی ناسراو بوو توانی ئازادییەکان فراوان بکات و دەوڵەت لە داخراوی سەربازییەوە بۆ کرانەوە بۆ ڕووەو دەرەوە وەرچەرخان، ئاك پارتی ئەوەی دەرخست کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەلتووری ئەورووپا نییە، چونکە سەردەمانێك بە هاوپێچ و نەگونجان تاوانبار کرابوو. خەڵکی بۆ یەکێتی ئەورووپا ئامادە و ئاشنا کرد، پەیوەندییە گرژ و ناکۆکیەکانی لەگەڵ دەوڵەتانی دەوروبەر گۆڕی بۆ پەیوەندی هاوپەیمانێتی و قازانج.

هەرچەندە لەدوای جێگیربوونی دەسەڵاتداریێتی ئاك پارتی ریفۆرم بەو خێراییە نەبوو، زیاتر لایەنی کۆزێرڤاتیڤی دەرکەوت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە؛ ئایا دوای ئەوەی ئاك پارتی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناو توانی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێت، بۆ هەموو گروپ و ئایین و ئایدلۆژیا و بیروو بۆچوونێك موژدە بەخش بووە؟ لەبەرامبەر تورکیادا ئێستا ئەندەنووسیا وەك هاوتای تورکیا بۆ گونجانی ئایینی و دیموکراسی پێکەوە دەردەکەوێت، بەڵام ئەندەنووسیا بەهەشتی موسڵمانە دیموکراتەکان نییە، بەڵکو لەو وڵاتە کەنیسەی کریستیانەکان دەسووتێنرێت و کەمینەکان ڕووبەڕووی هێرش دەبنەوە، کە هەمان ڕەفتاریش پێشتر لە تورکیای عەلمانی ڕوویدەدا، بەڵام زۆر بە داخەوە لەکاتێکدا تورکیا و ئەندەنوسیا کە بە نموونەی بەختەوەری و گونجانی دیموکراسی و ئیسلام نیشاندەدران، لە ماوەیەکی کورتدا، ئەوانەی کە بە ئاشتیانە خۆپیشاندان دەکەن و ئەوانەشی وەك نووسەران-ڕۆژنامەنووسان- ڕووناکبیران و خاوەنی بۆچوونی جیاوازن بە تۆمەتی ناپاکی و پاڵپشتیکردنی تیرۆرەوە تۆمەتبار دەکرێن و دەسگیردەکرێن، بێگومان میدیاش لەمە بێبەش نییە.

لەهەردوو وڵاتدا گرووپە ئیتنی و ئاینییەکان دووچاری مامەڵەی جیاواز دەبنەوە، بێگومان و بە دڵنیاییەوە سەرچاوەی ئەم جەخت و مامەڵە جیاوازە ئاین نییە، بەڵام ئەو سیاسەتمەدارانەی ڕوانگەیەکی سیاسی

دەخەنە ناو ئاینەوە بۆ قبوڵکردنی بۆچوونەکانی خۆیانە لەلایـەن خەڵکی لە هــەردوو وڵات و بوونەتە هۆی دواخستنی پێشکەوتنی دیموکراسی و لێبوردەیی.
بەکورتی ئەگەر ئاین کۆنسێرڤەتیڤی و دەسەڵاتداریش نەسەپێنێ ئەوا گروپە کۆنسێرڤەتیڤ و دەسەڵاتدارەکان (بێگومـــان بە تێگەیشـــتنی خۆیان لـــە ئازادی و یەکســـانی ) شـــێوازی ژیان و بەهاکانیان لەرێی ئەو پۆستە سیاســـیانەی کە بەدەســـتیانەوەیە هەوڵدەدەن رەزامەنـــدی کۆمەڵگە بەدەســـت بێنـــن، بەڵام ئەو دیموکراسیەی لە لێبوردەیی و پێکەوە ژیانەوە سەرچاوە دەگرێ گرنگە، کاتێك ئەم تابلۆ دیموکراتییە لەتورکیا دروست بێت، ئەوا هەلی نوێش لەبەردەم تورکیا دروست دەبێت، تورکیا چۆن توانی بەســـەر ئەم رەشبینیە زاڵ بێ؟ بە بەرچاوگرتنی ســـتاندارده نێودەوڵەتییەکانی دیموکراسی لە یاسا و سیاسەت . ئاسانترین شوێنیش کە ئەمەی تیا دەســـکەوێ بریتی بـــوو لە یەکێتی ئەوروپـــا کە ٥٠ ســـاڵ لەمەوبەر تورکیـــا نیازی بە ئەندامبوونی دەرخستبوو.
دەیەها ساڵ سیاسەتمەداره دەسەڵاتدارەکانی تورکیا و ژەنەراڵەکانی هەڵگەرانەوەی ســـەربازی نەیاندەویست هەلومەرجەکانـــی یەکێتی ئەوروپا قبوڵ بکەن، بەڵام دوای ســـوور بوونی ئاك پارتی لەمبارەیەوە لە ساڵی (٢٠٠٥) ئەوا دەوڵەتـــە بەهێزەکانی یەکێتی ئەوروپا لـــە چوارچێوەی قازانـــج و پێشـــبینیەکانیان بوونە بەربەســـت لەبەردەمی تورکیا. وەکو هەموو شتێکی تـــر یەکێتی ئەوروپاش لەگۆڕان دایە، ئەم کیشـــوەرە پیرە بە قەیرانێکی ئابووری سەختدا تێدەپەرێ، ئێستا چەپڕەوەکان خەریکن حکومەتە راستڕەوەکان دەگرنەوە، هەربۆیە مەزندە دەکرێت هەوڵەکانی یەکێتی ئەوروپا لەگەڵ تورکیا دووبـــارە کارابێتەوە، ئەویش لەرێگای بە فەرمیکردنی یادداشـــتەکانی لە ژێر ناونیشـــانی (دۆسێی پۆزەتیف) لەگەڵ تورکیادا، ئەم یادداشتانە دیالۆگی لەســـەر دەکرێت و بەپێی ئەو یادداشـــتانە ریفۆرمی پێویســـت ئەنجامدەدرێ کە ئەگەر ئەمانە کران شتێکی ئەوتۆ نامێنێتەوە باس بکرێن. لەم ناوچەیە یەکێتی ئەوروپا دووباره کارا دەبێتەوە لەرێی بەفەرمی کردنی یادداشتەکانی لەگەڵ تورکیا.
نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆك کۆماری فەرەنسا کە بە تونـــدی دژی بەئەندامبوونی تورکیا بوو لە یەکێتی ئەوروپا رۆشـــت و فرەنچۆیس هۆللاندێ کە شوێنی سارکۆزی گرتۆتەوە پێی وایە بەئەندامبوونی تورکیا پاڵپشـــتی لاوازی ئەوروپا دەکات. ئەنجێلا مێرکلی راوێژکاری ئەڵمانی کە هاوشـــێوەی سارکۆزی بیری دەکـــردەوە لە دواییین هەڵبژاردندا زۆر بە خراپی دۆڕا، وەزیری دەرەوەی کوالسیۆنی لیبراڵ دیموکرات گویدۆ وێســـتێرویلێ پەیامی ئەوەی بە ئەنکـــرا راگەیاند کە پێویستە ســـوود لەو گۆڕانە فکری و سیاسیەی ئەوروپا وەربگرین و لاپەرەیەکی نوێ بکەینەوە.

بۆچی یەکێتی ئەوروپا بـــۆ تورکیا گرنگە؟ چونکە ئەم کیشـــوەرە پیرە گەورەترین هاوبەشـــی بازرگانی تورکیایە (٪٤٣ی بازرگانی تورکیا لەگـــەڵ ئەوروپایە) و تورکیا ماوەیەکی درێـــژە لەپاڵ ئەوروپایـــە و نزیکبوونەوەیەکی کلتوری ئەوتۆی دروستکردووە. سیستەمی بەرێوەبەرایەتی و یاســـایی و تەنانەت تەکنەلۆژیاشـــی تا بـــەم دواییانە ئەمریکا زیاتر زاڵ بوو هەر لە ئەوروپاوە بەدەســـت دەهێنا. لەلایەکی تریشەوە تورکیا ئەندامی زۆربەی دامەزراوەکانی ئەوروپا و ئەو دامەزراوانـــەی کە ئەوروپاش تێدا ئەندامە دەتوانین ناتۆ و مەجلســـی ئەوروپا وەك نموونە بهێنینەوە. هەروەهـــا تورکیا دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپای قبوڵ کردووە و لەژێر زۆربەی یاســـا و رێککەوتنەکانی ئەوروپا واژووی تورکیا هەیە.
لەلایەکی تری مەســـەلەکەش ئەوەیە کە ئەوروپا گشـــت کێشە و ناکۆکییە لاوەکیەکانی بە تەنها چارەسەر نەکردووە بەڵکو هەمیشە ئەمریکا یارمەتی داوە و ئەمە لە جەنگی جیهانـــی و لە شـــەڕی بەڵقانیش هەر وا بـــووە. ئەوروپا لەرووی ســـەربازییەوە کورتە باڵایە و لەرووی سیاسیشەوە ماماناوەند و لـــەرووی ئابوورییەوە زەبەلاحە . بەهۆی ئەو قەیرانە ئابووری و داراییەی رووبەڕووی بۆتەوە بەشێکی زۆری ئەم هێزەشی لەدەست دا. ئابوورییەکی چەق بەستوو و بەرزبوونەوەی رێژەی پیر بوونی کێشـــە و سنورداربوونی هەڵوێســـتی بەرامبەر هەلە نوێیـــەکان. ئەوروپایەکی بەم شـــێوەیە پێویستی بە تورکیایە. بەراســـتی تاکە پێشنیار بـــۆ دەربازبوونی ئەوروپا لەم قەیرانە بریتی یە لە دەســـت گرتنەوە، واتە کەمکردنـــەوەی بەرهەمهێنان و بەکاربردن.
بەڵام لەم دوو ســـاڵەی دوایی داهاتی نەتەوەیی کەســـی تورکیـــا بەرێژەی ٪٩,٢ و ٪٨,٥ زیادیکردووە لەوانەیە ئەم رێژەیە ئەو ســـاڵ بۆ نیو ئەوەندە کەم بێتەوە، بەڵام هێشتا بە بەراورد لەگـــەڵ ئەوروپا زۆر بـــەرزە . بەکورتی ئەو دینامیکیە و گیانـــی وەبەرهێنانەی کە لە ئەوروپا لەناو چوو لە تورکیا هێشـــتا زیندووە. ئێستا تورکیا پێنجەمین وڵاتـــە لەرووی ناردەنی بۆ ئەوروپـــا. بەپێی ئەم ژمارە و ئامارانە ئایا ئەوروپا چەنـــدی تر دەتوانێ تورکیا بەدوور بگـــرێ؟ بەتایبەتی لەدوای دوایین قەیرانی بەهێز و بێهێز لە بەردەمـــی ئەوروپا زیاتر روون بـــۆوە و بیرۆکەی دوو بازنەی بەهێزی لەناو یەك مانادارتر بوو بۆ ئەوروپا.
جێگیـــر بوونـــی تورکیـــا لـــە بازنـــەی دووەم بەرگری بەربەســـتکردنی وڵاتانی ئەوروپا دەشـــکێنێ و لەهەمان کاتیشـــدا لە بوونی تورکیا لە بازنەی دووەم ئەزموونێکی بـــاش دەبێت و ســـوودی لێدەکەوێتەوە بـــۆ تورکیا، لێرەوە دەتوانێ بزانین کە بەئەندامبوونی تەواو چۆنە و لەدوای ئەو ماوەیە دەتوانێ بڕیارێکی تەندروست تر بدات سەبارەت بە ئەندامبوونی تەواو یان نا.
هەرچەندە ئەمرۆ سەرکردەکانی ئەوروپا و گەلەکانیان



بە روونی ئەوە راناگەیەنن ترسیان لە وڵاتێکی ئیسلامی هەیە و هەروەها لە ونکردنی ناسنامەی خۆیان دەترسن، بەڵام بەشێکی زۆر کەمی پاڵێوراوان بەبێ چونە پاڵ نەتەوەپەرستی و راسترەوی دەڵێن:( ناتوانین خۆمان لە جیهان بەدوور بگرین و پێویستە ئەم شێوە نوێیە قبوڵ بکەین)، کاتێ ئەمەش رادەگەیەنن مەترسی ئەوەیان هەیە، لەنێو ئەو خەڵکە ترساوەی خۆیاندا دەنگ بەدەست نەهێنن، بەڵام بەدەسپێکردنی دیالۆگ لەگەڵ تورکیا لە سەر یادداشتەکانی یەکێتی ئەوروپا لەوانەیە هاوسەنگیەك دروست بێت و ئەم ترسە کەمبێتەوە.

نزیکبوونەوەی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەبێتە جێی رەزامەندی حکومەتی ئاك پارتیش کە نزیکەی پێنج ساڵە بە شێوەیەکی دوورە پەرێز خۆی نیشان داوە و دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی رەخنەکان . بەڵام کاتێ کە لایەنگرانی ئەندامێتی یەکێتی ئەوروپا ٪٧٠ بوو ئێستا ئەم رێژیە بۆتە ٪٣٨ بۆیە پێویستە حکومەتی تورکیا گیانی ئەندامێتی لەناو خەڵکدا دووبارە زیندوو بکاتەوە.

ئەگەر ئەو گیانی بەئەندامبوونە دووبارە زیندوو بکرێتەوە، ئەوا تورکیا دەتوانێ وەبەرهێنانی زۆر زیاتر وەربگرێ و لەرێی بوون بە مەرکەزی وزە هەنگاوی گەورەتر هەڵبگرێ. لەم رووەشەوە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا پتر دەبێت، چونکە تورکیا دەست دەکات بە کارکردن لەسەر یەدەگی نەوت و گازی وڵاتانی دەوروبەری و ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەرێك بۆ هەرێمی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی ئابووری خۆی. سەرەرای ئەوەش کە پەیوەندییەکان زۆر بەهێزتر و سروشتی تر دەکات ئەوا دەشبێتە رێگەیەکی ئاسایش و متمانەپێکراوی دابینکردنی وزە بۆ ئەوروپا.

پەرەسەندنی پەیوەندییەکانی تورکیا چ لەرووی سیاسەت یاخود بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر لەم چەند ساڵەی دواییدا وەك بربرەی پشتی سیاسەتی دەرەکی تورکیای لێهاتووە، بەڵام شەپۆلی گۆرانکارییەکانی جیهانی عەرەبی بۆتە هۆی شلەژاندنی سەقامگیری چەندین دەوڵەت، ئەمەش بووە هۆی لەق بوون و تەنانەت تێکچوونی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە. ئا لێرەدا تورکیا دوو بریاری گرنگی دا یەکەمیان زیندووکردنەوەی گیانی ئەندامبوون لەراست ئەو هەلانەی لە یەکێتی ئەوروپاوە هەڵدەکەون دووەمیشیان نزیکبوونەوە لە هەرێمی کوردستان کە هەمیشە لەژێر جەخت بوو لە عیراق و بەدوای هاوپەیمانێك دەگەرا لە چوارچێوەی قازانجەکانی.

ئەم سیاسەتەش دوو سودی هەبوو : کوردەکانی عیراق واقیعبینن و ئەوان خەریکن لە چوارچێوەی قازانجی خۆیان نەتەوەیەك بۆخۆیان پێکبهێنن. لەوکاتەی کە حکومەتی تورکیا بەربەرەکانێی پ.ك.ك دەکات لەهەمان کاتدا گەشەسەندن و گرنگی بەخۆدانی هەرێمی کوردستان بە خۆشحاڵیەوە چاودێری دەکات و وەك مەترسیەك لەقەڵەمی نادات. ئەگەر کوردەکانی سوریا بەپێی پارتی یەکێتی دیموکراتی سوریا هەنگاو هەڵبگرن کە پارتێکی نزیکە لە پ.ك.ك ئەوا بزاڤێکی رادیکاڵی کوردی دروست دەبێ کە ئەمەش هەم بۆ ئەنکەرا و هەم بۆ هەرێمی کوردستان وەك ناسەقامگیری دەردەکەوێ بۆیە لەوە دەچێ هاوبیری و رێککەوتنێك لە هێڵی ئەنکەرا- هەولێر دروست بووە.

سوودێکی تری زیندووکردنەوەی گیانی ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەوروپا ئەوەیە کە لەو ماوەی دامەزراندنی دەستورێکی نوێ هەرچەندە بە تەواوەتی لیبراڵ و دیموکراتیش نەبێ، بەڵام ستانداردەکانی ئەوروپا دەتوانێ ببێتە رێنیشاندەر بەمشێوەیەش تورکیا دەتوانێ بۆشایی دیموکراتی خۆی پربکاتەوە و کێشەی کوردی ناوەخۆی بە دروستکردنی زەمینەیەکی دیموکراسی و یاسایی چارەسەر بکات.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**ئەکمەلەدین ئیحسان ئۆغلی ئەمین (سەرۆکی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی) بۆ گوڵان:**

# زۆرینەی ئەو بزووتنەوە ئیسلامیانەی هاتوونەتە ناو بواری سیاسەتەوە هیچ ئەزموونێکی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکییان نییە



**ئەکمەلەدین ئیحسان ئۆغلی ئەمین ـ لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٥ی قاهیرەیەو لە زانکۆی عەین ئەلشەمس ماجستیری لە کیمیا بەدەست هێناوەو دکتۆراکەشی لە زانکۆی ئەنقەرە وەرگرتووە چەندین توێژینەوەشی لە زانکۆی ئیکستری بەریتانیا ئەنجامداوەو یەکەمین (ئەمینداری گشتی ڕێکخراوی ـ کۆنگرەی ئیسلامی ـ یە، کە ئێستا ناوی گۆڕدراوە بە ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی) هەر لە ینایەری ٢٠٠٥وە کە بە دەنگدانێکی ئاشکرا هەڵبژێردراوە، ئەکتیڤانە لەم ڕێکخراوەدا هەڵدەسوڕێت کە لە ٥٧ دەوڵەتی دنیادا ئەندامیان هەیەو بە جددی تێدەکۆشن بۆ سەرخستنی کاروباری ئیسلامی و لە چەندین بۆنەدا بۆ بەرجەستەبوونی ئاشتەوایی و وەدیهاتنی هاریکاری نێوان گەلانی ئیسلامی کاریان کردووەو لەو ڕووەوە لە هەموو دنیادا بەرنامەیان هەبووە لە میانەیدا کاریان لەسەر چۆنیەتی پاراستنی کەلەپووری دەق و بیناسازی ئیسلامی کردووەو هەروەها دیالۆگی نێوان شارستانیەتەکانیان ڕێکخستووە بۆ دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان گەلان تا تێگەیشتنێکی جیهانی لە نێوان ئایینەکاندا بخولقێت، لە لای خۆشیەوە هەردەم ئەکمەلەدین بابەتەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی ئابووری وروژاندووە تا بە یەکسانی بەروبوومی پەرەپێدان لە ناو خەڵکیدا دابەش بکرێتەوە، هەروەها ڕێزی زۆری لە کەمینە موسڵمانەکانی دنیا گرتووەو لەسەر ئاستی جیهانی بە نووسین و خیتابەکانی داکۆکی لە مافەکانیان کردون..**

**ئەمەی خوارەوە پوختەی ئەو دیالۆگەیە کە گۆڤاری گوڵان لە گەڵ بەڕێزیان سازاندویەتی.**

ئەسما حوسێنی ـ قاهیرە

*** بە جوولەکاندنی قودس بەردەوامەو هێزەکانی ئیسرائیل مژووڵ بوونی گەلان و وڵاتانی عارەبییان بە بابەتەکانی شۆڕشەکانی بەهاری عارەبی قۆستۆتەوە. یەکەمین دۆزی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی دۆزی ڕەوای فەلەستین و قودس بوو کە لەسەر ئەو بنەڕەتە ئەم ڕێکخراوەتان دامەزراندووە، ئایا ئەو دۆزەتان لە بیر ماوەو کاری بۆ دەکەن؟**

ـ دۆزی فەلەستین بە تایبەتیش مەسەلەی قودس بۆ ئێمە بە تەنیا ناونیشانێك نییە، بەڵکو لە پێشەنگی کارەکانماندا چنراوە، هەر لەو کاتەوەی ئاگرێك بەردرایە مزگەوتی ئەقصای پیرۆز تا ئێستاشی لەگەڵ بێت، بۆ کۆکردنەوەی پشتگیری لە پێناوی قودس و فەلەستین ڕەزیلمان نەکردووە، هەر دەرفەتێك هەبووبێت دەستی هاریکاریمان بۆ کەسوکارمان لە فەلەستین درێژکردووە، هەر بۆ هەمان مەبەست پارساڵ بەشداریم لە کۆبوونەوەکانی یۆنسکۆدا کرد، تا گرووپە ئیسلامیەکان بۆ ئەو مەبەستە دەنگیان بخەنە پاڵ یەکتر، بەوەش پێگەی بەرگریکردن لە قودس مەتینتر دەبێت لە ڕووی ئەو چاوچنۆکیانەی مەبەست لێی تێکدانی ناسنامەی ڕەسەنی فەلەستینیە، پێوەندی ڕاستەوخۆی هاوبەشمان لەگەڵ دەوڵەتی فەلەستین هەبووە لەو کاتانەدا کە هەوڵمان یەکخستبوو بۆ وەرگرتنی مافی ئەندامێتی فەلەستینی لە نەتەوە یەکگرتووەکان،دواتر بە سەرۆکایەتی باڵیۆزی کازاخستان شاندێکمان لە باڵیۆزی وڵاتان پێکهێناو ناردنمانە لای وەزیری دەرەوەی فاتیکان و نامەیەکی منیان گەیاندنێ تا لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕێکەوتن ئەنجام نەدەن لە سەپەرشتی کردنی موقەدەساتی کاسیۆلیکی لەو شوێنانەی کە لە فەڵەستینن بە قودسەوەش، بەڵکو پێویستە فاتیکان لەسەر موڵکایەتی و مافەکانی کڵێساکانی ناو فەڵەستین ڕاستەوخۆ دانوستاندن لەگەڵ دەوڵەتی فەڵەستینی بکات بەو سیفەتەی سەروەرێتی هەموو ئەو شوێنانە، فەڵەستین خاوەندارێتی، شاندەکەمان لەلایەن فاتیکانەوە دڵنیا کرانەوە کە بە پێی ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان کار دەکەن و ڕێز لەو ڕێکەوتنە دەگرن کە پێشتر لەگەڵ دەوڵەتی فەلەستین ئەنجام دراوە..

**ئەوەی بۆ قودس کراوەو دەکرێت کەمە. پێویستە تواناکانمان یەکبخەین لە پێناوی ڕەتکردنەوەی ئەو هەوڵانەی بۆ گۆڕینی ناسنامەکەی دەدرێن**

*** بەڵام شاری قودس کەوتۆتە بەر شاڵاوی بە جوولەکاندنەوە، چۆن ڕێکخراوەکەتان ڕووبەڕووی ئەمە دەبێتەوە؟**

ـ بانکی ئیسلامی بۆ پەرەپێدان بودجەی کۆمەڵێك پرۆژەی کەرتە گرنگەکانی خستۆتە ئەستۆی خۆیەوە تا لە بەرانبەر هەوڵەکانی جوولەکاندن ڕاوەستین، هەر یەك لە سندوقی هاریکاری ئیسلامی و بەیتولمالی قودس ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆژەکان دەکەن، ئەوەش بە ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتی فەلەستین، پلانی پێویست بۆ ئەو مەبەستە دانراوە. بەڵام ئەم پشتگیریانە بە بەراورد بەو پێداویستیانەی ئەو شارە کەمن و بەش ناکەن،



ژمارە (٨٨١) ■ ٢٠١٢/٥/٢٨



ئـــەوەی زیاتر لەم ڕۆژانـــەدا خەڵكی قودس پێویستیانە پشتگیری كردنی دامودەزگاكانێتی تا یارمەتی خەڵكەكەیان بدەن بە شێوەیەك لە شێوەكان دەســـتیان لە ناو دەستی یەكتر بێت بۆ ڕووبەڕووبوونـــەوەی هەوڵەكانی گۆڕینی ناسنامەی ڕەسەنێتی قودس.

*** قەیرانی سیاسی ناو ئیراق لە زۆر ئاستەوە لە هەڵایساندایە، چ ڕۆڵێكتان هەیە بۆ ڕاگرتنی ئەو قەیرانەی ئێستا هەڕەشە لە هەموو ئیراق دەكات و ســـەقامگیری وڵاتەكەی خستۆتە مەترسییەوە؟**

ـــ بەشـــێوەیەكی بنەڕەتـــی لـــە ڕێگەی ڕێكەوتننامەكـــەی كـــە تایەفەكانی عیراق لەســـەر ڕێكەوتن لە شـــاری مەكـــە كاتێك ڕێكخراوەكەمان لەساڵی ٢٠٠٦ سەرپەرشتی دانیشـــتنەكانی دەكرد، هەڵوێستمان ئاشكراو ڕوونە بـــۆ ڕێگەگرتن لە ڕشـــتنی خوێنی ئیراقیەكان لە ناوخۆیاندا سەركردەكانی ئیراق هەمیشە جەختیان دەكردەوە لەسەر ئەوەی ئەو ڕێكەوتننامەیە وەرچەرخانێكی ڕیشەیی بووە بۆ ئارامكردنەوەی بارودۆخی هەڵایســـاوی ئەوسای عێراق .

ئێســـتاش لەگـــەڵ حكومەتـــی عیراقیـــدا هەماهەنگیمان كـــردووە تاوەكو بە ئامانجی ســـازكردنی ژینگەیەكی ئارام بۆ گفتوگۆی نێـــوان گـــروپ و ڕێبـــازەكان و دۆزینەوەی كەشـــوهەوای لەبـــار بـــۆ پێكەوەژیـــان كۆبوونەوەیەكـــی بەرفراوان ئەنجـــام بدرێت، ئەوەش نەك تەنیا لەســـەر ئاســـتی عیراقیی بەڵكو لەســـەر ئاســـتی هەموو ناوچەكەش دەنگدانەوەی هەبێت .

*** چۆن تەماشـــای پەرەسەندنەكانی قەیرانی ســـوریا دەكەیت لەژێر ڕۆشـــنایی پلانەكەی كۆفی ئەنان و نوێنەری نێودەوڵەتی عەرەبی لە سوریا؟**

- گرفتـــی ئـــەو قەیرانەی ســـوریا لەوەدا كۆدەبێتەوە كۆدەنگیەكی نێودەوڵەتی لەســـەر چارەسەر دروست نابێت بەڵكو كۆدەنگی هەیە لەسەر چارەسەرنەكردنی، ئێمە لای خۆمانەوە پشـــتگیری تەواوی پلانی كۆفـــی ئەنان و كۆمـــكاری عەرەبیش دەكەیـــن، لەكاتێكدا هەندێك لە دەوڵەتانی ئەندام كە ئەندامیشیان هەیە لـــە ڕێكخراوی ئیســـلامیدا لەهەردوو كیشوەری ئاســـیاو ئەفریقیاوە لە ناو شاندی چاودێرەكاندا بەشـــدارن كە چوونەتە سوریاو توانای خۆیان خســـتۆتەكار تـــا توندوتیژی لـــەو وڵاتەدا ڕاگرن، ئەویـــش یەكەمین خاڵ و بەنـــدی پلانی كوفی ئەنانە كە لەشـــەش خاڵ پێكهاتووەو پێویســـتە هەمووی جێبەجێ بكرێت. لـــەو بڕوایەدام تا توندوتیژی و تەقە ڕانەگیرێت هیچیان جێبەجێ نابێت.

*** لەدوایەمین ســـەردانتدا بۆ قاهیرە لەگەڵ نەبیل عەرەبی ئەمینداری گشتی كۆمكاری عەرەبـــی كۆبوویتەوە، لەو دانیشـــتنەدا چی دۆسیەیەكتان تاوتوێكردووە؟**

- لەدانیشتنمدا لەگەڵ دكتۆر نەبیل عەرەبی

**لە پێناوی سازكردنی كەشوهەوای پێكەوەژیان، كۆبوونەوەیەكی بەرفراوان لە نێوان عیراقیەكان خۆیاندا ڕێك دەخەین تا درك بە مەترسییەكانی فیتنەی تایەفەگەری بكەن**

بابەتەکانی دۆزی فەلەستین و بەتایبەت دیلکراوەکانیان باسکرا، هەروەها پەرەسەندنی کێشەی باکوورو باشوری سودان و قەیرانی سوریا کە زۆر ئازاری داوین، بۆیە بەتەنسیق لەگەڵ کۆمەکاری عەرەبی ڕێکخراوەکەمان لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە چەند ئەندامێکی ئێمەیان وەرگرتووە بۆ هەڵسەنگاندنی لایەنی مرۆیی لەسوریا، دووهەفتەیە ئەندامانمان لەوێن، راپۆرتێکی دووروودرێژیان لەسەر دۆخەکە ئامادەکردووە، ئێستاش خەریکین ڕێگە بدۆزینەوە تا هاوکاری مرۆیی لەسنوورەکانی تورکیا و ئەردەنەوە ڕەوانەی ناو سوریا بکەین.

*** چۆن تەماشای هەڵکشانی هێزی ئیسلامی دەکەیت بەگەیشتنیان بە دەسەڵات، بە تایبەت لەو وڵاتانەدا کە بەهاری عەرەبی تێیدا سەریهەڵداوە؟ لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی لەناوخۆو دەرەوەدا لەبەرامبەر ئەو هەڵکشانە دروستبووە؟**

- پێوەندی نێوان شەقام و تەوژمی ئاینی پێشتر پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی بووە، چونکە پێشتر ڕێگا بەو بزووتنەوانە نەدەدرا خەریکی سیاسەت بن، بۆیە بەچالاکی خزمەتگوزارییەوە خەریك بوون، ئەم کارەشیان کایەیەکی مەعنەوی بۆ دروستکردوون و متمانەیان لەناو جەماوەردا پەیدا کردووە، ئێستاش لەدوای ئەم شۆڕشانەوە کە بزووتنەوە ئیسلامیەکان لە پرۆسەی سیاسی بەشداربوون و سەرکەوتنیشیان بەدەستهێناوە بەبەڵگەی ئەوەی لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی تونس و میسر پێش حزبە تازەکانی گۆڕەپانەکە کەوتون، چونکە ڕێبازی کایەی مەعنەوی و خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتیان تەرجومە کردەوە بۆ بەرنامەی سیاسی و پەرەپێدانی کۆمەڵگەیی. ئێستا خەریکین ئەو بەربەستانەی کە لەنێوان پێوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی دا دروستبوون لاببەین، لەداهاتوودا بۆ دەنگدەران سەرکەوتنی ئەم بزووتنەوە ئیسلامیانە باشتر دەردەکەوێت لە چارەسەرکردنی خەمە بنەڕەتییەکانی هاووڵاتیان، ئەگەر بزووتنەوەکان توانییان سەربکەون، ئەوا رەسیدێك لەکاری پراگماتیکی بۆ خۆیان کۆدەکەنەوە کە دەبێتە هۆکارێك بۆ

**هەڵوێستمان روونەو پشتبەستووین بە مافی ئازادانەی گەلان بۆ دیموکراتیەت و حوکمڕانی باش**

بەردەوامێتی لە سەرکەوتنەکەیان، بەڵام باشترە دەرفەتی کێبرکێ بدرێت بەپارتە بچووکەکانی تر تا لە ڕێگای دروستکردنی هاوپەیمانێتیەوە دیمەنی سیاسی لە قۆناغەکانی داهاتوودا شەفافتر بێت، چونکە زۆر لەو بزووتنەوە ئیسلامیانەی هاتوونەتە بواری سیاسەتەوە هیچ ئەزموونێکی سیاسی ناوخۆیی و دەرەکیان نییە، ئاشکرایە کە ئەزموون بەکارکردن دروست دەبێت.

*** تا ئێستاش دیموکراتیەت لە وڵاتانی ئیسلامیدا بەربەستی لەبەردەمە، بەهۆی بژاردەی سەربازی یا سیاسی وڵاتەکەوە کە بڕوایان بە پرۆسەی دیموکراتی نییە، ئێوە چۆن ڕووبەڕووی ئەو بەربەستانە دەبنەوە تا رەزامەندی گشتی و تەوافوقی نیشتمانی بەدەستبهێنن؟**

- هەڵوێستەکانمان لەپرۆتۆکۆلەکەی مافی گەلانەوە بۆ دیموکراتیکردن و حوکمڕانی باش و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ دەستەبەردەکەین، لەوێوە هەڵوێستی سیاسیمان لەبەرامبەر پەرەسەندنەکانی دەوروبەرمان وەردەگرین، کە دوایەمینیان کودەتاکەی وڵاتی مالی بوو کە بە توندی ئیدانەمان کرد، ڕاستە ئێستا بارودۆخ بە گشتی گۆڕدراوەو جیهان گوندێکی بچووکە، بەڵام گوندێکی یاخییەو کەس ناتوانێت چارەنووسی کۆنتروڵ بکات، چونکە گەلان پێگەیشتوون و هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئومێدەکانی خۆیان دەدەن.

*** لەو دواییەدا باستان لەگۆڕینی پەیکەربەندی ڕێکخراوی هاریکاری ئیسلامی کردووە، تا لەگەڵ وەرچەرخانەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی خۆتان بگونجێنن؟ ئەو بنەمایانە چین کەلەسەر دەوەستنەوە؟**

- بەرنامەیەکی چەند خاڵیمان لە کۆنگرەی لوتکەی مەکەدا ساڵی ٢٠٠٥ راگەیاند کە بوو بەنەخشە ڕێگای دواتری کارەکانمان، ئەویش چاکسازی ناوخۆیی ڕێکخراوەکەیە، چەندین پسپۆڕمان بۆ تاوتوێکردنی ئەو چاکسازییانە میوانداری کرد، کە پێشنیارەکانیان رەزامەندی لەسەر دراو خرایە رەشنووسی ئەو بڕیارانەوە کە دواتریش بەرزدەکرێتەوە بۆ کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوە لەجیبۆتی.

*** لوتکەی داهاتووتان بۆ ڕێکخراویی ئیسلامی کەی ساز دەکرێت؟**

- کۆدەنگیەك هەیە لەسەر ئەوەی لەهەردوو مانگی ئۆکتۆبەرو نۆڤەمبەری ساڵی داهاتوودا لەدوای ئەم گۆڕانکارییانەی کە لەجیهانی ئیسلامی ڕوویانداوەو ڕوودەدەن، لوتکەکە ببەسترێت، بەتایبەتی لەم کاتانەدا کە ئیسلامیەکان دوا بە دوای وەرچەرخانێکی

**ئەوانەی شاڵاوی کینەدەربڕینیان دژ بە موسڵمانان ڕاگەیاند. ئێستا لە زۆربەی وڵاتی ئەوروپیدا بوونەتە فەرمانڕەوا!**

دیموکراتی هاتوونەتە سەر شانۆی سیاسی و بەدەرکەوتون، بۆیە زۆر پێویستە باری ئێستای جیهانی ئیسلامی بەشێوەیەکی ڕێکوپێکترو سیستماتیکی تر باسی لێوەبکرێت و دابڕێژرێتەوە. لەو باوەڕەدام چاکسازییەکانی کەلە ڕێکخراوەکەماندا رامانگەیاندووە بەتایبەتی دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری هاریکاری مرۆیی، رەنگدانەوە هەبێت بۆ دروستکردنی نموونەیەکی فراوانتری هاوشێوە لەجیهانی ئیسلامیدا، چونکە ئەو نموونەیە سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لەبواری کاری مرۆیی جیهانیدا چۆتە پێشەوە، هەروەك چۆن نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمەریکاش سەری ڕەزامەندیان بۆ لەقاندووە، چونکە بەرنامەکانی پەرەپێدان و پرۆژە مرۆییەکان زۆرترین توێژی کۆمەڵگا پێویستییان پێیەتی، کە ئەمە هاریکاری زیاتری پێویستە، باشترین نموونەش لەدوای کۆبوونەوەکەی ڕێکخراوەکەوە کە بۆ پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی کەرتی غەزە پارساڵ ئەنجامدرا، یان لە پێناوی وڵاتی سۆماڵدا کە بەرنامەمان بۆ لێدانی کۆمەڵێك بیری ئاوی خاوێن داناو جێبەجێشمان کرد، ئێستاش کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لە پێناوی پەرەپێدانی مرۆیی بۆ وڵاتی یەمەن بەتەنسیق لەگەڵ کۆمکاری عەرەبی ساز دەکەین، وێڕای بەرنامەکانی ترمان بۆ یارمەتیدانی وڵاتانی پاکستان و ئەفغانستان و ئەندەنوسیا.

لەسەر ئاستی پرۆژەکان هەرچی دەکەین دەکەوێتە ئەستێڵکی بووژانەوەی گەلانەوە هەر لەزیادکردنی ڕێژەی ئاڵوێری بازرگانییەوە کە گەیشتۆتە سەروو ٥٣٩ ملیار دۆلار بۆ ساڵی ٢٠١٠، لەکاتێکدا تا ساڵی ٢٠٠٤ تەنیا ٢٠٥ ملیار دۆلار بووە، هەروەها هەڵوێستمان لەبەرامبەر حکومەتە ئەوروپیەکان وەرگرتووە، لەپێناوی بەرگریکردن لەکەمینە موسڵمانەکانی ئەوروپا، بەوەش وامان بە باش زانی لەدەرگای ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی نێودەوڵەتی ژنێفەوە داخڵ بین و توانیمان هەردوو بڕیاری نێودەوڵەتی ١٦و ١٨ یان پێ دەربچوێنین، کە ئامانج لە دەرچواندنی ئەو دوو بڕیارە پارێزگاریکردنە لە هەموو لایەنگرانی ئاینەکانی سەر زەوی، بە تایبەت لەدژی



**باشترە دەرفەتی کێبرکێ بدرێت بەپارتە بچووکەکانی تر تا لە ڕێگای دروستکردنی هاوپەیمانێتیەوە دیمەنی سیاسی لە قۆناغەکانی داهاتوودا شەفافتر بێت**

ئەوانەی شـــاڵاوی فۆبیای ئیســـلامبوونیان ڕاگەیاندووە، هەروەها هەوڵـــی زۆرمان هەیە بـــۆ دەســـتەبەرکردنی مافـــی کەمینەکانی ئاســـیاو ئەوروپـــاو ئەمەریـــکای لاتینی، بۆ دەستەبەرکردنی پرۆسەی دیموکراتی و ئازادی و سەروەربوونی یاســـاو ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ.

قەبـــارەی خەرجـــی ســـندوقی پەرەپێدان و هاریکاری ڕێکخراوەکەمـــان لەئەفریقیا بۆ ٥ ملیار دۆلار زیادیکردووە، کە لە ساڵی ٢٠١١وە بۆ بوارەکانی ئاسایشی خۆراك و نیشتەجێبوون و خوێندن ســـەرف کراون تـــا هاوکوف ببێتەوە لەگەڵ بەرنامەکانی کەمکردنەوەی ئاســـتی هەژارێتـــی و پەرەپێدانـــی ژێرخانی ئابووری وڵاتانـــی کەمدەرامـــەت، ڕێکخراوەکەمـــان کاردەکات بۆ ئەنجامدانی پرۆژەیەکی مەزن بۆ بەستنەوەی شاری (بۆرسۆدان) لە خۆرهەڵاتی ئەفریقاوە بـــە شـــاری (داکار)ی پایتەختی ســـەنگال لە خۆرئاوای ئەو کیشوەرەوە، ئەوەش لە ڕێی ڕاکێشـــانی هێڵێکی ئاسنینەوە ئەمە گەورەترین پـــرۆژە دەردەچێت لە مێژووی ئەو کیشـــوەرەداو ئاڕاستەی باروگوزەرانی ژیان لە سەرتاپای ئەفەریقا دەگۆڕێت..

*** دیاردەی فۆبیای ئیســـلامبوون لە خۆرئاوا لە هەڵکشـــاندایە چۆن موسڵمانان ڕووبەڕووی ئەو ڕق و کینەیە دەبنەوە کە لە دژیان ســـەری هەڵداوە؟**

ـ ناتوانم بڵێم ئێمە لە ســـاڵانی ڕابردوو هەوڵی زۆرمـــان نەخســـتۆتە گەڕ بـــۆ لابردنی ئەو دیمەنەی بە دیاردەی فۆبیای ئیســـلامبوون ناســـراوە، کە بەهۆیەوە ئەوانـــەی ڕق و کینە بڵاودەکەنەوە دژ بە ئیسلام دەستیان لە پەرەپێدانی فۆبیای ئیســـلامبوونە بە تایبەت هەندێك لە سیاســـەتمەدارانی ئەوروپی ناو پەرلەمانەکان، بەداخـــەوە ئەمە شـــاڵاوێکی دەقبەســـتووی کلێشەبەندی شێواوی دژ بە ئیسلامە، فۆبیای ئیسلامبوون وێنەی کۆمەڵگە ئیسلامیەکانی خۆرئاوای ناشرین کردووە، ئەوەی داواکاریمانە لە خۆرئاوا ئەم شاڵاوی فۆبیای ئیسلامبوونە کوێرانەیە لە بەرانبەرەوە نەبێتە هۆی ڕق و نەبێتە هۆی تێکدانی کەشوهەوای ئازادی، بە داخەوە ئەوانەی ئەم شاڵاوەی فۆبیای ئیسلامبوونەیان ڕاگەیانـــد زۆربەیان بەو هۆیـــەوە لە وڵاتانی ئەوروپی ســـەرکەوتنە سەر پایەکانی دەسەڵات کە ئێستا فۆبیای ئیســـلامبوون گەیشتووەتە قۆناغی ســـێیەمینی، ئەو شاڵاوەی بە ناوی فۆبیای ئیسلامبوون کەســـانێکی گەیاندۆتە بازنەی دروســـتکردنی بڕیـــاڕەوە، ڕەنگە لە داهاتوودا زەحمەت بێت چارەســـەری لێکەوتە سلبیەکانی ئەم شاڵاوە بکرێت..



خەسرۆ گۆران بۆ (گوڵان):

# کارو پرۆژەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ناوچە دابڕێنراوەکانی موسڵ لەئاست داواکاری و خواستی خەڵکەکە نییە

ناوچە دابڕینراوەکانی پارێزگای نەینەوا ژمارەیەکی زۆر لە قەزاو ناحیە و گوند لە خۆدەگرێت و ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ملیۆنێك کەسە، لیستی (برایەتی نەینەوا) لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩دا ١٢ کورسی لە ئەنجومەنی پارێزگا بەدەستهێنا، بەڵام لەبەر ئەوەی لیستی حەدبا بەبێ ئەوەی گفتوگۆ و دانیشتن لەگەڵ لیستی برایەتی ئەنجام بدات قۆرغی پۆستەکانیان کردوو هیچ پۆستێکیان بە کورد نەدا، هەربۆیە لیستی برایەتی بایکۆتی ئیدارەی پارێزگای نەینەوای کرد، لەم دواییەدا دوای ئەوەی لیستی حەدبا داوای لە لیستی برایەتی نەینەوا کرد بگەڕێنەوە ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا، لیستی برایەتی بۆ ناو ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا گەڕایەوە. بۆ ئەوەی بزانین ئەو گەڕانەوەیە لەسەر چ بنەماو ڕێککەوتنێکە و هیچ پۆستێك لە ئیدارەی نەینەوا بە لیستی برایەتی دراوە؟ هاوکات حکومەتی هەرێم لە ڕووی ئەنجامدانی کارو پرۆژەی خزمەتگوزاری تا چەند توانیویەتی هاوکاری ئەو ناوچانە بکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر گۆڤاری گوڵان (خەسرۆ گۆران) ی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی دواند، کە پێشتر سەرۆکی لیستی برایەتی و جێگری پارێزگاری نەینەوا بووە. پوختەی وەڵامەکانی لەم ڕاپۆرتەدا دەخەینەڕوو.

### کۆچی کوردان لەپارێزگای نەینەوا

سەبارەت بە بارودۆخ و ژمارەی کوردەکانی ناوچە دابڕێنراوەکانی پارێزگای نەینەوا خەسرۆ گۆران وتی: ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ کورد گرنگە و لە هەڵبژاردنەکانیش کاریگەری زۆری لەسەر ژمارەی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ژمارەو رێژەی ئەندامەکانی ئەنجومەنی پارێزگا هەیە، بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی سیاسی ئێمە وەکو خۆی یا بەیەك چاو بایەخی بە هەموو شوێنەکان نەداوە و هەندێ شوێن کەمتەرخەمی بەرامبەر کراوە، بۆیەش دەڵێم ناوچە دابڕێنراوەکانی نەینەوا گرنگە، چونکە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٠لە پارێزگای کەرکوک ٦کورسیمان هێنا و لە پارێزگای نەینەوا ٨کورسی و بە کۆتاوە ١٠کورسیمان هێنا١٠کورسیش واتە رێژەی کوردو کوردستانییەکان کە دەکاتە یەك لەسەر سێی دانیشتوانی نەینەوا، کە ئەمەش بەڵگەیە کە ژمارەی کورد لە پارێزگای نەینەوا زیاتر لە یەك ملیۆن کەسە. هاوکات کاتێك لە عیراق ریفراندۆم لەسەر دەستوور کرا لە پارێزگای

**نوێنەرانی کورد لە پەرلەمانی عێراق بەرامبەر کوشتن و دەرکردنی کورد لەموسڵ کەمتەرخەمن**

نەینەوا ئەو رێژەی دەنگیان بە «بەڵێ» بۆ دەستووردا ٤٥٪بوو ئەو کەسانەش کورد و کوردستانی بوون، لەلایەکی تر راستە لە ناوچە دابڕێنراوەکان زیاتر ناوی کەرکوك هاتوتە پێش و باس دەکرێت، بەڵام ئێمە وەکو کورد لە ٤ پارێزگا ناوچە دابڕێنراوەکانمان هەیە و بەپێی ژمارەی و رێژەی کورد ریزبەندی ئەو چوار پارێزگایانە بەمشێوەیە: یەکەم- پارێزگای نەینەواە و دووەم- پارێزگا کەرکوکە و سێیەم- دیالەیە چوارەمیش- سەلاحەدینە، کوردی پارێزگای نەینەوا لە رووی پێکهاتەکەیەوە زۆر تێکەڵاوە، چونکە کوردی سوننە و شیعە و ئێزیدین و هەر یەکە لەمانە تایبەتمەندی خۆی هەیە چ لە شێوەی زارەوە بێت چ لە شێوەی ئایین بێت، هەروەها لە پارێزگای نەینەوا بەتایبەتی لە ناو سەنتەری شارەکەدا لە ماوەی ١٠٠ساڵی رابردوودا پێکەوە ژیانیان تاڵبووە و عەرەب باڵادەست بووە و زوڵم و ستەمی زۆری کردووە و کورد بە ناچاری خۆی راگرتووە و ماوەتەوە، لەم دڕایەتیکردنەدا زۆر رووبەرووی پرۆسەی بەعەرەبکردن بووەتەوە، لە پرۆسەی بەعەرەبکردنیشدا زیاتر لە(٤٥٠) گوندی کوردەکانی سنووری نەینەوا بۆ کۆمەڵگا زۆرە ملێیەکان دەرکراو راگوازراینەوە، بەڵام پاش رووخانی رژێم کورده رەسەنەکە بۆ سەر زێد و خاك و گوندی خۆیان گەرانەوە، بەداخەوە تا ئێستا لە شەنگار خەڵکەکە هەر لە کۆمەڵگاکان ماونەتەوە و تواناو ئیمکانیاتیان نەبووە گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە، هەروەها لە دوای ٢٠٠٣ و تا ئێستاش لە نەینەوا هەرەشەی تیرۆریستان یەکجار زۆرە بە تایبەتی لەسەنتەری شارەکە هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٠ زیاتر لە ١٠٠هەزار کورد ناو شاری نەینەوای بەجێهێشتووە، ئەو کۆچکردنەش قورسایی لەسەر ناوچە دابڕێنراوەکان و شاری هەولێرو دهۆك هەیە بەتایبەتی لەسەر پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئەو شوێنانە و لە ناو نەینەوادا تا ئێستا زیاتر لە(٤)هەزارکەسی کوردو کوردستان تیرۆرو کوژراون، کۆچی کوردەکان پارێزگای نەینەوا زۆر مەترسیدارەو کاریگەری زۆری لەسەر هەڵبژاردنەکان و هەر ریفراندۆمێك لە ئایندە لەم ناوچەو پارێزگایە بکرێت هەیە، بۆیە ئێمە دەڵێین نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق زۆر کەمتەرخەمن بەرامبەر کوشتن و دەرکردنی کوردەکان لەو پارێزگایە. حکومەتی هەرێمیش بەداخەوە ناڵێم هیچی بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان نەکردووە، بەڵام ئەو کارو پرۆژانەی ئەنجامیشی داون لە ئاستی داواکاری و پێداویستی خەڵك و وێرانکاری ناوچەکەدا نییە.

### بەرژوەندی و تێروانینی لیستی حەدبا بەرامبەر بەکورد

سەبارەت بە لێکنزیکبوونەوەی هەردوو لیستی حەدبا و برایەتی نەینەواو چارەسەری کێشەکان؛ خەسرۆ گۆران ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی (پ.د.ك) وتی: کێشەی ئێمە لەگەڵ لیستی حەدبا کێشەیەکی سیاسییە، لە ساڵی ٢٠٠٩ کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجامدرا لیستی حەدبا بە ئەجیندایەك و سیاسەتێکی رەگەزپەرستانە هەڵمەتی هەڵبژاردنی دەست پێکرد لە ئەنجامدا ئەوان١٩کورسیان هێنا و لیستی برایەتی نەینەواش ١٢کورسی هێنا، لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی پارێزگادا بەبێ ئەوەی گفتوگۆو دانیشتن لەگەڵ لیستی برایەتی

**لەهەردوو هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا ناوچە دابڕێنراوەکانی موسڵ بۆ کورد گرنگە**

**پرۆسەی بەعەرەبکردن و راگواستن و کوشتنی کورد لەپارێزگای نەینەوا بەردەوامە**

نەینەوا بکەن هەموو پۆستەکانیان بەسەرخۆیان دابەشکرد، بۆیە سەرکردایەتی سیاسی ئێمە بریاریدا لە دانیشتنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لەگەڵ لیستی حەدبا دانەنیشێت و بایکۆتی بکەن و ئەو بایکۆتەش ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بوو، بەڵام ئێستاکە ماوەیەکە کە بارودۆخی عیراق گۆڕانکاری بەسەر داهات و کێشە و دابەشبوون لە ناو عیراق درووستبوو و لیستی عیراقیەو دەوڵەتی یاسا کێشەو گرفتەکانیان تەشەنەی کرد، هەموو ئەو هۆکارانەبوو وایکرد کە لیستی حەدبا ناچار بێت خۆی لە لیستی برایەتی نەینەوا نزیك بکاتەوە، جگە لەوەش هۆکاری تریش هەبوو لەوانە لە ناو خودی لیستی حەدبا دژی یەکتر کاریان دەکرد و خەڵکی عەرەبی ناو شاری نەینەوایش بوونە بەشێك و خەڵکی دەرەوەی شاریش بوونە بەشێکی تر، هاوکات لەماوەی ئەو سێ ساڵەدا کە سەرانی لیستی حەدبا سەردانی شارەکانی هەرێمی کوردستانیان دەکرت دیتیان لەم شارانە پێشکەوتنێکی جوان و زۆر هەیە و بۆیان دەرکەوت کە نەینەوا بەبێ هەماهەنگی هەرێمی کوردستان هیچ پێشکەوتن و گەشەکردنێك بەخۆیەوە نابینێت، بایکۆتەکەی لیستی برایەتی نەینەواش کاریگەری خۆی هەبوو و وایکرد خەڵکی ئەو ناوچانەی پارێزگای نەینەوا بایکۆتی ئیدارەی ناوخۆی شارەکە بکەن، هەر لەبەر ئەمەش بوو پارێزگاری نەینەوا نەیدەتوانی بچێتە شەنگار و زمار و باشیك و تلکێف و هیچ شوێنێك لەو ناوچە دابڕێنراوەکان، لە واقیعدا ئەو پارێزگایە ببووە دوو کەرت و دوو پارێزگا کە بەشێکی سەر بە نەینەوا بوو و بەشەکەی تریشی سەر بە لیستی برایەتی نەینەوا بوو. لەلایەکی تر تا ئەو کاتەی کە لیستی حەدبا خاوەنی عەقڵیەت و ئەجیندایەکی شۆڤینیانەبوو ئێمە وەکو لیستی برایەتی نەینەوا ملکەچ نەبووین، هەر بۆیە دەرئەنجام ناچارمان کردن چۆك دابدەن و بێنە سەر هێڵ کە هاتنە سەر هێڵ ئینجا کاتەکە گونجاوبوو کە لیستی برایەتی نەینەوا بگەرێتەوە، هەر چەندە من باوەرم بەو لێکنزیکبوونەوەیە نییە، چونکە سیاسەت تەنیا رەش و سپی نییە، بەڵکو لە سیاسەتە هێنان و بردن و توندکردن و هێورکردنەوەش هەیە، هەر بۆیە ئێستاکە بەرژەوەندییەکە وادەخوازێت کە لیستی برایەتی نەینەوا هەمانگی لەگەڵ بەشێکی



لیستی حەدبا بکات، لەبەر ئەوەی بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا لە لیستی حەدبا تا ئێساش هەر توندڕەوون، چونکە ئەو بەشە توندڕەووە دەڵێن: ((هیچ ناوچەیەك لە پارێزگای نەینەوا ناوچەی دابڕێنراو نییە و مادەی ١٤٠ پێویست ناکات)). ئێستاکە وەکو لیستی برایەتی بڕیارمانداوە بۆ ناو ئەنجومەنی پارێزگا بگەڕێینەوە، پاش گەڕانەوەی لیستی برایەتیش تا ئێستا پۆست بە ئەندامانی لیستی برایەتی نەینەوا نەدراوە و بڕیارە کە پۆستی یەك لە جێگری پارێزگاری نەینەوا بە لیستی برایەتی بدرێت و پێشتر داوای پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگامان دەکرد، بەڵام ئێستا بۆی هەیە لەسەر ئەمە گفتوگۆ بکرێت، چونکە ئەوان ئامادە نین پۆستی سەرۆکی ئەنجومەن بە کورد بدەن، بەڵکو دەیانەوێت پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن بە لیستی برایەتی بدەن و ئەو پۆست و کارانەش ڕوون و دیار نییە کەی دەکرێت و جێبەجێ دەبێت، بەڵام لە ئەنجامی گفتوگۆیەکانی نێوان لیستی برایەتی و حەدبا دەردەکەوێت. لەلایەکی تر کاتی هەڵبژاردنەکان نزیك بۆتەوە کە تەنیا(٧)مانگی ماوە و لەم ماوەیەشدا لە سیاسەت و بارودۆخی عیراق زۆر گۆڕانکاری ڕوودەدات بۆی هەیە جارێکی تر ئەو دوو لیستە لێك دووربکەونەوە لەبەر ئەوەی

**حکومەتی بەغدا دەیەوێت هێزی پێشمەرگە لە کەرکوك و موسڵ و ناوچە دابڕێنراوەکان نەمێنێت تاوەکو بەتەواوەتی کوردەکان کۆچ بکەن**

**بۆ ئەوەی ئایندەی ناوچە دابڕێنراوەکان ڕوون بێت پێویستە مادەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت**

مەرام و هەڕەشەی ئەوان بەردەوامە و دەیانەوێت ئەنجومەنی قەزای نەینەوا کوردی تێدا نەمینێت. لەلایەکی تردا ئەو هەڕەشەی کوشتن و شەهیدکردنی کوردەکان بەهیچ جۆرێك قابیلی قبوڵکردن نییە، ئەگەر هەر وا بەردەوام بێت، بۆی هەیە دووبارە کێشە لە نێوان لیستی برایەتی و حەدبا درووست ببێتەوە.

### ئیدارەی سەربەخۆ

سەبارەت بەوەی لە ناوچە دابڕینراوەکانی پارێزگای نەینەوا بۆچی حکومەتی هەرێم پارێزگایەك یا ئیدارەیەکی سەربەخۆی دانەمەزراندووە خەسرۆ گۆران وتی: دامەزراندنی ئیدارە پێداویستی و تایبەتمەندی خۆی دەوێت، دەبێت بودجەیەکی زۆرو تایبەت و ساڵانە بۆ ئەو ناوچانەیە دابین بکرێت و دەبێت لەگەڵ بەغدا بۆ دامەزراندنی ئیدارە ڕێك بکەون، گەرچی دەزانین بارودۆخی سیاسی باش و لەبارنییە تاوەکو ئێمە لەگەڵیان ڕێك بکەوین، واتە کێشەی سەرەکی جێبەجێ نەکردنی مادەی ١٤٠دەستوورە، ئەگەر ئەو مادەیە جێبەجێکرا ئەوە ڕاستەوخۆ کێشەی ئەو ناوچانە چارەسەر دەبێت، کاتێك کە من لە نەینەوا سەرۆکی لیستی برایەتی بووم لە سەرکردایەتی سیاسی هەردوولا پارتی و یەکێتی داوامکرد کە بایەخ بە ناوچە دابڕینراوەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا بدەن و نابێت فەرامۆش بکرێن، چونکە ئەو ناوچە دابڕێنراوانە بۆ کورد زۆر گرنگە، هاوکات ئەو کات داوامانکرد بودجەیەکی تایبەت و ساڵانە بۆ ئەو ناوچانە دابین بکرێت و لەسەر ئەو پێشنیارە لە کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی هەردوولا پارتی و یەکێتی کە منیش تێیدا بەشداربووم باس لە دابینکردنی ئەو بودجەیەکرا و هەردوولا واژوویانکرد کە داوا لە حکومەتی هەرێم بکرێت بو دابینکردنی ئەو بودجەیە بۆ ناوچە دابڕێنراوەکانی سنووری پارێزگای نەینەوا، ئێستاکە نازانم ئەو پێشنیارو بڕیارە بەچی گەیشتووە.

### کەموکوڕی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان

لە تەوەرەیەکی تردا سەبارەت بە کێشە و کەموکوڕی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەم ناوچانەدا خەسرۆ گۆران وتی: لەبەر ئەوەی ئەم ناوچانە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە هەرێمی کوردستان نین، بۆیە وەکو شارو شارۆچکەو ناوچەو سنوورەکانی تری هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بایەخی پێنەدراوە، لەلایەکی تریش هۆکاری خراپی ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە بۆ خراپی بارودۆخی هەموو عیراق و ئەو ناوچانەش و وەکو قەزاکانی تری نەینەوا بارودۆخیان بە تایبەتی لە بوارەکانی خزمەتگوزاری خراپە، حکومەتی هەرێم لە ناوچە دابڕێنراوەکان هەندێ پرۆژەی

**تا ئێساش بەشێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ لە لیستی حەدبا هەر توندڕەوون و باوەڕیان بە ناوچەی دابڕێنراوەکان نییە**



بچوك بچوكی كردووە، بەڵام ئەو پرۆژانە كەموكوڕی ئەو ناوچانە چارەسەر ناكات و لە هەندێ شوێن وەكو زمارو شەنگار كێشەی ئاویان هەیە و بەتانكەر ئاو بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەكرێت، لە هەندێ شوێنی تر كێشەی كەمی كارەبایان هەیە و ڕۆژانە ٨تا٩كاتژمێر كارەبایان بۆ دابینكراوە، هاوكات لە بوارەكانی پەروەردەو خوێندنی كوردی و تەندرووستی و تاپۆی خانوو و زەویوزارو موڵكداری و زۆربەی خزمەتگوزاریەكانی تر كێشەو گرفتی زۆرو بەرچاویان هەیە، بۆیە دووبارەو تەئكیدی دەكەمەوە كە ئەو ناوچانە پێویستیان بە پارێزگایەك یا ئیدارەیەكی سەربەخۆ هەیە كە بۆ ماوەی ١٠ ساڵ بەردەوام كار بكات تاوەكو كێشەكانیان بە تەواوی چارەسەرو بنبڕ دەكات، ئەگەر بارودۆخەكە بەم شێوەیەی ئێستاكە بڕوات و بایەخ بەم ناوچانە نەدەین وەكو باسمكرد كە سەركردایەتی خۆمانم لێ ئاگادار كردۆتەوە ئەوە وەكو كورد زیانێكی زۆر دەكەین بەتایبەتی لە دوو ڕووەوەی هەڵبژاردنەكان و لە هەر ڕیفراندۆمێك لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە بكرێت، چونكە لە هەقیقەتدا خەڵكی ئەو ناوچانە زۆر بەهێزو ئیرادەبوون و بەرگرییەكی زۆری بارودۆخەكە و كەمی و كێشە خزمەتگوزارییەكانیان كردووە، سەرەڕای هەموو ئەوانە پرۆسەی بەعەرەبكردن و هەڕەشەی دوژمنان هەر بەردەوامە.

**كێشەی ئێمە لەگەڵ لیستی حەدبا سیاسیەو چارەسەرەكەشی بەستراوەتەوە بەبارودۆخی سیاسی عێراقەوە**

**پاش گەڕانەوەی لیستی برایەتی نەینەوا بۆ ناو ئەنجومەنی پارێزگاش هیچ پۆستێكیان پێنەدراوە**

### بارودۆخەكە خراپتر دەبێت

سەبارەت بە خراپی بارودۆخی عیراق كە چەند كاریگەری لەسەر ئەو ناوچە دابڕینراوانە هەیە خەسرۆ گۆران وتی: بارودۆخی سیاسی عیراق زۆر خراپ و مەترسیدارە بۆیە ئەو بارودۆخە خراپە كاریگەری زۆری لەسەر ئەو هەڵبژاردنانە دەبێت كە بڕیارە ئەنجام بدرێت و بارودۆخەكە وابڕوات ئەستەمە هەڵبژاردن بكرێت و چۆن دەتوانرێت لە بارودۆخێكی وا ناخۆش پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردن پیادە بكرێت، هەروەها ئەو كێشەی لەنێوان هەولێرو بەغدا هەیە بەشی هەرە زۆری كێشەی ناوچە دابڕێنراوەكانە بەگشتی و مادەی ١٤٠ و پارێزگای كەركوكە، بۆیە لێرەدا دەڵێم ئەگەر دەرگای گفتوگۆی نێوان هەولێر و بەغدا نەكرێتەوە ئەوە بارودۆخەكە بەرەو خراپتر دەڕوات، گەرچی دەبێت ئێمە گەشبین بین و بەشێوەیەك لە شێوەكان دەرگای گفتوگۆ بۆ چارەسەركردنی كێشەكان و ئایندەی ئەو ناوچانە بكرێتەوە، دەبێت مادەی ١٤٠ بە شێوەیەك لە شێوەكان جێبەجێ بكرێت، ئەگەر وەكو ئەوەی لە دەستووریش هاتووە جێبەجێ نەكرێت، تاوەكو ئایندەی ئەو ناوچانە دیاربێت و خەڵكەكە بزانن سەر بە چ پارێزگاو شوێنێكن.

### هەڕەشەی تیرۆریستان لە نەینەوا بەرامبەر بە كورد هەر بەردەوامە

هەروەها لە تەوەرەیەكی تردا خەسرۆ گۆران وتی: حكومەتی عیراق دەیەوێت هێزی پێشمەرگە لە كەركوك و نەینەوا و ناوچە دابڕینراوەكان نەمێنێت و هەوڵدەدات سوپا و سەربازی عیراقی بێنێتە ئەو شارو ناوچانە و چەندین جار لە خانەقین و نەینەوا و شوێنی تریش سوپای عیراق هەوڵیداوە و هێرشی هێناوە كە پێشمەرگە لەو ناوچەو شوێنانە دەربكات و خۆیان بێنە جێگایان، بەڵام نەیانتوانی و لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە كۆنترۆڵی ئەو هێرش و بارودۆخانە كرا، هەر ئەمەش بوو وایكرد كە ئەمریكیەكان بیر بكەنەوە كە بەدەیەها بازگەی هاوبەشی سێ قۆڵی لەو ناوچانە هەر لە شەنگار تا مەخمور دابنێن. لەلایەكی تر لەو قەزاو ناحیەو شوێنانەی كە هێزی پێشمەرگەی تێدایە و لەكاتێكدا پێشمەرگە لەو ناوچانە نەمێنێت ئەوە كوردەكان لەبەر هەڕەشەی تیرۆریستان و شۆڤینیەكان كۆچ دەكەن و شوێنەكانیشیان بەعەرەب دەكرێن، هاوكات مەسیحیەكان ئەو ناوچانەو ناو نەینەوایش بەدەرنەبوون لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو هەڕەشەو كوشتنانەی كە دەرهەق بە خەڵكی هەژارو سیڤیل كراوە، هەر لەبەر هەڕەشە و تیرۆریستان نزیكەی یەك لەسەر سێی مەسیحیەكانی ناو نەینەوا ڕایانكردووە بۆ كەرمەلە و قەرەقۆش و تەلكێف و بەرتلە و هەندێكیان هاتوونەتە هەولێرو عەنكاوەو دهۆك و شەقڵاوە و مەسیحیەكانی نەینەوا لەچاو كوردەكان زۆر كەم ڕووبەڕووی هەڕەشە و كوشتن بوونەوە.

**ناوچە دابڕێنراوەكانی وەكو زمارو شەنگار تا ئێستاكەش بەتانكەر ئاویان بەسەر دابەش دەكرێت**

# بەرەو دامەزراندنی ئەنجومەنی ستراتیژیی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا



عەبدولڕەحمان سدیق

**بنەمای ئابووریی و سیاسیی هەرێمی کوردستان زۆر یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی کرانەوەو ئاشتەوایی و بنیاتنانی ئایندەیەکی گەش، چونکە هەرێمی کوردستان لەگشت لایەنەکانی دیکەی عێراق زیاتر بەرگریی لەدەستووری پەسەندکراوی عێراق دەکات**

لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتــدا، تورکیا زیاتر بایەخی شوێن و پێگەی هەرێمی کوردستانی بۆ دەردەکەوێت و، ئەوەیشـــی بۆ دەردەکەوێت کە هەرێمی کوردستان وەك بەشـــێکی خاوەن تایبەتمەندێتیی لەم عێراقەدا، لەتوانایدایە یاریزانێکی سیاسیی کارا بێت و، دەستیشی هەبێت لە دروســـتکردنی بەشێکی ئەو ئایندەیەی کە نەخشەی بۆدەکێشرێت لەناوچەکەدا، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە سەروەریی و پاراستنی تایبەتمەندییەکانی یەکدی، بەو پێیەی بنەمای ئابووریی و سیاســـیی هەرێمی کوردســـتان زۆر یارمەتیدەرە بۆ سەرکەوتنی سیاســـەتی کرانـــەوەو ئاشـــتەوایی و بنیاتنانـــی ئایندەیەکـــی گـــەش، چونکە هەرێمی کوردســـتان لەگشـــت لایەنەکانی دیکەی عێراق زیاتر بەرگریی لەدەستووری پەســـەندکراوی عێراق دەکات کە زیاتر لە ســـەدا هەشـــتای خەڵکی عێراق دەنگیان بۆداوە، خاڵی ســـەرەکی کۆکردنەوەی عێراقییەکانەو، تەنیا دەستووریش زامنی ئەوەیە هەرێمی کوردستان بتوانێت ســـەرچاوەکانی وزە بـــۆ خۆشـــگوزەرانیی خۆی و دراوسێکانیی و ئاشتیی جیهانیی بەکاریهێنێت، ئەمە جگە ئەزموونی سەرکەوتووی هەرێمی کوردستانیش، کەتیایدا تـــەواوی نەتەوەو خـــاوەن ئایینەکان مافی هاووڵاتیبوونـــی تەواویان هەیە، هەر ئەم ئەزموونەش هۆکارێکە بۆ بەرقەراربوونی ئاسایش و پێکەوەژیانی ئاشـــتییانەی ناوخۆیی لەگشـــت ئـــەو وڵاتانەی کەکوردیان تێدا دەژی .

سوپاس بۆ خوا، ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان ئارامترین ناوچەکانی عێراقەو، بۆ تورکیاش زۆر گرنگە کە لە دراوســـێیەتی لەگەڵ عێراقدا، دراوسێی ناوچە ئارام و سەقامگیرەکەیەتی، هەرێمی کوردستانیش لەرووی ئابوورییـــەوە دەروازەی ســـەرەکی تورکیایە بۆکاری وەبەرهێنان لەعێراقدا، ئەمە جگە لەمێژووی هاوبەش وئایین و ڕۆڵی جوگرافیا لە دراوسێیەتی هەمیشەیی و نەفەســـی مەدەنییانـــەی خەڵـــك و حکومەتـــی هەرێم، کرانەوە بە ڕووی پێشـــکەوتنی تەکنەلۆژیی و خۆدوورگرتن لـــە توندڕەویی ئاینیی و نەتەوەیی، هۆکاری دیکەی بەهێزن بۆ سەرخســـتنی پرۆسەی بنیاتنانی ئایندە.

لێرەوەشـــە کە کورد لە هەرێمی کوردســـتاندا بۆ ئایندەیەکی گەش و هیوابەخش کاردەکات لەپێناوی گەرەنتییەکـــی دەســـتووری بۆپارێزگاریـــی کردن لە دەســـتکەوتە دیموکراســـییەکانی گەلانی عێراق بەگشتیی، پارێزگاریکردن لەعێراقێکی دیموکراسیی فیدراڵیی پەرلەمانیی فرەیی یەکگرتوو، بەمەبەستی بەشداریکردن وەك شـــەریك و هاوبەشێکی سەرەکیی لەدروستکردنی بڕیاری سیاسیی عێراقیدا، حەزکردن بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد لەهەرشوێنیکی دنیادا بەرێگەچارەی ئاشتییانە، لەچوارچێوەی ئەو وڵاتانەی کەتێیدا دەژین و، پیادەکردنی سیاسەتی واقیعبینانە، لەســـنووری یاســـاو پرەنســـیپە نێودەوڵەتییـــەکان، خۆدوورگرتـــن لەدەســـتوەردان لەکاروباری نێوخۆی وڵاتانی دراوسێ.

هەرێمی کوردســـتان هەمیشـــە لای بـــاش بووە کەکێشەی کورد لەتورکیا بەخێرایی و بەرێگەچارەی ئاشتییانە بێتە چارەسەر کردن، چونکە بەردەوام بوونی ئەم کێشەیە زیانێکی زۆر بەدوای خۆیدا دێنێت.

هەروەها هەرێمی کوردســـتان ئەوساو ئێستاش پێی باشـــە کەکوردانی باکوور هەڵوێســـت و تواناکانیان لەچوارچێـــوەی خەباتـــی سیاســـیی و مەدەنیی و پەرلەمانیی کۆبکەنەوەو، زۆرێك لەمافەکانی کوردیش لەدەستووری ئایندەی تورکیادا جێگیر بکەن و، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دۆستی زیاتر بۆ دۆزی ڕەوای کورد لەتورکیادا، دابین بکەن.

لەبەر هەموو ئەمانەو خاڵی دیکەش زۆر گرنگە کە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردســـتان و تورکیا لە ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە ببرێتە ئاستی دامەزراندنی ئەنجومەنی ســـتراتیژیی نێوان هـــەردوولا، چونکە دراوســـێیەتی هەمیشـــەیی لـــەڕووی جوگرافیاوە، پێوەندیی هەمیشەیی دەخوازێت لەڕووی سیاسییەوە.